**ديمانه ...**

# دیمانە

ئەدەب، شێعر، ڕەخنە، هزر، ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی
ڕوانگەی چەند شاعێر، نووسەر، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس

**ئامادەکردن: عادڵ محەمەدپوور**

پیتچنی و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان: نووسەر
دیزاینی ڕووبەرگ: ئەوینداران

**چاپەمەنیی ئەوین**

چاپی یەکەم، ١٠٠٠ **دانە**، **١٣٩٦**، مەریوان
شابەک: ٩٧٨-٦٠٠-٨١٦٧-٥٣-٨

**انتشارات ئەوین:** مریوان، انتهای خیابان مردوخ
٠٨٧٣٤٥٢٦٦٦٤ -٠٩١٨١٧٣٠٣٣٤
www.awinbook.com

**قیمەت: ١٠٠٠٠ تمەن**

# دیمانە

## ئەدەب، شێعر، ڕەخنە، هزر، ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی
## ڕوانگەی چەند شاعێر، نووسەر، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس


ئامادەکردن:

عادڵ محەمەدپوور

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | محمدپور، عادل، ۱۳۳۶ - ، مصاحبه‌گر |
| عنوان و نام پدیدآور | : | دیمانه، عادل محمدپور. |
| مشخصات نشر | : | مریوان: ئه‌وین، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری | : | ۱۸۶ ص.: مصور |
| شابک | : | ۹۷۸-۶۰۰-۸۱۶۷-۳۵-۸ |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | نویسندگان ایرانی -- قرن ۱۴ -- مصاحبه‌ها |
| موضوع | : | Authors, Iranian -- ۲۰th century -- Interviews |
| موضوع | : | نویسندگان کرد -- ایران -- قرن ۱۴ -- مصاحبه‌ها |
| موضوع | : | Authors, Kurdish -- Iran -- ۲۰th century -- Interviews |
| موضوع | : | روزنامه‌نگاران ایرانی -- قرن ۱۴ -- مصاحبه‌ها |
| موضوع | : | Journalists-- Iran -- ۲۰th century -- Interviews |
| شناسه افزوده | : | درویشیان، علی‌اشرف، ۱۳۲۰ - ، مصاحبه‌شونده |
| رده بندی کنگره | : | PIR۳۵۳۰ ۱۳۹۵ ۹د۳۳م |
| رده بندی دیویی | : | ۸فا۰/۹۰۶۲ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۴۲۷۹۴۴۳ |

## پێڕست:


❖ بەشی کوردی

❖ وتووێژ لە گەڵ  کاکە حەمەی مەلا کەریم دیمانە: عادڵ محەمەدپوور.........................-۱۲-۷

❖ دیمانە لە گەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشیان چیرۆک نووس، نووسەر و ... سازکردنی: عادڵ محەمەدپوور..............................-۱۹-۱۳

❖ دەمێک لە گەڵ سەی عەلی ساڵحی شاعێری ناسراوی هاوچەرخی ئێران سازدان: کوورش هەمەخانی...........................................-۳۳-۲۰

❖ پەیڤێک لە گەڵ مەنوچێهر ئاتەشی شاعێری ناسراوی هاوچەرخی ئێران هەڤپەیڤین: عادڵ محەمەدپوور..........................................-٤٦-۳٤

❖ وتووێژ لە گەڵ عەلی دەسماڵی شاعێر، نووسەر و ڕۆژنامە نووس هەڤپەیڤین: عادڵ محمەدپوور.........................................-۷۲-٤۷

❖ دیمانەیەک لە گەڵ شاعێر و نووسەری کۆچکردوو زیندوو یاد موزەفەر یۆسفی هەڤپەیڤین: عادڵ محەمەدپوور.........................................-۸۲-۷۳

❖ وتووێژ لە گەڵ د. مەسعوود بینندە، مامۆستای زانکۆ، نووسەر و رۆژنامەوان

هەڤپەیڤین: عادڵ محەمەدپوور.........................................-٩٢-
٨٣

❖ هەڤپەیڤین لەگەڵ عادڵ محەمەدپوور نووسەر و ڕۆژنامەنووس
ئامادە و سازدانی: عەلی دەسماڵی.........................................-١٠٩-
٩٣

❖ پەیڤێک لە گەڵ عادل محەمەدپوور نووسەر، لیکۆڵەر و بەرپرسی زرێبار
سازدان: ڕەوشت محەمەد و سەلاح سالار.........................................-١١٦-
١١٠

❖ دیمانە لە گەڵ عادڵ محەمەدپوور نووسەر، بەرپرسی گۆڤاری زرێبار
سازدان: شەریف فەلاح .........................................-١٢٤-
١١٧

❖ زمان، ئەدەب، ڕۆژنامەگەری و ئەرکی هەنووکەیی لە گەڵ عادڵ محەمەدپوور
هەڤپەیڤین: زیندوویاد موزەفەریۆسفی.........................................-١٢٨-
١٢٥

❖ زمان، ئاخێزگەی هونەری شێعر؛ دیمانە لە گەڵ عادڵ محەمەدپوور
ئامادە کردن و سازدان: موزەفەر یۆسفی.........................................-١٣٥-
١٢٩

❖ لە گەڵ نووسەر و لێکۆڵەر عادڵ محەمەدپوور
هەڤپەیڤین: هاشم عەلی وەیسی، ڕۆژنامەنووس هاوکاری گۆڤاری ڕامان........١٥٣-١٣٦

■ بخش فارسی

❖ با دکتر قطب الدین سادقی، نویسنده، کارگردان و استاد دانشگاه
گفتگو کننده: عادل محمدپور............................................ ۱٦۳-
۱۵۵

# وت و وێژ لە گەڵ کاک محەمەدی مەلا کەریم[١]

## دیمانە: عادڵ محەمەدپوور

سەرەتا ...

لە نێو خوێنەران و ئۆگرانی ئەدەبی ڕەسەن و وشەی پاراوی کوردی بگرە بەدەگمەن بین کەسانێک کە ئاشنای بنەماڵەی مامۆستا "مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس" نەبێتن و تەزووی تینوویەتی و تاسەمەندیان بە چوڕاوەی قەڵەمی "ماموستا" سێراو نەبووبێت. "کاکە حەمە" هەر لە منداڵیەوە لە ژێر چاودێری و ڕکێفی بیری و زانستی باوکیەوە پەروەردە دەکرێ. پاش تەواو کردنی خوێندنی حوجرە و فەقیەتی وەک خۆی وتەنی: *"شەیدای سیاسەت و ڕۆژنامەنگاری دەبێ و ڕێی دەکەوێتە بەندیخانە."* بەئاشنایەتی لەگەڵ کەسایەتی مامۆستا گورانی بلیمەت خۆی لەگەڵ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و پاکژکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیک بە تەرازووی ڕەخنە و شیکاریی نوێ ماندوو دەکات و هێشتاش بێ وچان و لێبڕاو خەریکی هەمانی ئەدەبی و فیکری و ڕۆشنبیریە.

لە جۆزەردانی ئەمساڵ (١٣٧٩ی ک.ه)[٢] لە بەغدا هاتبووە بۆ سلێمانی و بە خوێندنەوەی وتارێکی بە پێز بەشداری کۆنگرەی مەولەوی کردبوو. ئەگەرچی کات و دەرفەت بۆ ئەو بەڕێزە تەنگ و لەنگ بوو و نەمانتوانی هەل بۆ دیمانەیەکی بەرفراوان

[١] - مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم، نووسەر، لێکۆڵەر، ڕەخنەڤان و وەرگێڕی مەزنی کورد لە ساڵێ (١٤-٨-١٩٣١ز) لە شارۆچکەی بیارێ لە دایک بوە و لە (٢٢-١٢-٩٥ ک.ه) لە تەمەنی (٨٦) ساڵیدا لە سلێمانی کۆچێ دوایی کردوە.

[٢] - واتە (١٧) ساڵ پێش لە ئێستا کە بە تەماین ئەم وتووێژە بۆ دوو تۆی کتێبێک بە ناو دیمانە ئامادە بکەین

بڕەخسێنین، بەڵام لە دانیشتنێکی سەرپێیێ ناو هۆتێل هەڵمان بۆ ڕەخسا و پاش ناساندنی خۆم و گۆڤاری زرێبار و شارەکەی دوانزە سوارە بەڕوی گەشەوە بزەی ڕەزایەت نیشتە سەر لێوانی و چەن پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزیان کرد کە بەرهەمەکەی ئەم پەیڤە بەنرخەیە. وێڕای داوای لێبوردن بۆ دواکەوتنی بڵاوکردنەوەی. لەم ژمارەیەدا ئەیخەینە بەر دیدەی خوێنەران هیوادارین سوودی لێبەرن.

بەرپرسی زرێبار / سەرماوەزی (١٣٧٩) کۆچی هەتاوی

.................................................

عادڵ م: ماموستا گیان وێرای سڵاو و ڕێز لەزمانی خۆتەوە ئەمانەوێ کورتەیەک باسی ژیانی ئەدەبی و زانستی خۆتمان بۆ بکەیت.

کاکە حەمە: برادەر! من لە حوجرەی فەقێ خوێندومە. خوێندنی مەلایەتیم تەواو کردوە لە پاشان کە خوێندنی مەلایەتیم تەقریبەن بە ساڵی میلادی لە (١٩٥٤)دا تەواو کردوە لەو فەترەی ئاخری خوێندنی حوجرەما سەرم پێچرا بە سیاسەت و بە ڕۆژنامەنگاریەوە لەبەر ئەوە لە جیهانی مەلایەتی و فەقێیەتی دوور کەوتمەوە و ڕێم کەوتە حەپسخانە و ئیتر لەو ڕێگاوە ڕێم بۆ ئەدەبیاتیش کرایەوە. پاش ئازاد بوونم لە حەپسخانە لە (١٩٥٧)، پێشنەهادم کرد بە باوکم کە خەریکی دیوانی مەولەوی ببین و خۆیشم خەریکی دیوانی گۆران ئەبم. گۆرانیش لەو وەختەدا لە حەپسا بوو من بۆ خۆم دەستم کرد بە کۆکردنەوەی شێعری گۆران و پێشتریش کۆم ئەکردەوە. بە ڕاستی چونکە لە گەلیا لە رۆژنامەی "ژین" ئیشم کردبوو لەگەڵ باوکیشم دەسمان کرد بەوە بە لێکدانەوەی مەولەوی باوکم مەعناکانی ئەوت و من ئەمنوسیەوە. باوکم وەختێ خۆی تەبعەن لە مەولەوی دوو سێ نوسخەی نوسیبوەوە ئارەزوویەکی زۆری لە مەولەوی پەیا کردبوو. لەو ساڵی (١٩٥٧، ١٩٥٨)دا پێش ئینقلاب یانێ پێش شۆڕشی چواردەی تەمووزی عێراق، باوکم شەرحی مەولەوی تەواو کرد. دوای

شۆڕش بە حدودی ساڵێ منیش دەسم کرد بە پاکنووسی کردن و ئامادەم کرد بۆ چاپ و چاپمان کرد. ئەوە سەرەتای ژیانی ئەدەبی من بوو.

لە هەمان کاتا ئیتر لە ڕۆژنامە عەرەبیەکانا و کوردیەکانا مەسایلی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمانەم ئەنووسی. هەر لەو فەترەدا کتێبێکم نووسی لە سەر "حاجی قادری کۆیی" لە(١٩٥٧)دا بەناوی "حاجی قادری کۆیی" شاعێری قۆناغیکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد. شێعری حاجی قادرم پێشتر نەدیبوو کە دیم زۆرم لە لا پەسەند بوو. زۆر بەلامەوە تازەکار و ئازادیخواز بوو. ئەوکتێبەم لەسەری نووسی و لە (١٩٦٠) دا لە چاپم دا. ئیتر سەرلە نوێ دوای (١٩٦٣، ١٩٦٤) ڕێگەم کەوتەوە حەپسخانە دوو سێ ساڵیترم تیا بەسەر برد. لە پاشان کە هاتمە دەرەوە لە (١٩٦٧) لە ڕۆژنامەی ...! ئیشم کرد لە ڕۆژنامەی[٣] ...کە کارم کرد لە هەمان کاتا خەریکی ئەدەبیش ئەبووم، دیوانی بێکەسم چاپ کرد. کتێبێکی فارسی بە ناوی "نورالانوار در کرامات " سیدعبدالصمد توداری" بەعزێ مەسایلی کوردی تیا بوو ئەوانەم لێ دەرهێنا کردم بە کوردی و لە چاپم دا و بڵاوم کردەوە. ئابەو جۆرە لە پاشانا کۆڕی زانیاری کورد دامەزرا منیش لە کۆڕ تەعین کرام. لە کۆڕی زانیاریش خەریکی ئەدەبیات بووم و پیچراین بە نالی و مەحوی و ئەمانەوە کە باوکم شەرحی ئەکرد و فاتێح لە گەلیا موساعیدەی ئەکرد و من پیا ئەچومەوە بە تایبەت مەحوییەکە بە هەردووکمان کردمان (من و باوکم) ئابەو دیوانە ئێستاش کە هەر ئەوەندە کە لە توانام بێ پێم بکرێ هەر بەردەوامم لە کاری ئەدەبیدا.

عادڵ م: ئیستا ژینگەت لە کوێیە و خەریکی چ کارێکی فەرهەنگی ئەدەبیت؟

من لە بەغدا ئەژیم ئێستە، لە ماڵی خۆم دانیشتووم لە بەغدا خانەنشینم بە حیساب بەڵام خەریکی نووسین و خوێندنەوە و ئەوانەم. حاڵی حازر مەشغولم بە ئامادەکردنی

---

[٣]- بە داخەوە لە دووسێ شوێندا کاتێک دەقی دیمانەکانمان لە ڕووی نەوار دابەزاند ناوی ئەو دوو ڕۆژنامەمانە بە تەواوی نەزانی و جێگا خاڵیمان بۆ دانا/ زرێبار

بەرگی یەکەمی تەفسیرێکی تازەی قورئانی پیرۆزەوە کە باوکم دایناوەو ناوی ناوە " خولاسەی تەفسیری نامی " یەعنی تەفسیرە کۆنەکەیەتی کورتی کردوەتەوە.
عادڵ م: پتر قۆناغی تایبەتی جەنابت لە چ کارێکدایە تەخەسۆستان لە چیایە بفەرموون؟
کاکە حەمە: وەکو عەرزم کردی قۆناغێکی تایبەتی تەخەسۆسیم نەبوە. من خوێندنی حوجرەم خوێندوە ئەگەر ڕێک ڕەوتی خۆم نەگۆڕیایە ئەبو مەلایە بوومایە وەکو ئەومەلایانە و مومکین بوو مەلایەکی باشیشم لێ دەر بچوایێ چونکوو فەقێیەکی زیرەک بووم بە حێسابی ئەو زەمانە.
بەڵام لە پاشانا کە ئەو ڕێگەیەم گۆڕی کەوتمە سەر ڕێگای ڕۆژنامەنگاری و ڕێگای سیاسەت. زیاتر لە مەسایلی سیاسیا نوسیومە لە مەسایلی ئەدەبیا زۆرتر نووسیومە وتارم لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانا بڵاو کردوەتەوە ئیسەیش هەر خەریکم وتار لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی بەغدادا و جاروبار لە هینەکانی کوردستانیشا بڵاو ئەکەمەوە.
عادڵ م: مامۆستا بیروڕات بەرانبەر بە زمانی یەکگرتوو چیە؟
کاکە حەمە: من لام وایە یەکگرتوو کەس بە زۆر ناتوانێ فەرزی کا مەربووتە بەو زەرفەوە ئەو میللەتەی خاوەن زمانە بەسەریا ئەڕۆن من وای بۆ ئەچم لە پاشە ڕۆژێکی نزیکا لای کەمی دوو شێوە زمانی بۆ ئەبێ بە زمانی کوردی ئەگەر لە پاشا یەک بگرن یا یەک نەگرن. دووانی سەرەکی.
عادڵ م: ببەخشە ئێستا لەم بارودۆخەدا ئیمە زمانی یەکگرتوومان نیە؟
کاکە حەمە: ئەلعان دوو زمانی نیمچە یەکگرتوومان هەیە یەکێکیان زۆرتر یەکێکیان کەمتر.لە کوردستانی عەراقا لە ناوچەی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر لەهجەی دیالێکتی کرمانجی خواروو هەیە ئەوە پێشکەوتوە و ئەڕوا. لە ناوچەی بادینانیش دیالێکتی کرمانجی سەروو هەیە کە بادینانیە. تەبعەن ئەم دوو دیالێکتە هەر یەکێ وردە لقی زۆری لێ ئەبێتەوە بەڵام زۆر لە وردە لقەکانیشیان ئەنووسرێن. یەعنی هێشتا تا ئێستا ئەوە نیە بە یەک نەوع بنووسرێ ئیسە کتێب هەیە ئەبینی نووسراوە

به لەهجەی خەڵکی کۆیە بە لەهجەی خەڵکی هەولێر بە لەهجەی خەڵکی سلێمانی بە لەهجەی خەڵکی شوێنانیتر. هەروەها لە بادینانیشا بەڵام سەرکیەکانیان ئەو دوو لەهجەیە هەر دووکیان چاپیان پێ هەیە بەڵام کتێبی مەکتەبەکانی کوردستانی عێراق هەمووی بە لەهجەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە یەعنی بە لەهجەی سلێمانیە کە کرمانجیی خوارووە. لام وایە لە موستەقبلا ئێمە دوو لەهجە زمانمان لای کەمی ئەبێ و بە لامەوە یەکگرتنیشی کە ببین بە خاوەنی یەک دیالێکتێ بۆ خوێندن و نووسیین وەختێکی زۆری ئەوێ ئەوە. ناحیەی شکڵەو کە ئەو شێوەیەی تیا بەکار ببرێت. چوونکە هەر زمانێک شێوە و مەزمونی خۆی هەیە.
عادڵ م: بۆچوونت لە بارەی پێوەندی فەرهەنگی ئەدەبی کوردەکان بە تایبەت کوردی ئێران و ئێراق چیە؟
کاکە حەمە: بەلامەوە پێویستە کوردی هەموو لایەک نەک تەنیا ئێران و ئێراق، کوردی ئێراق و تۆرکیە، کوردی ئێران و تۆرکیە، کوردی ئێراق و سوریە، ئێران و سوریە، هەموو بەشەکانی میللەتی کورد بەلامەوە زەروریە کە هەموو جۆرە پێوەندیەکیان هەبێ. یەکتری بناسن، چارەسەری حاڵی خۆیان بن. بە تایبە پێوەندی ڕۆشنبیریان هەبێ، کتێب ئاڵ و گۆڕ بکەن. ئاگایان لە بەرهەم و نووسینی هەر لایەک هەبێ، ئەمە هەنگاوێکی پیرۆز و هەنگاوێکە بەرەو یەکگرتنی دوارۆژی کورد.
عادڵ م: هورامی چە پلە و پایەیەکی هەیە لە نێوان زمانی کوردیدا؟
کاکە حەمە: من مەعلووماتم نیە کە بزانم ئاخۆ زاراوەی هەورامی یا گۆرانی کە لەو واسێعترە. ئەمە لە وەختی خۆیا چۆن بوە و عەلاقەی لە چە شکڵێکەوە هەبوە لە گەڵ لەهجەکانیتری کوردی و ئەمانە، ئەو تەفسیراتە نازانم، ئەوە چوونکوو ئیشی زانایانی موتەخەسێسە و من شتێکم بە ڕاستی لەو بارەوە نەخوێندوەتەوە و وایش تێئەگەم ئەوەیش کە نووسرابێ تا ئێستە نەگەیشتوەتە ئەوە کە ببێ بە ڕاستیەکی سەلمێنراو و چەسپێندراو کە کەس نەتوانێ موناقەشەی بکا. بەڵام یەک ڕاستی هەیە کە من بەلامەوە لە هەمووی مۆهێمترە کە ئەوەتە هەورامییەک نیە خۆی بە کورد نەزانێ، هەورامان خۆیان هەموو بە کورد ئەزانن یا وەکوو چۆن لەهجەیەکیتر خۆیان بە کورد

ئەزانن. لە ئەنجامی ئەمەدا دیارەکوردن. بێ گومان زاراوەی هەورامی یا خۆ بە واتەیەکیتر، واسێعتر بڵێین، گۆرانی، دیالێکتێکی دۆڵەمەندە، ئەدەبیاتێکی زۆر بەم زاراوەیە نووسراوە و من ئاواتی ئەوەمە کەسانێ پەیدا ببن کە فەرهەنگێکی بەربڵاوی باش بۆ زاراوەی گۆرانی بنووسن. موفرەداتەکانی بنووسن چ بە گۆرانی -کوردی یەعنی (گۆرانی و کرمانجی خواروو) یا بە گۆرانی و فارسی. ئەمە بووە بە تایبەتی تا وەکوو ئەو پیاوە پیر و زانا و مەلایانەی ئەهلی حەق ماون، ئەمە زەروریە بنووسرێ. هەروەها کتێب یا چەند کتێبێ بنووسرێ لە بارەی ڕێزمان و قەواعێدی لەهجەی هەورامیەوە، زەروریە بنووسرێ. زەرووریە دەرسی لەهجەی هەورامی لە دانشگاکانی کوردستانا بخوێنرێ و ئەهەمیەتێکی تایبەی پێ بدرێ بەم لەهجەیە چوونکێ سەروەتێکی زۆر گەورەمان لە شێعر و ئەدەبیات هەیە بەم لەهجەیە.

عادڵ م: ئایا گۆڤاری زرێبار دەگاتە دەستت؟ بیر و ڕات چیە لە بارەی ئەو گۆڤارە و چ پەندێکت بۆمان هەیە؟

کاکە حەمە: بێ گومان زانیبووم گۆڤاری زرێبار دەر ئەچێ بەڵام تا ئەم سەفەرە کە ئەمجار کە هاتوم بۆ سلێمانی گۆڤاری زرێبارم نەدیبوو. خۆشبەختانە برادەرانی بەرپرسی نووسینی زرێبار چەند نوسخەیێ سەرەتایی یەعنی تا ژمارە (٨ و ٧)ی گۆڤارەکەیەن دامێ و زۆر پێی خۆشحاڵ بووم. بێ گومان هێشتا بۆم نەکراوە بیخوێنمەوە بەڵام چاوێکم بە سەر وتارەکانی هەمویاندا گێڕاوە، بەلامەوە زۆر دەوڵەمەندن، زۆر بە پێزن، زۆر باشن. تێکڕا من لایشم وایە ئەو کوردیەی کە برادەرانی کوردی ئەودیو ئەینووسن، کوردیەکی زۆر جوان و پوختە. چوونکی وەزعەکە وایە یەعنی تەبێعەتی زمانەکەیان، تەبێعەتی ئەو خوێندنەی پێیان خوێندوە لە یەکەوە نزیکە.

عادڵ م: زۆر سپاسی جەنابتان ئەکەین

کاکە حەمە: هەر خۆش بن

# له گەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشیان

## چیرۆک نووس، نووسەر و پسپۆڕی ئەدەبی فولکلۆری ئێران

**هەڤپەیڤین: عادڵ محەمەدپوور**




.................................................................

**دەروێشیان:**

**"مەجبووریە کە ئینسان فارسی نووسێ، ئەگەر توانستام کوردی نووسام. کوورە توانستم کە کرماشان چاپخانەی کوردی نەیاشت، کوورە چاپخانە پەیا بکەم یا حرووف چینی کوردی، لە تەرەفێتر ئەلان «یاشار کەماڵ» کوردە وەلێ تورکی نووسێ، «احمد محمود» بە هەرحاڵ نژادەن کوردە وەلێ بە فارسی نووسێ... "**

.................................................................

**عادڵ محەمەدپوور:** وێڕای ڕێز و حورمەت بۆ مامۆستای بەڕێز عەلی ئەشرەف دەروێشیان حەز ئەکەین سەرەتا لە خۆتەوە دەست پێبکەین، ئێستا خەریکی چە کارێکی ئەدەبی و فەرهنگیت؟ بەرهەمی تازەتان چیە؟ وەزعی کانوونی نووسەرانی ئێران لە چە ئاستێک دایە؟

**دەروێشیان:** من بیچک ئێوە عەلی ئەشرەف دەروێشیان سال (١٣٢٠ک.ه) وە دونیا هاتمە وە کرماشان، خۆب سەرگۆزشتی داشتمە بە هەر حاڵ دانش سەرای مۆقەدەماتی کرماشان، بەعد دانشگاە تاران و دانشسەرای عالی خوێندمە بەعدیش زیندان و مەسائل ئی جوورە، بەعد ئەز ساڵ (٥٧) لە ماڵ نیشتمە وە کارەیلە فولکلۆرو فەرهەنگ و ئەو چشتەیلە کە عەلاقە داشتمە دەر مەورد فەرهەنگ کوردی و چیرۆک یلەی نووسامە، رۆمان، یانە گەشت، لە ناو ئی کارانە گشت عەلاقە و عەشق منە وە زوانی کوردی و مەردم کورد کاملەن دیارە. ئەوەختە سۆئاڵی تر کە من کارە یلە جەدیدەم چەس، من جەدیدەن ئی کارەی کە ئەوەڵ دەفەس لە ناو ئێران ئی کارە ئەنجام ئەوێت یەک کۆمەڵەچیرۆکیک لە نووسەرەیل کوردستان فەراهەم کردمە کە یانە وەرگێڕامە وە فارسی دەر حدوود(٢٥) نویسەندەی کوردن ئەزقەبیل *"رئوف بێگەرد، شێرزاد حەسەن، حەمە فەرێق حەسەن، حەسەن قزڵ جی، فەرهاد پیرباڵ"* یانە جەم کردمە (٢٥) دانە بین کە تەرجمەی کردەمە وە فارسی کە ئومیدوارم چاپ بێت. و یەک موقەدەمەی موفەسەلێک دەر مەوردی ئەدبیات و هونەر کوردی وموعەرەفی ئی نویسەندەیلە کە ئومیدەوارم ئەمساڵ چاپ بێت. کاری جەدیدم لە ناو نومایشگاە ئەمساڵ هەس یادمان "سەمەدبێهرەنگی" و بەعدیش یەک سری کار من کردمە وە گەرد "ڕەزا خەندان مەهابادی" کە دەر مەورد فەرهەنگ (افسانەهای مردم ایران) کە پیش پەنج جەڵدە و لە ناو چشت دەرهاتیە بە هەر حاڵ کارەیلە وەی سورەتە کەم و بیش مەشغووڵم.

عادڵ محەمەدپوور: بەشێک تر لە پرسیارەکەم ئەوە بوو: ئێستا وەزعی کانوون لە چ ئاستێکدایە؟
دەروێشیان: کانوون نویسەندەگان ئێران_ خوب در این ساڵەیلە ئەخیر لەتەمات فرەی دییە. ئەفراد واقعەن فرە خاس و بەرجەستە وەک: "محمد جعفر پوینده" ، "محمد مختاری" بەو سوورەتە لە دەست چوونە، بەعد "احمد میرعلایی" ، "غفارحسینی"، یانە لەتەمات فرەی دییە، ئەلان کانوون عومدەی فەعالیەتی وەبان فەعالیەت "سنفی و فەرهەنگی" یە. ئێمە ئەغڵەب توانستنە ئەنگ سیاسی بیەن و لەی بابەتە نابوودمان بکەن، ئەما ئێمە تەئکید کردیمە کە کانوون یەک مەرکەز سنفی فەرهەنگیە. مەنشوور ئێمە بیشترین تەئکیدی لە بان یەسە کە تەرەفداری لە ئازادی ئەندیشە و بەیان و مخالفەت شەدید وە گەرد سانسور ، یە دوومادەی عومدەی مەنشوور کانوون نویسەندەگان ئێرانە. ئەساسنامەی ئیمە، چەن مانگێکە کە دایمەسە "ئیرشاد" و ئیرشاد دایەسە "ئیتلاعات" کە ئیستعلام بکات دەر مەورد ئەفراد کانوون. کاری کانوون مەنیە، تا ئیسە جواو نیانە. ئەگەر ئی جواو بسەنیم باد مەحەلێ ئەڕای کانوون داشتیمە، ئیمە مەحەلی نیەرم ئی وەسایلمان ئەورە دابنیمە و بەعد فەعالیەتەیلە فەرهەنگیمان شرۆع بکەیمن، ئی مەکانە ئەلان نیەرم دەر حالیکە ئەلان فرەتر لە (٢٥٠) نەفەر عوزو دیریمن. بەهەرحاڵ هەر مانگ جەلەسەیلە مەشوەرەتی بەرقەرار ئەکەیمن ناو ماڵەیلە ئەعزا فێعلەن بە دەلیل نە داشتن "مجوز" نیەتوانین فەعالیەت عەلەنی بکەیمن.

عادڵ محەمەدپوور: "عەلی ئەشرەف" ی کوردی فارسی نووس چ زانیاریەکی لە کەلتوور و ئەدەبی کوردیەوە هەیە؟
دەروێشیان: وەلا یە مەجبووریە کە ئینسان فارسی نووسێ، ئەگەر توانستام کوردی نووسام. کوورە توانستم کە کرماشان چاپخانەی کوردی نەیاشت، کوورە چاپخانە پەیا بکەم یا حرووف چینی کوردی، لە تەرەفێ تر ئەلان "یاشار کەماڵ" کوردە وەلێ تورکی نووسێ، "احمد محمود" بە هەرحاڵ نژادەن کوردە وەلێ بە فارسی نووسی.

محەمەدپوور: مامۆستا، مەبەستمان ڕەخنە لە کەسایەتی جەنابت نەبوو، تەنیا مەبەستم دەرخستنی ڕادەی زانیاری ئێوە لە بارەی فەرهەنگ و زمانی کوردی بوو.
دەروێشیان: من تا ئەو حەدە کە نەشریات کوردی وە دەسم بڕەسێ، خۆب دوست دێرم موتالەعە بکەم وە کومەک دوستەیلە کە کوردی سۆرانی زانن وەگەردیان مەشوەرەت بکەم و دەر این مەورد ئیتلاعات کەسب بکەم، خەیلێکیش عەلاقە دیرم کە هەرچە کتاو کوردیە تەهیە بکەم و موتالەعە بکەم، نەهایەت عەلاقەی من هەر ئەو کتاوە: " ئەفسانەها و مەتەڵهای کوردی بەعد گەمە و بازی یەلە کوردی جەماوەری کردمە. یا کتاو دیرم دەر بارەی عەقاید و رسووم مردم کرماشان کە نزیکە وە کوردی. یەکسەد متر وە کرماشان ئەو لاتر بچن تواو دیهاتەکانی کوردن. ئیمە گشت خۆمان کورد بینە هاتینەسە ناو کرماشان، مونتەها دەوڵەتەیلە مەرکەزی تواستنە وە زوور زوان کوردی وە فارسی کەن کە بتوانن سیاسەتەیلە خۆیان عەمەلی بکەن و یە زبانە قەدەغەن بیە. من باوکم کورد بی و داڵگم کرماشانی بی، وەلێ داڵگم وەتیە فارسی قسە بکەن و باوکم وەتیە باد کوردی قسە بکەن، دایمەن مرافعە بیە بان ئییە. ئەو وەتیە ئەگەر بچن مەدرەسە نیەتوانن فارسی قسسە بکەن. دەوڵەت مەرکەزی تەئکید داشت کە ئیمە باد فارسی بخوونین، منیچ وەختێ شرووع کردم کە چشت بنووسم، ناچار بیم فارسی بنووسم چوون موسەللەت بیم.

عادڵ محەمەدپوور: وەک ئەزانین بەشێکی هەرە زۆری کولتووری کوردی زارەکییە و هێشتا بەتەواوەتی کۆ نەکراوەتەوە، ئەیشزانین یەکێک لەو کەسانەی هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەم مەبەستە ئێوەن، لە چاو ئەدەبی زارەکیمان ئەدەبی پەخشانمان_ هونەری چیرۆک نووسی، رۆمان_ لاوازە، بە رای ئێوە، چی بکەین کە ئەم کەلێنە پڕ بکەینەوە و فۆڕمی ئەدەبی پەخشان گەشە بکات؟
دەروێشیان: من دەر مەورد ئی چیرۆکەیلە کوردی کە بە فارسی تەرجمە کردمە وەی نەتیجە ڕەسیمە کە نویسەندەیلە جەدید کوردی ئاشنایی وە ئەدەبیات جەهانی نەیرن، فرەیک وە ئاسار جەهانی وە زوان کوردی تەرجەمە نەبیە وە ئەدەب کوردی

ناشناخته مایه ئەو ئاسارەیله کوردی تەرجەمه بیه وه فارسی گرتنه، فەرز " دن ارام" یه موتەرجم له ڕووسی یا فەرانسەوی تەرجەمه کردنەسه فارسی، ئەو کورده هاتیەسه وه فارسیەکەی تەرجەمه کردیەسه کوردی. یانێ ئیمه زوان بیانه فیر نین وه فەرهەنگ داستان نویسی جەهانی ئاشنانین، بایەد یه جوبران بوود، بایەد زوان یاد گرن که بتوونن تەرجەمه بکەن، وەگەرد نویسەندەیله جەهان داد و ستەد بکەن، بتوانن فەهەنگه خۆیان مونتەقل بکەن. ئەلان فەهەنگ کوردی هیچی کەمتر وه فەرهەنگ ئامریکای لاتین نیەکه ئەمساڵ وەکوو "مارکێز" و ئەو چشتەیله وه ناویان هەڵسانه. وه قەول خۆت ئی گشته فەرهەنگه شەفاهی و ئەفسانەیله جەماوەری نەکردیمن باد جەماوەری بوون، باد ئی نویسەندەیله یەک زەبت سەوت بگرن وه داد یانه بڕەسن، یه پیره زەنەیل و پیره مەردەیل...

عادڵ محەمەدپوور: لێرەدا پرسیارێک دێته نێو باسەکەمانەوە، به ڕای ئێوه هۆی چی بوه که ئێمه تا ئێستا به قەولی خۆتان ئێمه نووسەری جیهانیمان نەبوه یان نووسەرانمان ئاشنای دەستمایەی ئەدەبی جیهانی نین. ئایا کەمتەر خەمی له لایەن خودی نووسەرانەوەیه یان هۆکاری تری هەیە؟

دەروێشیان: نه، عامل ئەسڵی یه بیه که کورد ئاسایش نەیاشتیه، دایم جەنگ و موبارزه و کوشتن ئەو ئەفراد بەرجەستە کورد بیه که گشت نابوود بینه، یان یانه نوا کەفتنه، ئایەمەیله فەرهیخته بوونه ترۆر بینه، کوشتنیانه، یانه لەتمەس دی، مەگەر کورد چەنێ چەمعیەت دیری ؟ جەمعیەت کورد بەین ۲۰ تا۳۰ میلیون تەخمین دەن که ئیشن هەس، خۆب لەناو یانه چەن ئایەمەیله فەرهیخته تانن هەڵکەفن که بتانن چشت بنووسن و بخوونن؟ کورد ئاسایش نەیاشتیه، دایم وه کووچ و پەناهەندەگی بیه، ئی تەرەف و تەرەف پەراکەنده بیه، وه ناو ئورووپا و جەهان ئایەمەیله بەرجەسته، پزشکەیله عالی مەقام دیرن.

عادڵ محەمەدپوور: مامۆستا با بڕۆینە ناوجەرگەی باسی رۆژنامەنووسی کوردیەوە، بزانین لەم بوارەدا، جەنابتان تا چ ڕادە زانیاریتان هەیە؟
دەروێشیان: من ئیتلاعاتێک دیرم دەر مەقالەیک لە موقەدەمەی " کومەڵە چیرۆکەیلە کوردی" لەم بارەوە نووسامە. دەرباره فەرهەنگ و ئەدەبیات کوردی وە سابقە و قێدمەت یە، مەسەلەن: رۆژنامە نووسەیلە کورد وە لوبنان و {میسر} پەناهەندە بینە و لە ئەورەدا فەعالیەت کردنە و رۆژنامە هاورد نە سە بان دەس، ئەو مەقالە هەس حەتمەن ئەو مەقالە موتالەعە بکەن.

عادڵ محەمەدپوور: بۆ بەرگری لە پاشاگەردانی و ئاڵۆزکاری و گەیشتن بەو ئیدەئالانەی کە جەنابت ئاماژەت پێکرد کە بگەینە ڕادەیەکی بەرزی ئەدەبی نێو نەتەوەیی، ئایا لەم پێوەندییەدا هەست بە پێکهێنانی کانوونی نووسەرانی کورد ناکەی؟
دەروێشیان: من فکر ئەکەم عێجالەتەن وەقتی ئی کارە نیە، خاسترە نویسندگان کوردلە ناو کانوون نویسەندەگان ئیران ، موتەمەرکز بوون، چمان هەر ئیسە لەناو کانوونا ئەعزای کورد دیریم: عەتا نەهایی و ناسر وەحیدی عوزو کانوون نویسەندەگان ئێرانن. ئەما دەر مەورد کوردستان عێراق خووب نیو، یانە بایەد تەشکیلات خۆیان داشتۆ. دەر مەورد کوردستان ئیران ، ئەلان زووە ئەڕای ئی کارە، چوون فێعلەن ئیمە ئی وەزنە نەیریمن، ئیمە ئەو ئەنازە کە نویسەندەی کورد داشتیمن ئەنگوشت شومارە کە لە ناو ئیران فەعالیەت بکەن.
عادڵ محەمەدپوور: حەز ئەکەین بزانین ئایا "عەلی ئەشرەف" خۆی بە نووسەرێکی کورد ئەزانێ؟
دەروێشیان: کامڵەن ، ئیفتخار ئەکەم کە کوردم، ئەڵبەتە ئەگەر کوردەیل من بپەزێرن وە عنوان بیچک خۆیان.

عادڵ محەمەدپوور: ئێوە لە ناو کوردەکاندا هەست بە چ کەسایەکتیەک ئەکەن؟

دەروێشیان: وەلا، نازانم، ئاخر ئایەم دەر مەورد خۆی ناتانێ چشت بیشێت، بە هەر حاڵ منیش یە بیچک ئیوەم، وەلا چشتێک نەیرم، من شەخسیەتێک گەورە نیم.

عادڵ محەمەدپوور: ئێستا ئەدەبی کوردی لە ناو ئەدەبی جیهانیدا لە چ پلەیەکدایە؟
دەروێشیان: من جەدیدەن شنەفتمە کە بەختیار عەلی رۆمان نویساس کە ئەم رۆمانە مەورد تەوجۆە قرار گرتیە، وە مەحافڵ خارجی ، رۆمان سەبک نوێ دیری و فیلم درووست کردنە، بەهمەن قوبادی ، زمانی برای مستی اسب ها ساختیە، یانە گشتی نیشانەی یەسە کە فەرهەنگ کورد توانایی و ئیستعداد جەهانی دیری، مونتەها ئەو ئاسایش فیکری کە بایەد داشتۆ، مللەت کورد نەیرێ، ئییەسە کە واقێعەن کەمن، وە یانەیش یەواش یەواش دێرن ئەلان زاهر ئەون.

عادڵ محەمەدپوور: دوایین وتەو پەندت بۆ ئێمە چیە؟
دەروێشیان: زرێبار موتاڵەعە کردیمە، مەجەلەی خووبێگە وە خۆشحاڵم کە مەربووت بە گشت ئەقشار میللەتە، وە زانم کە وە پیل شەخسی دەرچی ، بە خاتر زەعف ماڵی مونەززەم دەرنیەچی کە یە نیەتوانێ لە ئەرزش مەجەللە کەم بکات، ئاخرین پەندم یەسە: هەر وەی جوورە کە هەس ئنحسار تەڵەبی نەکەن، ئیجازە بیەن کە تەفەکورەیلە موختەلف لە ناو رۆژنامەکە بوون، جوانەیل بیشتر تەوەجۆە وە پێیلن بکەن.بە هەر حاڵ خەیل خووبە.

عادڵ محەمەدپوور: مامۆستا، زۆر سپاست ئەکەین بۆ بەشداریت لەم وت و ێژەدا، سەرکەوتووبیت.
دەروێشیان: سپاس بۆ ئێوەش.

*لە گۆڤاری زرێباری
ژمارە (١٨-١٧)،

**جۆزەردانی (١٣٨٠)ی ک.ه**

**بڵاوکراوەتەوە**

# دەمێک لە گەڵ سەی عەلی ساڵحی
# شاعێری ناسراو و هاوچەرخی ئێران *

**هەڤپەیڤین: بە فارسی کوورش هەمەخانی**

.......................................

**ئامادە کردن: عادڵ محەمەدپوور**
**وەرگێڕان بۆ کوردی: ئارام ساڵحی**

........................................




..............................................................

**سەید عەلی ساڵحی:**

**چەن ساڵ لەمەو پێش کوردێکی تێگەیشتوو پرسیاری لە من کرد کە بە تۆ بڵێین لە نێو تەواو وشەکاندا، تەنیا مافی هەڵبژاردنی سێ وشەت هەیە، کامانە هەڵدەبژێریت؟**

**وتم: «کورد، ئەوین، ئازادی»!**

..............................................................

## ژياننامە:

لەڕۆژی ١٣٣٤/١/١ ک.ھ لە گوندی «مەرغاب» سەر بە ناوچەی «ئیزەی بەختیاری» لە پارێزگای خووزستان لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕدا لەدایک بووە، باوکی وەرزێڕ، شاعێر، بێژەر و خوێنەرێکی شانامەی فیردەوسی بووە.
لە ساڵی ١٣٤٠ی ک.ھەتاوی بە ھۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە «مەرغاب» لەگەڵ بنەماڵەکەی کۆچیان کردووە بۆ شاری «مەسجد سولەیمان» و لە ساڵی ١٣٥٣ ک.ھ بەھۆی ھەڕەشە و گوڕەشە لە لایەن قوتابخانە و بەرپرسانەوە لە خوێندن دەس دەکێشێ و ساڵی دواتر دیسانەوە دەچێتەوە قوتابخانە و دیپلۆمی (بڕوانامەی دواناوەندی) ژمێریاری وەردگرێت. یەکەمین شێعرەکانی ئەو لە ساڵی ١٣٥٠ بە یارمەتی «ئەبوولقاسمی حالەت» لە گۆڤاری خۆماڵیی کۆمپانیای نەوت لە چاپ دەدرێت. ساڵی ١٣٥٣ ک.ھ ساڵحی لەگەڵ چەن کەس لە شاعێرانی ھاوچەرخی خۆی ڕەوتی «شەپۆلی خاوێن، مەوج ناب» لە شێعری «سپی»دا دا دەڕژێنێت. مەنووچێهری ئاتەشی و نوسرەت ڕەحمانی لەم ڕەوتە پێشکەوتووە پشتیوانی دەکەن. لە ساڵی ١٣٥٧ لە «مەوج ناب» جیا دەبێتەوە. ئەو لەم بارەوە گوتوویەتی: «وا ھەستم دەکرد کە گشت ئێمە شاعێران لە مەوجی نابدا خەریکین وەکوو یەک دەبین» ئەو لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٥٨ بۆ نیشتەجێ بوونی ھەتاھەتایی دەچێتە تاران و لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ لە ئەزموونی ھەڵبژاردنی ڕشتەی ئەدەبیات لە زانکۆی ھونەرگەلی دراماتیک وەردەگیرێت.
ھەر لەم کاتەدا بە پشتیوانیی ئیسماعیل خۆیی، غوڵام حسەین ساعدی، نەسیم خاکسار و عەزیم خەلیلی دەبێتە ئەندامی ناوەندی نووسەرانی ئێران(کانون نویسندگان ایران) و لە چاپەمەنییە ئازادەکاندا سەرقاڵی کار کردن دەبیت.
ئەو لە کێشمەکێشی شۆڕشی فەرھەنگیدا زامدار دەبێت و دوایی لە شاری مەسجد سولەیمان دادگایی دەکریت و سزای بە سەردا دەسەپێنرێت.

له ساڵی ١٣٦٣ ک.ه به هەڵوەشاندنەوەی شێوازی «بڕگە بەندیی و دێڕبەندی نەریتخواز»انە لە شێعری سپیدا، پێشنیازی «بڕگە بەندی ساف و نوێ» دەدات. لە ئاکامدا دەتوانێت ئەم شیوە «بڕگەبەندی»یە گشتگیر بکات و تا ئێستاش هەر پێڕەو دەکرێت. یەک ساڵ دواتر «بزاڤی شێعری گوتار»ی و «ساکارکردنی زمانی شێعر» دادەمەزرێنێت و لە دەسپێکی دەیەی حەفتادا، دەبێتە ڕەوتیکی گشتگیر و باو لە شێعری پێشڕەو لە شێعری فارسیدا. سەبارەت بەم گوزارە دەڵێ:

"بنەمای شێعری وتار دەگەڕێتەووە بۆ گاتاکانی ئەڤێستا. دەسپێکەری یەکەم «حافز»ە و «نیما» و «شاملوو»یش چەند شێعریان بەم مێتۆدە داناوە. بەڵام «فروغ» لە شێعری گوتاردا شاعێرێکی تەواوکەرە. من تەنیا بۆ ئەم بزاڤە«ناوێکی درووست»م دۆزییەوە و دواتر وەک تیئۆریزانێکی دانەر، بنەمای تیئۆریکەییم دۆزییەوە و ڕامگەیاند، هەر ئەمە"!

ساڵحی لە ساڵی ١٣٦٩ تاکوو ١٣٧٩ بەڕیوەبەری بەشی تایبەتیی و لاپەڕەی شێعری گۆڤاری «دونیای سوخەن» بوو و لە ساڵی ١٣٧٩ کارگەی شێعری دونیای سوخەن(لە گۆڤار و نووسینگەی دونیای سوخەن) پێشوازییەکی ئەوتۆی لێکرا. هەر لەم سەردەمانەدا وەرگێڕانی شێعری ساڵحی بە زمانەکانی فەرانسە، عەرەبی، ئاڵمانی، ئینگلیسی، ئەرمەنی، ڕووسی و کوردی بە شێوەی پرژ و بڵاو لە چاپەمەنییەکاندا چاپ کرا و دوو پەڕاوی شێعری لە کوردستانی ئێراق (بە زمانی کوردی) بڵاو کرایەوە. ئەو لە ساڵی ١٣٧٨ بۆ چالاکی دووبارە گەڕایەوە ناوەندی نووسەرانی ئێران و دوو ساڵ دواتر لە لایەن مەکۆی گشتییەوە وەکوو یەکێ لە بەڕیوەبەرانی سەرەکیی ناوەندی نووسەرانی ئیران هەڵبژێردرا. ساڵحی لە ساڵی ١٣٨٢ وەکوو سەرنووسەر، ژمارەیەک لە گۆڤاری «معیاری ئەدەبی، پێوەری ئەدەبی» بڵاو کردەوە کە دواتر وتوویژکردنی ئەم شاعێرە بوو بە هێڵی سوور و لە دریژەدان بە کار کردن لەو گۆڤارەدا بێبەش کرا.

**بەرهەمەکان و کتێبە شێعرییەکانی ساڵحی:**

- لیالی لا(شەوەکانی نا)
- یوما ئانادا - ١٣٨٤
- پێشگۆ و پیادە شەترەنج- ١٣٦٧
- سێ گۆشەکان و پیادە شەترەنج
- عاشق بوون لە سەرماوەز و مردن لە خەرمانان – ١٣٧٦
- دێر هاتی ڕەی را - نامەکان - ١٣٧٣
- ناو و نیشانەکان – ١٣٧٤
- سەفەرت باش موسافیری پەرۆشی پاییزی پەنجاوهەشت– ١٣٧٥
- ئاسمانییەکان – ١٣٧٦
- خەونەکانی پەپوولە پاییزییە پەرۆشێک کە لە باشوور هاتبوو – ١٣٧٦
- ساکار بووم، تۆ نەبووی، باران بوو – ١٣٧٧
- دوایین عاشقانەکانی ڕەی را - ١٣٧٨
- نزای ژنێک لە ڕێدا کە تەنها دەڕۆیشت – ١٣٧٩
- چنینی خۆشەویستەکانی شەو تەنیا فێری با دەکات – ١٣٨٠
- مخابن مەڵا عومەر... – ١٣٨٠
- لە ئاوازی کولیانی ئەهوازی (شێعرەکانی سەردەمی لاوی، ١٣٥٧-١٣٥٠) - ١٣٨٢
- سیمفۆنی دەم بەیان
- جێ پێی بەفر، تا پێگەییوی گوڵی سوور
- گوڵ بژێری شێعرەکانی
- ڕاستکردنەوەی دیوانی شێعری شاعێران
- ڕۆمان، علو – ١٣٧٦

و...

## کارگە شێعرییەکان:

سالحی لە ساڵی (١٣٧٥) یەکەم کارگەی شێعری خۆی لە تاران بە ناوی کارگەی شێعری مێعیار، پێوەر(لە گۆڤاری مێعیار، پێوەردا) دامەزراند. لە ساڵی ١٣٧٩ دیسانەوە کارگەری شێعری دونیای سوخەن (لە گۆڤار و نووسینگەی دونیای سوخەن) دادەمەزرێنێت کە پێشوازییەکی بەرچاوی لێ دەکرێت، ئەم کارگە تا ئێستاش چالاکە.

ئەو کتێبانەی سەبارەت بە سالحی نووسراون:

* ڕاسپاردەری شەفانووسی گوڵان ـ ژیان و شێعری سەی عەلی سالحی
* ژیانی و شێعری سەی عەلی سالحی ـ فەیز شەریفی

## خەڵاتی شێعری نیما:

لە ڕێوڕەسمی دووهەمین خەڵاتی شێعری نیما کەلە ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٨٩ بەڕێوە چوو، کۆمەڵە شێعری بەڕێز عەلی سالحی «ئەنیس لە کۆتایی ئەم حەوتوویەدا دێت» وەکوو کتێبی زۆرباش لە لایەن داوەران هەڵبژێردرا. ئەو لەم ڕێوڕەسمەدا بەشداریی نەکرد و خەڵاتەکەی وەرنەگرت و گوتی:

"خەڵکان برسیتیی ئابڕوون و بە شەپازلە ڕوومەتیان سوورە، خەڵاتەکان دانن بۆ دوایی، سەربەرزیی خەڵک لە سەرووداییە، لەم دۆخە شەرەف شکێنەدا، وەرگرتنی خەڵات یانێ دیاننان بە ئەم دۆخە، ئەمە شەرمەزاری نییە؟! ئەم گەمانە بخەنە ئەولاوە بۆ دواتر. ئەو لە درێژەدا گوتی: بەرزە ئاکار و ڕەوشتی جوان پێمان دەڵێ کە تۆزقاڵێ وریا بین و با بە درووستی ئاوڕ لە دۆخەکە بدەینەوە. سالحی ڕایگەیاند: سەلامەتیی کۆمەڵگای فەرهەنگ بۆ کەسانێ وەک من بنەماییێکی حاشا هەڵنەگرە. بە جیدی دڵەڕاوکێ لە دەستچوونی ئەو سلامەتییەم. ئەو لە درێژەدا گوتی: دەترسم گوشارەکانی دووهێندەی ئابووری، هەژاری و بێدەرتانی، بەرزترین کەلەپووری ئەم

خەڵکە یانێ فەرهەنگ و ماریفەتی نەتەوەیی بخاتە ژێر هەڕەشەوە. هەندێ جار نیشانەگەلێ دەبنم کە جەستەم دەلەرزێنی، کە مرۆڤی ئێرانی، ئەوەندە درۆزن نەبووە."

........................................................

کوورش هەمەخانی لە زاری خۆیەوە:

هەشتی نەورۆزی ١٣٤٠ کرماشان، ١٧ ساڵە لەگەڵ وشەدا پێوەندیی هەیە و شێعر کەڵەکەڵەی ژیانیەتی. ئەو چەن ساڵ قوتابیی کۆنەکاری شێعری هاوچەرخی ئێران ئەحمەدی شاملوو بووە  و نزیکەی ٣ ساڵ لە وڵاتی سوئێد سەرقالی لێکۆڵینەوە و گەڕان سەبارەت بە شاعێرانی شێعری دەرەوەی وڵات بووە. ئەو ئێستا هەواڵنێری گۆڤاری جالینووسە، ئەندامی ناوەندی نووسەرانی ئێران، ئەنجومەنی پێنووسی سوئێد، فەنلاند و شاعێرانی دەرەوەی وڵاتە. چەندین کتێبی چاپکردوە و ئێستاش ماندوو نەناس خەریکی چالاکییە.

"شێعری کوردی، لە دڵی زامە ئاسمانییەکان و خەونە خاکییەکان وشە دەخولقێنێت. هەر شاخ و هەر درەختێک لە کوردستان پەیکەری هەمیشەیی شاعێرێکە."

پێشەکی:

شێعری کوردی لەباری هەبوونی لە هەندێ تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی لە نێو شێعر لەگەڵ زمانەکانیتردا گرینگییەکی زۆر بەرزی هەیە. هەر ئەوەی کە دەوترێت شێعری کوردی، خۆی بۆ خۆی ئاماژە و نیشانەیە بە یەکەم: جیاوازیی لە شێعرەکانیتر، دووهەم: تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوونیی.

هەبوونی فاکتەرەکانی ئازادیخوازی و کەڵک وەرگرتن لە چەمکی سروشت بە موتیڤگەلی ئەڤین و پاڵەوانی(تغزلی و حەماسی) و لێکئاوێزی توخمی دیرۆک و (ئوستووره) کە وەرگرتەن لە هەوێنی ویژە، فەرهەنگ و مێژووی کوردی، سەرنجدان

به زمانی نەتەوایەتی و تێکۆشان بۆ جێ گیربوون و پەرەپێدانی لە شێعردا، گواستنەوەی زمانی بێگانە بۆ زمانی کوردی، گشت ئەمانە نیشانەی ڕەسەنایەتی و پێ بەندبوون بە لە دابەزاندنی زمان لە شێعردا، ئاماژە بە ئەوەیە ئەم زمانە توانایی ئەوەی هەیە کە سنوورەکانی نیشتمانی و خۆماڵی ببەزێنێت ببێت بە شێعرێکی جیهانی. ئەم جۆرە شێعرە بەو تایبەتمەندییانەوەی کە باسی لێوە کرا توانیویەتی ناسنامەی نەتەوەیی و قەومیی خۆی وەکوو شێعرێک گوزارەی «ڕوانین بۆ دەروون» واتە بایەخدان بە قابلییەتی ناوەکی(بالقوه) و کردەیی(بالفعل) زمانەکەی بکاتە مەنهەج و ڕێبازی خۆی و دەرگاکانی کارلێکردن و کاریگەری فەرهەنگەکانیتری بەڕووی خۆیدا دانەخات، بەم ڕووکردە دوور نییە کە جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بە دەست بهێنێت. شێعری نوێی کوردی کە «گۆران» مامۆستاکەی بووە، بەدەستی کەسانێ وەکوو: «شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، جەلال مەلەکشا و ڕەفیق سابیر و...» پەرەی پێدراوە و ئەمڕۆش ئەم جۆرە شێعرە چووەتە ناو زانکۆ ئەورووپییەکانەوە. هەروەها وانەکانی ئەوتریێتەوە بە زمانەکانیتر وەرگێردرێتەوە. ئێستا بە پێی ئەم پێشکەییە، بۆ گۆڤاری زرێبار وتووێژێکی کورتمان لەگەڵ بەڕێز سەی عەلی ساڵحی ئەنجام داوە کە لە درێژەدا دەیخوێنینەوە.

........................................................................

سەی عەلی ساڵحی:

*"ملهوڕان فەرمانی بارینی گازی خەردەل و سیانۆڕ بە عاسمان دەدەن، بەڵام کورد، عاسمانی جیهان دەکاتە ئۆخژنی «خودا و ئاشتی و ئازادی»."*

........................................................................

 بیر و بۆچونتان سەبارەت بە شێعری کوردی و پێگەی نەتەوەیی چییە؟

 شێعری کوردی بەشێکی درەوشاوە و جیا نەکراوەی چوارچێوەی جیهانیی شێعری جوگرافیای ئێرانە. بۆ من بایەخێکی مێژوویی و بەرزی هەیە. هەموو کاتێک لە وتووێژ و وتارەکانمدا کە شێعری نەتەوەی کورد باسمکردوە و گوتوومە: هاوشانە

لەگەڵ شیعری نەتەوەی فەلەستین و نەتەوەکانی ئامریکای لاتین (بە پێی ئەلف و بێ و شێوەی ژیان، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و...) لە بنەمادا، ڕوح، ئاهەنگین بوون، جەوهەر و گیانمایەی زمانی کوردی، خۆڕسکی شێعر بە هەژمار دێ، وەکوو زمانی فارسی، هەرم بەم بۆنەوە بە راستی لەم زمانەدا، شاعێر بوون و شێعر دانان زۆر عاستەمە. شێعری کوردی، لە دڵی زامە ئاسمانییەکان و خەونە خاکییەکان وشە دەخولقێنێت. هەر شاخ و هەر درەختێک لە کوردستان پەیکەری هەمیشەیی شاعێرێکە.

 ئایا شێعری کوردی دەتوانێت پێگەیەکی جیهانی هەبێت؟

 لە وەڵامی یەکەمدا ئاماژەم بەم شتەم کردووە، جیهانی بوون ئەوە نییە کە جیهانی ئێمە و شێعری ئێوە بناسێت. جیهانی بوون واتایەکی بێسنوورە و بریتییە لە «ئەوینداری بە مرۆڤ، دادوەری و ئازادی»، لەم سونگەیەوە شێعری هەموومان، ناسنامەی جیهانە. شێعری کوردی، کەرامەتی پێکراوی جیهانی بێ بەزەیی ئەمڕۆی ئێمەیە. ملهوڕان فەرمانی بارینی گازی خەردەل و سیانۆڕ بە عاسمان دەدەن، بەڵام کورد، عاسمانی جیهان دەکاتە ئۆخژنی «خودا و ئاشتی و ئازادی». بێگومان لەم هەڵسۆکەوتە نابەرابەرەدا سەرکەوتن بۆ ئەویندارانە. ئەمە بەڵێنی سەرەتایی هەبوونە. چەن ساڵ لەمەو پێش کوردێکی تێگەیشتوو پرسیاری لە من کرد کە بە تۆ بڵێن لە نێو تەواو وشەکاندا، تەنیا مافی هەڵبژاردنی سێ وشەت هەیە، کامانە هەڵدەبژێریت؟ وتم: «کورد، ئەوین، ئازادی»! پرسیاری کرد: ئایا دەتوانرێت هەر بەم سێ وشە شێعرێک بڵێیت؟ گوتم: من تەمەنێکە کە هەر بەم سێ وشە، بە سووڕمانی شێعر گەیشتوم، ئێمە جیهانیی بوون و پێگەی جیهانی خۆمان هەر لەم قەناعەتە مەزنە شرۆڤەکاری کردوە.

 بە سەرنجدان بە ئەمەی کە ئێوە جووڵانەوە و شێوازی گوتاریتان لە مێژووی شێعری پێشکەوتووی فارسیدا دارِژاندووە و لە دوو دەیەدا سەلماندووتانە و بەردەنگی

لێهاتووشتان پەروەردە کردوە، ئایا پێت خۆش نییە لەم شێوازە و ڕێچکە زمانیەش هەنگاوی بە پێزتر بهاوێن؟
 نە، من لەم جۆرە شێوازە جیا نابمەوە.

 بۆ ؟
 بۆ ئەوەی هۆکاری دۆزینەوەی خۆشەویستەکەم(معشوق)ئەم ڕێبازە بووە، من کە لە خۆمدا ئیرادەیەک شک نابەم. من لە دەسپێکدا ئاگام لە خۆم نەبوو، ناکاو بینیم گەیشتوومەتە ناو بارەگایەکی سەرنج ڕاکێشیەوە، پرسیاریان کرد چییە؟ هۆکاری ئەم ئەم پرسەم شیکردەوە و بوو بە شێعری بزاڤی گوتار!

 بۆ شاعێرانی بەرەی دوای خۆت چ ڕاسپاردیەکتان هەیە؟
 هیچ، ڕاستی تا ئاستی وێران بوونی خۆیان!

 نوێترین بەرهەمی شێعری ئێوە «نزای ژنێک ...»بوو، کە بە خێرایی تەواو بوو، هۆکاری ئەم پێشوازییە لە دۆخی نالەباری بازاڕی شێعری ئێراندا، لە چی دەزانیت؟ چاپی دووبارەی ئەم کتێبە کەی دەبێت؟
 بە گیانی شێرکۆ بێکەس نازانم بۆچی خەڵکی لە شێعری من پێشوازی دەکەن. چاپی دووهەمەیشی بە زوویی بەر لە هاوینی ئەمساڵ دێتە دەرەوە.

 ئێستا بارودوخێکی شڵەژاو و ناسەقامگیرە، هەندێ کەس لە ڕووی پووچ مایەبوونی زانستی، لەم دۆخە نالەبارەدا خەریکن بە ناوگەلێکی زەبەلاح وەکوو پاش مۆدێرنیزم دۆخەکە نالەبارتر دەکەن، ئەمە بووەتە هۆی قەیرانێکی دەروونی نێو زمان، ئەم ناوازەبوونە کە هیچ داهێنانێکی پێوە دیار نییە، هۆکارەکەی لە چی دەزانن؟
 کەسێک تاوانبار نییە، لە باهۆزی زیخی بیاواندا، هەمووان چاویان دەبستن، هەندێکیش نازانن کە بۆ تەندرۆستیی چاویان بەستووە، لە ئوقیانووسی زیخ و

وشەدا، پەل دەکوتن و هەڵس و کەوت دەکەن، باهۆز کە خەوت، گۆرانیە مرۆڤییەکان دەس پێ دەکەن.
کاروان دەکەوێتە ڕێگە و شێعریش ئەو شێعرە بێ خەوشە پێشکەوتە ڕاچڵەکێنەرەیە، کە ڕێگەی زەریا دەگرێتە پێش. ئەمە گەمەی پاسوورە (وەرەقە) لە ماڵێکدا تەنیا یەک کڕیاری هەیە، شێعری پاش مۆدێرن گاڵتەیەکە پێش لە مەرگی داهێنان.

▯ لە ڕاستیدا بە مۆدی ڕۆژانە بوون، بۆ ماوەیەک لە ڕاگەیاندنەکان؟
▯ حەتمەن و بە دڵنیاییەوە شووریش نییە. ئەم خۆ قوت کردنەوە خەساری کەمترە لە خەیانەت کردن بە هاوسێ.

▯ کتێبی «نامەکان»ی ئێوە بە زمانی کوردی بڵاو کراوەتەوە ئایا ڕەزامەندی؟
▯ بە تەواوی ڕەزامەندم، بەڵام وەرگێڕانە کوردییەکەی لەو پەڕی لێهاتوویدا بووە. سپاسی شێخی(شەهاب شێخی) ـ وەرگێڕ ـ دەکەم.

▯ بیستوومانە کتێبێک سەبارەت بە ناساندی ئێوە خەریکە ئامادە دەکرێت، خۆتان ئاگادارن؟ لە ڕەوتی ئەو کارەدا بوون؟
▯ هێشتا نەمدیوە و نەمخوێندۆتەوە هاتن وێنەیان گرتووە، وێنەی ڕابردوویشم هەبوو، لە هاوڕێیانم بیستوومە زەحمەتی زۆریان کێشاوە دەبێ ببینم.

▯ بۆچی ئەمساڵ (٢٧ و ٢٨ ئاڤریل) نەچوون بۆ کونفرانسی جیهانی سیرا؟
▯ ناوی بنێن ماندوو بوون ، لە وانەیە!

▯ لە نێو شاعێرانی بە ڕەچەڵەک کورد و فارسی زمان - لاوەکان- لە گەڵ شێعری کامیان ڕاهاتووتریت؟
▯ کوورش هەمەخانی، فەرهاد حەیدەری گۆران و فەریاد شیری.

ئێوە بەڵێندا داوە کە لە گەڵ کانوونی نووسەرانی ئێران، هاوکاری بکەن، ئەمە کاتی ئێوە ناگرێت؟ ڕەزامەندن؟
 بەڵێنێکی ئارمانی و حەزخوازانە بووە، خۆم قەبووڵم کردوە، ئەو کاتەی کەی کە بۆ کانوون سەرفی دەکەم مەودای ژیانبەخشیی زانستیە بۆ من و بە جێهێنانی ئەمەش ئەرکی سەرشانە بۆ باری ڕۆشنبیری نەتەوەکەم.

 ماوەیەکی زۆر وەڵامی، بانگهێشتی ئەنجومەنە نەتەوەییەکان و زانکۆکانی ناو ئێران نادەنەوە، دەڵێن دەسانقەست گۆشەگیر بوون، ئەمە ڕاستە هۆکارەکەی پێوەندی بە خۆتانەوە هەیە.
 نە، گۆشەگیر نەبووم، لە من باشتر و بەتواناتر زۆرە، بۆچی تەنیا من؟! ئێستا سەرەی لاوەکانە.

 وێرای سەرەخۆشی بەهۆی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزتان کە غەزەڵ بێژێکی ناوچەی بەختیاری بوو، فەرموون بڵێن کە ئەم ڕووداوە، تا چ ئاستێک لەسەر دەروون و شێعری ئێوە کاریگەریی هەبووە؟
 وێران بووم، حەکیمێکی خۆمانی پێی وتم، بۆ ڕەواندنەوەی خەمەکانت، تۆزقاڵێک گڵی سەرگۆڕی باوکت بخە سەر زارت، سادە و ساکار بووم، ئەو کارەم کرد، زۆرتر بووم بە شاعێر، فێڵی لێکردم، وا هەستم دەکرد کە دەبێت بە قەد تەواوی زەریاکانی سەر زەوی بگرییم، باوکم شاعێر بوو، بە هەژاری، دەس پێوەگری و شەرافەتی تەواو ئێمەی پێگەیاند. ئەو ئەلفوبێی شێعری بە من گوت هەر لە منداڵییەوە، ئێستاش پاش سێ مانگ لە کۆچی دوایی ئەو ڕۆحە مەزنە تێدەپەڕێ، نیوە شەوان، پێخەوەکەم دەخەمە ناو دەمم نەکا کچەکان و هاوسەرەکەم لە پرمەی گریانی بێکۆتاییم لە خەو راپەڕن. من لە ژیاندا خۆشەویستی زۆرم لە دەست داوە، لە براکەم عەوڵڵا بیگرە تا هاوڕێکانی و ڕاز و نیازی دەروونیم، سەیر لەوەدایە کە مەگەر مرۆڤ چەندە ئوقیانووسی گریان لە هەناوید هەیە.

 سالانێکە کە تۆ دەناسم لە یەکەمین گەشتم لە کرماشان بۆ تاران، هاتم بۆ لای تۆ، ئێستاش هەر وەک دوو براین، ئەمە ئێوەن کە لە سەرخۆ، بێ کینە و چەشنی

عارفێکن، ئەمە بۆچوونی زۆر کەسە. بەم خسڵەتە دەروونییەوە، چۆن توانیوتە لە قەیرانەکانی ژیانی شاریی و گێچەڵەکانی ڕۆژانە دەرباز بیت؟
 من خۆمم بەخشیوە، نوور لە نوور بەدی دێت، ناکرێت هەم شاعێر ببیت و هەم ڕقاوی. وتوویانە بە من عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە بەندیخانەدا دابڕاوە، وتم ئەنجا مەزنترە بۆمن، ڕوو بە جیهان هەر شتێکت ویست، هەر ئەوە دەبینی. ئەوین دوایین ئایدیالۆجی مرۆڤە. من و تۆ شاعێرین، ئەمە واتە ڕزگاربوون بۆ هەتا هەتایی.

 وتاری کۆتایی، بۆ خۆت شێعر دەڵێی یان خەڵکی؟
 بۆ هیچ یەکیان. لە منداڵیدا پرسیارم لە خۆم کردووە، ئەم سیسرگانەی شەوانە، ئایا لەم هەموو جریوە بەردەوامە ماندوو نابن؟ دوایی زانیم کە ئاوازەکەیان هەمان هەناسە کێشاندنیانە، دەنگی هەناسەیانە لە کاتی خەو ڕاچەنینیان، شێعر بۆ من هەوایە، نزایە، دەرمانە، هۆی مانەوەیە.
سپاس بۆ ئێوە.
ـ من کە هەموو کات سپاسگوزار بووم ، بۆ هەتا هەتا! ...

## نمونەیەک لە شێعری سەی عەلی ساڵحی
## وەرگێڕان بە کوردی: شەهاب شێخی

.........................................

نا
لەم و لەو مەپرسە
باشم
هەر ئەم دەمەو بەیانە
ئەستێرەیێ بۆ چاو پێکەوتنی زەریا هاتبوو و
دەیوت چەن فریشتەی خەمبار خەویان بە مانگەوە دیوە
کە هەواڵی رێبوارێکی ونبووی دەپرسی
باران دەبارێ و
ئێمە تاکوو دەرفەتێ... تاکوو دەرفەتی سڵاوێکی تر
لە ماڵەوە نیشتەجێ دەبین
بریا نامەکانم بەفرمێسک دەنووسی ری را
بۆ دەبێ هەر لەپشت کراسێکی سپییەوە
بێدەنگ و بێ سێبەر بمرین!
هەر دڵە بێ تاقەتەکەی من، ڕەی را
بریا ئەم هەمووە مرۆڤە
تەنیا لەگەڵ لاواندنەوەی باران و تینوویەتیدا پێوەندیەکیان دەبوو
ڕەی را! ڕەی را!
تەنیا دووپات کردنەوەی ناوی تۆیە کە پێم دەڵێ
چاوەکانت خوشکەکانی بارانن.

*لە گۆڤاری زرێباری ژ (١٨-١٧) ی جۆزەردانی سالی (١٣٨٠) بڵاوکراوەتەوە

## بەشێ جە شێعرێ سەی عەلی ساڵحی

**و. عادڵ محەمەدپوور**

**... نا**
**پەیجۆر مەبە**
**خاسنا**
**هەر ئی دەمەو سۆحە**
**هەسارێوی پەی دیدەنوو**
**دەریای ئامابێ،**
**واچێ چند فریشتێ خەمبارێ وەرمشا بە مانگێوە دیەن**
**کە هەواڵوو ڕاویارێ گم بیەی پەرسێنێ.**
**واران وارۆ**
**ئێمە تا مەودایێ...**
**تا مەودایێ سڵامێوەتەر**
**خانەنشینێ بیمێ.**
**وەشڵێ نامەکام بە خەتوو هەلسام نویستەبیێ ری را.**
**چی ئەشۆ جە پەشتەو گجییێوە چەرمەینە، هەر**
**بێدەنگ و بێ سێبەر، مرمێ!**
**هەر ئی دڵە بێ تاقەتەو منە، ڕەی را**
**وەشڵێ ئی گردە بنیادمێ**
**تەنیا چنی لاونایوەو وارانی و تەژنەیی، نسبەتشا بیێ**
**ڕەی را! ڕەی را!**
**تەنیا دووبارە کەردەی نامێ تۆنە کە ماچۆم پەنە**
**چەمەکات واڵێ وارانینێ...**

## پەیڤێک لە گەڵ «مەنوچێهر ئاتەشی»

### شاعێری ناسراوی هاوچەرخی ئێران *

### هەڤپەیڤین: عادڵ محەمەدپوور



................................................................

**مەنوچێهر ئاتەشی:**

**"بە هۆی وەگێڕدراوی شێعرەکانی «شێرکۆ بێکەس» و کەم و زۆر شێعری تری کوردی، لە گەڵ شێعری کوردی ئاشنا بووم و چێژم لێ وەرگرتون. من پێش لە شێعر، عاشقی شێعرییەتی ئاواز و گۆرانی کوردی بووم و بەراستی حەزی لێ دەکەم."**

................................................................

## ئاماژە:

مەنوچێهر ئاتەشی لە (٢)ی مانگی ڕەزبەری ساڵی (١٣١٠)ی کۆچی هەتاوی لە ناحیەی (دهرود) سەر بە قەزای (دشتستان) پارێزگای (بوشهر)ی ئێران لە دایک دەبێ. لە ساڵی (١٣٣٩) دێتە تاران و لە (دانشسرای عالی) لە خوێندن بەردەوام دەبێ و لیسانسی لە زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی وەردەگرێ و دەبێتە مامۆستای قوتابخانەکان. هاوکات لە گەڵ وانە وتنەوە لە گەڵ گۆڤارە ئەدەبی، ڕۆشنبیری و هونەرییەکان هاوکاری دەکات و شێعر و وتاری جۆراوجۆر دەنووسێ و سەرەنجام خۆی وەک شاعێرێکی هاوچەرخی کۆمەڵگەخوازیی زمانی فارسی پێناسە دەکات. ئاتەشی یەکێکە لەو چەند شاعێرە بەرزانە کە ناسراون بە شێعری «نیمایی». شێوازی دەربڕینی شێعرەکانی ئاتەشی دۆڵەمەند و بەهێز و تژین لە هەستی گەرم و بەسۆزی هەرێمی باشووری ئێران(اقلیم جنوب ایران) کە زێدی شاعێر بووە. ئەم شاعێرە پاش تەمەنێکی دوور و درێژ لە داهێنانی شێعر و دانانی چەندین دیوان و وەرگێڕاندنی چەندین کتێب و نوسینی چەندەها وتاری ئەدەبی-هونەری و...، سەرەنجام لە (٢٩)ی خەزەڵوەری ساڵی (١٣٨٤)ی ک.ه لە تەمەنی (٧٤) ساڵیدا دڵی لە لێدان کەوت و لە بیمارستانی (سینا)ی تاران کۆچی دوایی کرد. ئەم دیمانە لە ساڵی (١٣٨٠)ی ک.ه واتە (٤) ساڵ پێش لە کۆچی لە پیشانگای چاپەمەنییە سەراسەرییەکانی تاران(نمایشگاه سراسری مەتبووعات) لە نووسینگەی گۆڤاری (کارنامە) کە ئەو دەم لە ژێر چاودێری زانستی ئەم شاعێرەدا چاپ و بڵاو دەکرایەوە، سازکراوە و ئێستا دەخرێتە بەر دیدی خوێنەرانی ئەدەب دۆست.

## بەرهەمە شێعرەکانی:

ئاهەنگێکی دیکە( آهنگ دیگر ١٣٣٩)، ئاوازی خاک( آواز خاک ١٣٤٧)، دیدار لە دەم بەیان(دیدار در فلق ١٣٤٨)، لە کۆتایی دەسپێکدا، گوڵبژێری شێعرەکانی(برانتهای آغاز، گزینه اشعار ١٣٦٥)، وەسفی گوڵی سووری(وێف گل سوری ١٣٧٠)، گەنم و

گێڵاس(گندم و گیلاس ۱۳۷۰)، جوانتر له دیمەنی کۆنی جیهان( زیباتر از شکل قدیم جهان ۱۳۷٦)، چه تاڵه ئەم سێوه(چه تلخ است این سیب ۱۳۷۸)، خەلیج و خەزەر(خلیج و خزر ۱۳۸۰)، بارانی گەڵای چێژ(باران برگ زوق: دفتر غزل‌ها ۱۳۸۰)، کارەساتی کۆتایی(اتفاق آخر ۱۳۸۰)، کارەسات له بەیانی(حادپه در بامداد ۱۳۸۰)، رەگەکانی شەو(ریشه‌های شب ۱۳۸۴)، غەزەڵ غەزەڵەکانی سورنا(غزل غزل‌های سورنا ۱۳۸۴)

...................................

⊠ ئەمێستاکه شێعر دەنووسیت چه هەستێکت هەیه؟ دوێنێ چی؟ داهاتووی شێعر چۆن دەبینیت؟

o ئەگەر مەبەستتان تەمەنێکه که سەرفی شێعر وتنەوەم کردوه و ئێستاکەش سەرقاڵی هەم، نازانم چلۆن وڵامێکتان بدەمەوه. ئایا بڵێم پەشیمانم که پەنجا ساڵ پتره که سەرقاڵی ئەم کارەم، هەر چەند به لامەوه زۆر جوان و پیرۆزه و ژیانی خۆم و بنەماڵەکەمی داگیر کردوه و تەنانەت کەوتووینه بەر هەڕەشەی هەژاریش؟ ئەم وڵامه زۆرتر له گاڵته دەچێ. «چیتر بۆ کەس تەمەنێکتر نالوێت» که له بنەوەڕا به لەونێکی دی دەست پێ بکاتەوه، سەرەڕای ئەمەش ئەگەریش دەست بدات چه مەعلووم، هەر بەم کاره دەست پێ بکەمەوه. ئیدی شاعێری و نووسین بووەته چارەنووسی من و پێی دەرەوەستم. هەستێک که هەمه ئەوەیه که نەکا رۆژێک لەم شەوقه بکەوم! وا بیر دەکەمەوه که شێعر وتنەوه و نووسین و داهێنان، بۆ من زۆر «ئەرێنی»یه، چوون ئەزانم ئەورۆکه پاش هەزاران ساڵ مێژوویەکی تژی به شۆربەختی و پچڕپچڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەر خاوەن نیشتمانێکم به ناو ئێران، که به هۆکاری «شێعر و سروود و نوسین»ەوه بووه.

ئێمه به درێژایی مێژوو شمشێرێکی به بڕشت و سەرکەوتوومان نەبووه، کەچی له شێعردا ژیاوم و به شێعریش به شەڕ هاتووم(ئەگەر ئەم تەعبیرەم درووست بەکار

هێنابێت) کە واتە دوێنێش دەبێتە پاشکۆی ئەمڕۆ. دوێنێ بە شەوقەوە دەستم پێکرد، ئەمڕۆش بە شەوقەوە دەنووسم و سبەیش هەر وەها...

 ئێستاکە باسگەلی تیئۆریی مودێڕنیزم و پاش مودێڕنیزم لە شێعری هاوچەرخدا بوەتە باو، ڕوانگەتان و شێعرتان لە کوێی ئەم ترۆپکەلەدا جێ دەگرێت؟

 سەرەتا هەڵوێستی من ئەمە بووە کە ئێمە بە شپرزیی و خێراییەوە ئاوڕمان لەم دۆخە داوەتەوە. ئەم وتەزاگەلە هێشتا بەشێک نین لە پێداویستیی ئەدەبیاتی ئێمە و هەر وەهاش بەستێنەی تێ هزرین و فەلسەفەمان. ئێمە هێشتاکە واین لە ململانێی نێوان «نەریت و مودێڕنیزم»دا و تەنانەت تای ترازوو بە لای «نەریت، سنت»دا دەشکێتەوە. سەرەتا دەبێت لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆشنبیریماندا ئەم ململانێیە چارەسەر بکەین. با باسە تیئۆریکیی و گوزارەکان بە کەیفی خۆیان رووی تێ بکەن و ئێمەش دەتوانین بیانخوێنینەوە و دەرکیان بکەین، تا سەرەنجام لە زەینی کۆمەڵگەکەماندا، پراکتیزە و سەقامگیر ببێتن و بەکاریان بهێنین. بەڵام دەبێ زۆر بە وردی و بە پارێز لە گەڵ ئەم «وتەزا»گەلە هەڵسوکەوت بکەین و لە گەڵ پێکهاتەی باری رۆشنبیریمان بیانگونجێنین و ئەنجا ئەگەر بۆمان لوا بیانکەینە هاوسەنگیی باری رۆشنبیری خۆمان، بێگومان تاقیکردنەوەیان بێ سوود نابێت. دەبێ باوەڕمان بە ئەم راستییە ببێت کە هونەر لە ناخی گوزارەدا ناخولقێ پێچەوانە ئەمە گوزارەکانن کە لە نێو دڵی هونەردا دەخولقێن. کە وابوو دەبێ بە دواچوونی بۆ بکەین کە ئایا لە رابردوودا ئەم باسە تیئۆریکیانە لە ناخی هونەری ئێمەدا هەبوون یان نا، یان دەکرا بن، تا بگەینە وڵامێکی ئەرێنی و ئیجابی. «پاش مۆدێڕن»ەکان ئێستا دەرکیان بە ئەم ڕاستییە کردوە کە زۆربەی ڕووکردەکانیان لە بەستێنی بەرهەمی ڕابردوو کاردانەوەی وەرگرتوە، بۆیە ئەمێستاکە ئامریکییەکان شێعرەکانی مەولانای(بەلخی) بە ئامێری گیتارەوە(moوزیک) دەڵێنەوە، واتە مەولانای مۆدێڕن لە ناخی نەریتی ئەوسادا لە دایک دەبێت و نەریت دەتوانێ لە نێو «مۆدێڕنیزم»یشدا جێگای هەبێت. بەڵام من شێعرەکەم دەڵێم، لەو بارەوە خوێندنەوەی خۆمم هەیە، کەچی لە کاتی

**داهێنانی شێعردا بە ئەو بارە تیئۆریکییە ئیهتێمام ناکەم، واتە ڕاهاتووی هەردوو باری «نەریت و مۆدێڕنیزم» هەم، هەوڵیش دەدەم لە گوزارەی «پاش مۆدێڕنیزم»یش بێ بەهرە نەبم، پێموایە کە ئەمانە ئەندێشەی باوی سەردەمی ئێمەن و ناچارین بە ناسین و ناساندنیان.**

**▯ ئاشنایەتیت لە گەڵ شێعر و شاعێرانی کوردی تا چە ڕادەیەکە؟ چۆن دەڕوانیتە شێعری کوردی؟**

**o مخابن من ئاشنایەتی قووڵ و بەرفراوانم لە گەڵ شێعر و ئەدەبی کوردی نییە، سەرەڕای ئەمە من خۆم یەک پارچە بە کورد دەزانم، ئەم هەوێنەش لە بنەماڵەکەمدا بە خەستی ڕەنگی داوەتەوە، بە هۆی درێژی تەمەنی ڕۆژگار و دابڕان لە زێد و نیشتمانم(ماوەی دوو سەدە)، زمانی کوردیم بە تەواوەتی لە بیر کردوە، ئێستا من بە پانتای جوگرافیای «باشووریی ئێران» هەژمار دەکرێم و ئەمە ڕاستییەکە کە نکوولی لێ ناکرێ. «کورد» لە لای من خولیایەک و بیرەوەریەکی دوور و درێژ بەڵام شیرینی هەیە. سەرەڕای ئەمانە بە هۆی وەگێڕدراوی شێعرەکانی «شێرکۆ بێکەس» و کەم و زۆر شێعری تری کوردی، لە گەڵ شێعری کوردی ئاشنا بووم و چێژم لێ وەرگرتون. من پێش لە شێعر، عاشقی شێعرییەتی ئاواز و گۆرانی کوردی بووم و بەراستی حەزی لێ دەکەم. ئەوەی کە شێعری کوردی لە چە ئاستێکدا دەبینم، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان بێ ئاگاییم لەو شێعرە، شێعرەکانی «شێرکۆ»م لە ڕێی وەرگێڕانەوە خوێندوەتەوە، کە جێگای پەسەندی منن. پێموایە هەڵگری کۆمەڵێ خسڵەتی جەوهەریی تایبەت و سەربەخۆن. بەڵام خەسارێک-هەموو ئەدەبی کوردی- دەگرێتەوە، ئەوەش ئەوەیە پێ ئەوەی نزیک بە سەرچاوەی ڕەسەنی خۆی یانێ زمانی (فارسی) بێ لە زمانی عەرەبی و ترکی نزیکترە و کاردانەوەی وەرگرتوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو دابڕانەیە کە نەتەوەی کورد دووچاری بووە.**

- جەنابت لە کتێبەکانتا لە دابەزاندنی زمانی شێعر سەرکەوتوو بوویت، ئایا دەبێ ئەم ئەزموونە وەرگرتە لە ئەندێشە و زمانی ئێوەی بزانین یان لە کاریگەری چەمکە تێئۆرییەکانی سەردەم؟

o ئاشنایی من لە گەڵ چەمکە تێئۆرییەکانی سەردەی جیهان لە ئاستی دیتراندایە، واتە خوێندنەوەی چەند کتێب و وتار، کە لەو باوەڕەدا نیم کە زۆر کاریگەرییان هەبووبێت، بە تایبەت لە وا کە من پتر لە پەنجا ساڵە شێعر دەڵێمەوە و ئەگەر ئەمە تەنیا خوشحاڵی رووت نەبێ، لە هەمان دەسپێکدا سەرکەوتوو بووم. یەک لە هۆکاری سەرکەوتنم لەم بوارەدا، خۆڕسک بوونی شێعرە لەمندا. هۆکاریتر کە من و نەوەی شاعێرانی من، پێش لە شاعێرانی لاو ئاشنای شێعری پێشڕەوی جیهان بووین. ئێمە چل ساڵ پێش لە ئێستا لە گەڵ «ڕمبۆ، بۆدلێر، مالارمە، ڤالێری، ڤرلن، سن ژون پرس، ئێلوار و ئاراگۆن و...» ئاشنا بووین، ئەڵبەتە باس لە تێئۆری نەبوو. ئەوەی کە ئێمەی هان ئەدا، وێنەی تازە و ڕوانگەی نوێ بوو کە لە گەڵ زانیارییەکانی ئێمە جیاواز بوو و بەو شێوە ئێمەی داگیر دەکرد. زمانی ئەوانمان نەدەزانی و وەرگێڕدراوەکانمان دەخوێندەوە، کاریگەرییە زمانییەکانمان نەدەویست و پاڵپشتمان هەمان زمانی خۆماڵی بوو کە لە بەستێنی قوتابخانەی «نیما» فێری بوو بووین. ئێمە قابلییەت و توانستی زمانی فارسیمان لە ڕێی «نیما»وە کەشف کردبوو تا لە بۆتەی ئەزموونە جۆراوجۆرەکاندا لە دەستی نەدەین. لە گەڵ هەست(حس) و هزری نوێش تەباییمان هەبوو و ئێستاش هەمانە، بەڵام لە گەڵ گۆڕانی بنەمایی و بشێویی ئەو مەنهەجەدا نەبووین و نین.

- شاعێرانی لاو جاروبار لەو ڕێچکە لا دەدەن، بۆ ئەوان پەندەکانی چین؟

o مەرجی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ چێژ و بەهرەی تاکی خۆیان کە چۆن کەڵکی لێ وەربگرن، دەبێ بە تەواوی رادەی توانست و رەوشی دابەزاندنی زمان لە بەرچاو بگرن و هەبوونیان لە گرەوی شێعردا هەبێت و لەو دانووساندنەدا، دنیایەکی نوێ هاوسەنگ لە گەڵ هەست و دەرکی سەردەمیانە، کەشف بکەن و لەم

مومارەسەدا زانیارییە نوێکان لە هەناویاندا، سەقامگرتوو بێت، بەڵام با ڕەگەکانی زمان و ئەدەبی رەسەن و خۆماڵی لە بیر نەکەن.

 لە شێعری کوردیدا چە گۆڕانکارییەک پێویستە کە هاوسەنگی بکات لە گەڵ شێعری پێشڕەوی جیهانی؟

o بە باوەڕی من ئەو بەشەی لە شێعری کوردی کە لە گەڵ کۆیلەتی و چەوساندنەوەی گەلی کورد پێوەندی هەیە، ئێستا لە جیهاندا ناسراوە و رەنگدانەوەی هەبوە. پێویستە بەو حەماسەت و پاڵەوانیی و خۆڕاگرییەی خۆیدا بچێتەتەوە و بیکاتە چەمکی جوانکاری و ڕەنگ و رووی هونەری پێ بدرێت.
چیرۆکی چەوسانە و کۆیلەتی دەتوانێ زادەی چەشنێک جوانکاریی شێعریی و لە هەمان کاتدا، تراجیدی ڕەنجی ئەو گەلە وێنا دەکات. وەکوو سەرلێشێواوێک و شەوێک بە سەربردن لە ئەشکەوتێکدا لە پاڵ ئاورێک و ڕوانین بۆ ئەشکەوتی ئەفلاتوون! بە هەر حاڵ ئەم شێعرە دەبێ لە سەر بنجی زمانەکەی خۆی بڕوێ و ئاخێزگەی ڕەسەنایەتیی لە بیر نەکات.

 ئایا کارەساتی قەیران لە شێعردا روو دەدات؟ شێعری هاوچەرخ لە چە ئاستێکی شێعری جیهانیدایە؟

o قەیران لە کۆمەڵگە و ناخی کۆمەڵگەدا بە دێ دێت و لە شێعردا وێنا پەیدا دەکات. قەیرانیش لە جیهاندا فراوانە. لە رۆژئاوا بە ئوبژە بوون(بێ باییبوون) و ترس و دڵەڕاوکێ لە دارمان و داتەپینی جیهان، لە شێعردا ڕەنگی داوەتەوە و بووەتە هۆی لە دایک بوونی بەرهەمێک وەک «سەرزەمینی هەرزی ئیلیۆت». لەم نیشتمانەی قەومە سەرلێشێواوەکانی ئێمەشدا، قەیران دیاردەیەکی ئاسایی و نەبڕاوەیە کە خۆبەخۆ لە شێعریشدا وێنا دەکرێت و دەشبێتە هۆکاری جوانی و کاریگەریی دەقەکە، وەک شێعری کوردی و هەموو قۆناغەکانی شێعری فارسی لە ئێران.

**شعری تازه از منوچهر آتشی:**

دیگر نمی توانم
گرداب سرخ را
تا شانه در اسارتم
این دست سرافراز که می بینی
فریاد استغاپه است
دیگر نمی توانم
برقلعه ها پلنگ تو باشم ای ماه
از دامنه، سواری
با تاخت می گذرد
ـ آن سوی کوه جنگ است ـ
ای کاش عشق را
مانند گرده ای نان قسمت کرد
ای کاش
می شد غرور را به گلستان برد
گرداب سرخ ... افسوس!
دیگر نمی توانم
حتی خدنگ تو باشم ای مرد!
ساری رسد از راه و خواب درخت کهنم را آشفت
هر گوشه را هراسان کاوید
«موج عظیم پشت سر است و تاراج سرب درپیش»
ای کاش می توانستم
افسوس ای شهامت مشکین بالدار، ای سالار!
چوپان، خسته خواب علف های سبز می بیند
«کاپوی» گله از تب گرم بلوغ بی تاب است

و اینک !
گرگ سفید ماده نزدیک می شود
ای پا زن بزرگ پیش آهنگ !
ای کاش می توانستم
بانگ بلند زنگ تو باشم
گرداب سرخ را ... افسوس!

**شێعرێکی  تازە لە مەنووچێهر ئاتەشی:**
**و. عادڵ محەمەدپوور**

**چیتر ناتوانم**
**لە گێژاوی سوور**
**تاکوو شانە یەخسیرم**
**ئەو دەستە سەرفەرازە کە دەیبینی**
**هاواری فریاکەوتنە**
**چیتر ناتوانم**
**لە شوورەکان پڵنگی تو بم ئەی مانگ!**
**لە پێدەشت تاڵە سوارێک**
**بە خێرایی تێدەپەڕێت**
**ـ ئەو دیوی شاخ شەڕە**
**بریا عەشق**
**وەکوو نان دابەش بکردرایێ**
**بریا**
**ورە بە گوڵستان ببردرایێ**
**گێژاوی سوور...مخابن**
**چیتر ناتوانم**
**کە تەنانەت خەدەنگی تو بم ئەی پیاو**
**پاسارییەک دێت و خەوی دارە بە ساڵاچووەکەمی زڕاند**
**هەراسان هەر قوژبنێکی پشکاند**
**«شەپۆلێ مەزن لە پاشەوەیە و تالانی ئاسن لە پێش»**
**بریا بمتوانیبا**
**مخابن ئەی لێهاتووی ڕەشتاڵەی باڵدار، ئەی سالار**

شوان، ماندوو خەو بە ڕوەکە کەسکەکانەوە دەبینێ
کەپۆڵی ڕان لە یاوی گەرمی پێگەییو بێ قەرارە
و هاکا!
دەڵە گورگە سپیەکە نزیک ببێتەوە
ئەی پێ لێدەرە مەزنە پێشاهەنگەکە!
بریا بمتوانیبا
زایەڵەی بەرزی زەنگی تو بوومایی
لە گێژاوی سووردا...مخابن!

## شێعرێ جە مەنووچێهر ئاتەشی:
## و. عادڵ محەمەدپوور

ئیتر مەتاوو
جە تەنوورێ سوور
تا سەروو شانەیم یەخسیرنا
ئا دەسە سەرفرازە کە وینیش
هاواروو فریاکەوتەیا
ئیتر مەتاوو
جە قەڵاکانە پاڵنگوو تۆ بوو ئەی مانگە!
جە پادەشت، تاڵە سوارێ
بە پڕتاف ڤیەرۆ
- ئەودیموو سەختەکەی جەنگا
وەشڵێ ئەشق
پێسە نانی بەشکریایێ
وەشڵێ
کریێ ورەت بەردێ گۆڵستان
تەنوورێ سوور...داخەکەم
ئیتر مەتاوو
تەنانەت خەدەنگوو تۆ بوو ئی پیا
پاساریێ مێ و وەرمووە درەختە قەدیمیەکەیمش زڕنا
هەراسان گردکۆرە ولێش ڤشکنا
"شەپۆلێ هێقمە پەشت سەرنە و تاڵانوو ئاسنی ڤەردەم"
ڤەشڵێ تاواییێم
ئەی چنەئامای سیاوڵانەی باڵدار، ئەی سالار

شوانه، مانیا، ڤەرموو گیواوە سەوزەکا ڤینۆ
قەپۆسەو گەلەی جە یاوی گەرمی بلۆقیای بێ قەرارا
و هاکا!
دەڵە وەرگە چەرمەکێ نزیکە بۆوە
ئەی پادەرە گەورە پێشاهەنگەکە!
ڤەشڵێ تاوابییێم
زایەڵەو بەرزوو زەنگوو تۆ بیێنێ
جە تەنووریێ سوورنە... داخەکەم!

- ئەم دیمانە لە مانگی گەلاوێژی (١٣٨٠ ک.ە) سازدراوە و لە گۆڤاری زرێبار ژ (٢٠-١٩)، بڵاو کراوەتەوە

# وت و وێژ لە گەڵ عەلی دەسماڵی

## شاعێر، نووسەر و ڕۆژنامە نووس*

سازدان و ئامادە کردنی:

عادڵ محەمەدپوور

.......................................................



**ئاماژە: عەلی دەسماڵی شاعێر، نووسەر، ڕۆژنامەوان، ئاوا خوی پیناسە دەکات:**

من پیاوێکی ٣١ ساڵەم بە یەک دنیا هیوا و ئاواتی گەورەوە. یەکێک لە گەورەترین ئاواتەکانم ئەوەیە ڕۆژیک بە چاو ببینم کە خەڵکی کوردستانی ئێران و خودی ئێران فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر ئەوندەی نان و ئاو و هەوا و پێکەنین بە زەروور و پێویست بزانن. لە ماوەی دوازدە سێزدە ساڵدا کە بە کاری ئەدەبی کوردی و فارسی و تورکییەوە خەریک بووم، بابەتی زۆرم نووسیوە، ئێستا دوو کۆمەڵە چیروکی فارسیم هەیە کە ئامادەی چاپن یەک کۆمەڵە چیروکی کوردی و یەک کۆمەڵە شێعری کوردیم ئامادەی چاپن. هەروەها کۆمەڵێک شێعری شاعێرانی هاوچەرخی تورکم لە تورکی ئەستەمولیەوە هێناوەتە سەرکوردی و لە دەزگای ئاراس‌دا بڵاوکرایەوە کە بریا ئەوکارەم نەدەکرد و ئەو کتێبەم لەوێ بڵاو نەدەکرایەوە. چوونکە هەر نازانم سەر ئەنجامی بوو بە چی. دوستێک لەوێ کە دانەی دیتبوو ئیمزای کردووە بە ڕێی کردووە بۆم. ناوی کتێبەکە ئەمەیە: «تاڵترین قاوە» بە دڵنیاییەوە بڵێم کەسێک لەوێ دۆست و پشتیوانی نەبێ یان بەرهەمەکەی بڵاو ناکەنەوە یان بە شێوەیەک کاری لە سەرئەکەن کە دوایی پەشیمان ببێیتەوە و بەڵام ڕاشکاوانە بڵێم هیچ کاتێک حازر نابم بۆ چاپی کتێبی خۆم بە ڕێگای وادا بڕۆم کە پێویستی بەوە بێت بەشێک لە بوونی شاعێرانە و ڕوناکبیرانەم فیدا ببێت. کۆمەڵێک چیرۆکی تورکی بە دەستمەوەیە کە بیانکەم بە کوردی. هەروەها ئەگەر هەل و مەرجی نا لەباری ئابووری مەجالم پێ بدات حەز ئەکەم رومانێکی (ئورهان پامۆک) بێنمە سەر زمانی کوردی. ڕەحمەتی (موحەمەد ئوزون) کاتی خۆی کتێبەکانی خۆی ڕەوانە کرد بۆم هەتا وەکوو وەریان بگێرمە سەرکوردی سۆرانی بەڵام ڕێ نەکەوت و مەرگ مەجالی پێ نەدا کە ڕێگای چاپ کردنی ئەو بەرهەمانە خۆش بکات. من زۆر زۆر حەزم لەکاری وت و وێژی پسپۆڕانە و تێروتەسەلە. حەز ئەکەم ٢٠ وت و وێژی بەرخوە لەگەڵ هونەرمەندان و ڕوناکبیرانی کورددا سازبکەم و بڵاویان بکەمەوە لەگەڵ تەواوی ئەم هیوا و ئاواتانەدا

**حەزم لە تەمەنی درێژ نییە. زۆر بە عەیب و شوورەیی ئەزانم کە تەمەنێکی درێژم ببێت. حەز ئەکەم تا چوار پێنج ساڵێکی‌تر چەن کار و بەرهەمی باش بخولقێنم و ماڵاوایی لە بەرد و باڵندە و کانیاوەکان بکەم.**

○ **بەرێز عەلی دەسماڵی شاعێر و نووسەر، وێڕای سپاس بۆ بەشداریت، بۆ ئەوەی ئەم دیمانە ئەدەبیە، شیوازیکی سیستماتیک بە گشتی لە سەر رەوتی شێعری کوردی بگرێتە خۆی، ئەمەوی پرسیاریکی میژوویی بورووژینم تا بەردەنگ بتوانی لەم وتوویژە هەندی شت لە زار و بۆچوونی جەنابتەوە، وەر بگری، ئەنجا بێمەوە سەر شێعری هاوچەرخ بە تایبەت شێعری هاوچەرخی رۆژهەلات، ئەمەش پرسیارەکەیە، بە رای جەنابت سەرەتای سەرهەلدانی شێعری کوردی وەک دەق، دیکۆمینت، بۆ کەی هەڵدەگەڕێتەوە و لەم نیوەندەدا چە فاکتگەلیکی شیوازناسانە بە دەستەوەن کە جەخت بکاتە سەر ئەم تێکستانە و هەر لە بنەوەڕا تا ئەمێستاکە شێعری کوردی چۆن خانەبەندی ئەکەن، ئەمانەوی بە تەسەل باسی لە سەر بکەن.**

- **باس کردن لەسەر قۆناغە مێژوویی‌یەکانی ئەدەب و وێژەی کوردی، گەلێک دژوار و ئەستەمە. ببوورن هەربەگشتی باس کردن لەسەر هەموو شتێکی کورد، دژوارە. ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی‌یە: یەکەمیان نادیاربوون و زۆلال نەبوونی رەوتی ژیانی گەلی کورد بە هەموو رەهەندە ئابوری و سیاسی و چاندییەکانیەوە. دووهەمیان لە بەرئەوەی کە ئێمە زۆرجار ناوێرین باسی ڕابردوو بکەین. لەبەر ئەوەی لە ئێستای زەین و مێشکی ئێمەدا دونیایەک فەخر و شانازی مێژویی هەیە کە وانەیە تاوتوێ کردن و ئانالیز و شیکاریەکی پسپۆڕانە بە شێک لەو شانازیانە بخاتە ژێرگومان و تێفکرینەوە. ئێمە وەکوو گەلی کورد لە گەڵ «ناسین» و «هرز»دا ناکۆکی‌یەکی زۆرمان هەبووە و ئەم ناسینە ئیشتاش بەردەوامە.**

من نازانم بۆچی بەردەوام ئێمە هەوڵ ئەدەین ئیماژ و وێنەیەک لە خۆمان بخەینە بەرچاو  کە بەردەوام بوونێکی دەسەڵات خوازانەی بووە. ئەی بۆ باس ئەمە نەکەین کە ئێمە هەوڵدانی چانەی و هونەریشمان بووە؟ بەداخەوە مێژووی ئێمە ئەوەندە بە سەر هەڵدان و خەبات و شۆرش و جم و جۆلی سیاسی و حیزبییەوە بەسراوەتەوە، کە باس کردن لەسەر ئال و گۆڕە چاندی فەرهەنگییەکمانمان ئاسان و سارکار نییە. بۆ وێنە من بۆ خۆم وەکوو هۆگرێکی ئەدەب و وێژەی کوردی بەردەوام بیر لەمە ئەکەمەوە کە «لایف ئیستایل» یان شێوازی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری بۆچی بەردەوام بە شێوەیەک بووە کە ئەدەب و وێژە و نووسین پێوەندی ڕاستە و خۆی بێت بە هەوڵ و جم و جوڵی پیاوانی ئایینییەوە. ئێوە بێن سەیرێکی مێژوو بکەن زۆربەی ئەو کەسانە وا لە پەڕاوو بەیازە کۆنەکانی ئەهلی حەق و ئیزێدیەکان‌دا بەرهەمیان هەیە دەروێش و پیرو خەراباتی بووگن. لە چاخەکانی  پاش ئەوەشدا ئێمە ئەبینین خانای قوبادی و مەلای جەزیری و نالی و خانی و جگەرخوێن و مەلای باتی و فەقێ ئەیران و هێمن و هەژار و هتد، پیاوی ئایینیی و عیرفانی و زانیاری دینی بوون لە ڕاستی‌دا ئەدەب و وێژە بە شێک لە پەراوێزەکانی ژیانی ئەوان بووە. لە لای‌ترەوە ئێمە لە خوێندنەوەی بە سەرهاتی هۆزەکان‌دا بۆمان دەرئەکەوێ کە بەشێک لە پیاوان و ژنانی چینی خاوەن دەسەڵاتی عێڵ و عەشیرەتەکان خۆیانیان بە ئەدەبەوە خەریک کردووە.  زۆرجار لە خۆم پرسیار ئەکەم بۆچی لە ناو چینی بێ دەسەلاتی کۆمەڵگا و توێژی ئاساییدا کەسێک بە دوای خوێندن و نووسین و ئەدەب‌دا نەڕۆیشتووە. لەڕاستیدا من ئەمەوێ هەر لەم هەنگاوی سەرەتای وت و وێژەوە ئەوپەڕی داخە و کەسەری دڵی خۆم ڕابگەینم لە رامبەر ئەم هەموو تەم و تۆزە وا بەسەر مێژووی کورد بە گشتی و مێژووی ئەدەب و فەرهەنگ کوردی بە تایبەتی، نیشتووە. ئێمە بە ڕاستی بۆ دیاری کردنی قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەب و

مێژووی کوردی تووشی ئاڵوزی و سەرلێشێواوی ئەبین. یەکێک لە نووسرانی لای ئێمە کە حەز ناکەم بە ناوەکەی ئاماژە بکەم لە پەرتوکێکدا ئاماژە بەوە ئەکات کە یەکەم کتێبی کوردی «ئاڤێستا»یەو بەم پێیشە زەردەشتی پێغەمبەر بە یەکەم نووسەری کورد ناوزەد دەکات. مامۆستا عادڵی بەرێز! ڕاشکاوانە ئەمتان عەرز بکەم کەمن بەش بە حاڵی خۆم لە گەڵ ئەم جۆرە بۆچوون و تێڕوانینەگەلەدا ئەوەندە کێشەم هەیە کە حازر نیم کە لە ناوەی ئاوەها بیرو هزرێکدا بکەومە باس و وت و وێژەوە. ئەزانی بۆ؟ چونکە ئەوە بەڵێن و بڕیاری دا وەک زەردەشت و ئاڤێستا بکاتە بنەمای شوناسی کورد و ئەدەبی کورد. لەڕاستیدا ئەیەوێ زۆر بە سادەیی و سانایی هەموو شتێک تەواو بکات و گاتاکان و سرووودەکانی ئاڤێستا بکاتە یەکەم بەرهەمەکانی کتێبخانەی کوردی. بەڵام من نە تەنیا لە خوێنەرانی ڕامان بەڵکو جەنابتان کە ماستەری ئەدەبی و نووسەرێکی کوردن داوا ئەکەم باسی ئەمە بکەن کە ئایا ئێمە وەکو کورد ئەتوانین تەنیا دێڕێکی ئاڤێستا و گاتاکان و سرودەکانی بە پاراوی و بێگرفت بخوێنین و چێژی لێ وەربگرین بە واتا ئەمەوێ ئەمەتان عەرز بکەم ئەو بەرێزانە وا دێن و ئەیانەوێ بە زۆرەملێ و گوشاری زەردەشت و شێخ شەهابەدین سوهرەوردی و بابا تاهێری هەمەدانی بە ناوی نووسەر و شاعێری کورد دەسنیشان بکەن ئەیانەوێ ژێرباری خوێندنەوە شیکاری و بە دوادا گەڕان دەربچن و خۆیان لەهەموو پرسیارێک قوتاربکەن. ڕەنگە یەکێک لەسەرەکیترین هۆکاریەکانی ئەم جۆرە نووسین گەلە ئەوە بێت کە ئەو برادەرانە ئەیانەوێ کە ئەمانە بکەن بە بنەما بۆ سەلماندنی شوناسی گشتی و بنەڕەتی گەلەکەمان. بەڵام بۆخۆتان ئەزانن کە شێوازی زانستی و پێشکەوتن خوازانەی دارشتنی ئانتۆلۆژی ئەدەبییە کۆن و تازەکان ئەم جۆرە شتانە هەڵناگرێت. ئێمە ئەبینین کە لە کتێبی «سەرئەنجام» پەرتووکەکانیتری ئەهلی حەق و ئێزەدیدا شاعێری وا پەیدا ئەبێ کە هەر لە چاخی

سەر هەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە شێعری کوردی نووسیوە. بۆ وێنە ئەتوانین ئەوکەسانە بە «بالوولی ماهی» «بابە لۆڕەی لوڕستانی»، «بابە ڕەجەبی لوڕستانی»، بابە حاتەمی لوڕستانی «بابە قەیسەر» و زۆرکەسی‌تر ئاماژە بکەین. بەڵام کۆمەڵێ ئەو شێعر و بەرهەمانە وا لەم کسانە بە جێماون هێندە کەم و هێندە فەقیرانەیە کە ئێمە ناتوانین پولێن بەندی لە سەر بکەین و تایبەتمەندییە زمانی و مێژوویی و ناوەرۆکییەکانی دەس‌نیشان بکەین. جیاو لەم‌ش بە شێکی زۆرلەو بەرهەمانە وەکوو شێوازی نووسین، وەکوو فۆنتیک، وەکوو شێعر زۆرتر لە بابەتی ئەدەبی زارەکی ئەچێ.

واتا دوور نییە ئەو بابەتانە شێعری سەرزاری خەڵک بووبێتن و شاعێران ئەوانەیان نووسیوێتەوە. ئاستی کاریگەری پەروەردەیی و هونەری و کۆمەڵایەتی ئەدەب و وێژە لەو قۆناغەدا ئەوندە نەبووە کە شەپۆلی ئەدەبی و هونەری سازبکرێت و خەڵکەکە بە دوای ئەدەب بکەون. لەگە ڵ ئەوەشدا کەسێک یان کەسانێک وەکوو خاوەن سامان و خاوەن دەسەڵات وێژە و شاعێری کورد پشتگری نەکردووە، هەتاوەکوو بێن و شێعر و هۆنراوە دابنێن و تۆمار بکرێت. ئێوە ئەزانن کە ئەبولقاسمی فیردەوسی شاعێر و زانای گەورەی ئیران بە داخوازی سوڵتان مەحمەمودی غەزنەوی دێ بەرهەمێکی بەزر و مەزن بە ناوی شانامە، ئەخولقێنێ دوورنییە ئەگەر داخوازی ئەو سوڵتانە نەبوایە فیردەوسی مەیلی نووسینی شاهنامەی نەبوایات. ئێمەی کورد هێندە کێشەی ژیان و کێشەی دەسەلاتمان بووە کە نەمانتوانیوە شێوازێکی ئاسایی ژیان دابین بکەین و ئینجا بە کاری پەروەردە و چانە و ئەدەبەوە خەریک بین. لەگەڵ ئەمەشدا هەل و دەرفەتی فێربوونی زمانی زگماکی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردیمان نەبووە کۆمەڵێ ئەم زەمینە و هۆکارانە کە عەرزم کردن بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە

ئێمە نەتوانین قائیل بە شێوازێکی پۆلێن بەندی و خانەبەندی مێژوی ئەدەبی کوردی ببین کە هەمووومان لە سەری ئەو شێوازە هاوبیر و ڕا بین. من ئەم شێوازە بەژیرانە ئەزانم کە سەرەتاکانی ئەدەب و وێژەی تۆمارکراو و بەرخوەی ئەدەبی کوردی بە مەلای جەزیری و فەقێ تەیران و خانی و خانای قوبادییەوە ببەسرێتەوە لەوانەیە ئەمەش تۆزێ سەرسووڕمان دروس بکات کە بۆ چی ئەدەبی کرمانجی سەرەڕای ئەو ئاستەنگ مەزنانە کە جوغرافیا و مێژووی ناوچەکانی ئەوێ بەدی هێناوە دەس پێشخەری‌یان زۆرتر بووە و لە چاو زۆربوونی ئەژماری شاعێری هورامی زمان‌دا ئەوانن کە بەرهەمی زۆرتریان لێ ماوەتەوە.

کە دێینە سەر باسی ئەدەبی کوردی کوردستانی ئێران، ئێمە ئەبینین کە چۆن ڕەهەندی چالاک و بە هێز مێژووی وێژەی ئەم پارچەیەدا ئەکەوێتە بەرچاوە یەکەم: شاعێرانی دیالکتی هەورامی دووهەم: شاعێرانی دیالکتی کەلهوڕی و فەیلی سێهەم: شاعێرانی ناوچەی ژێر ڕکێفی میرنشینی ئەردەڵان چوارەم: شاعێرانی ناوچەی موکریان. دیارە ئەم پۆلێن بەندییەکی تەواو و هەمەلایەنە و گشتگیر نییە. بۆ وێنە من لە ئاستی هەوڵ و تێکۆشانی ئەدەبی شاعێرانی زاراوەی کرمانجی ژوورو سەر بە ورمێ و ماکۆ و ئەو شوێنانە ئاگادارییەکی وام نییە. هەر وەها نازانم شاعێرانی کوردی خوراسان چی‌یان کردووە. بەڵام خاڵێکی هاوبەش لەناو شاعێرانی سەر بە ئەم چوار ڕەهەندە ئەبینین. ئەو خاڵەش نزیک بوونی بەرهەمی هەر چوار لایە لە شێوەی ئەدەبی زارەکی و ئەدەبی نزیک بە گۆرانی و گێڕانەوە. ئاستی ناسک خەیاڵی و مامۆستایەتی شێعر و ئەدەب لە ئەدەبی هورامی کوردستانی ئێران‌دا کەم نەبووە بەڵام وەک ئەزانین شێعری هورامی سەرە ڕای ئەوەی جوان کاری‌یەکانی زۆرترلە خانووی وەسفی سروشت و کەش و هەوای لیریک و عارفانەدا ماوەتەوە.

لەڕاستیدا شێعر لە مانای پسپۆڕ بوونی زمان و شارەزا بوونی زمانی شێعری‌دا لە لای شاعێرانی ناوچەی موکریان‌دا ئەگاتە ئاستێکی هەرە بەرز لە پوختەبوون و وەستایەتی بۆ وێنە من پیم وایە وەفایی و هێمن و هەژار لە شێعردا بە شوێنێ گەیشتوون کە لە زمانی فارسی‌دا بە «استاد سخن» ناوی لێ ئەبرێت. دیارە ئاستی ئەم وەستایەتییە بە گوێرەی زمانی کوردی‌یە نەک بە گوێرەی ئەو چاوەڕوانییە وا ئێمە لە شاعێرانی ناسراوی ئەدەبی فارسی هەمانە. لە کوردستانی ئێران‌دا شێعرەکانی وەفایی و هێمن و هەژار و سالم و میسباح و تا ڕادەیەک مەستوورە توانیویەتی فەرهەنگی شێعر خوێندنەوە شێعر هۆنینەوە بە هێز بکات. خاڵی سەرەکی شێعری ئەم شاعێرانەش ئەوەیە کە ئێمە ئاستی کاریگەری ئەدەبی فارسی تیایاندا ئەبینین و بەم ڕاستی‌یە ئەگەین کە ئەم کەسانە « شێعرناس» بووگن و ئاگاداری چۆنیەتی ڕوبەڕو بوونەوەی شاعێرانە بوون لەگەڵ زمان و ناوەرۆک‌دا. ئەگەرچی هەل و مەرجی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی پەهلەوی شێوازی ئەدەبی خۆڕاگری و ناسیونالیسم تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر شاعێران دا ئەسەپێنێ بەڵام لەگەل ئەوەش‌دا عەشق و لیریک هەر شوێنی تایبەتی خۆی پاراستووە.

○ من پیموانیە کە پیناسەو بەدواچوونی رەوتی مێژوویی و کەشفی توخمە زوانییەکان بە رەوشی زانستی و زوانەوانی -کە لقێکە لە زانستە هەنووکەییەکان-لە گەرد و تۆزی رۆژگار، خۆ قوتارکردن بێ لە پرسیاری سەردەم، بە پێچەوانە، ئەوانەن کە خەریکی وڵامدانەوەن بە پرسەکانن. مافی سروشتی هەر نەتەوەیەکیشە کە خۆی بناسێ. بە ڕای من (گاساکان و یەسنا و هورمزگان و بابا تایەر) و شتیتر ملْکی کوردە، بەڵگە زوانی و مێژووییەکان ئەمە ئەسەلمێنێ. سروشتییە کە پێکهاتەو عەناسری زوانی سێهەزار ساڵ لەمەو پێش لە یەک نەچن کە واتە بە سانایی بە پێوەری ئەمرۆژی، پاراو و بێگرێ و گۆڵ نەخوێنرێنەوە.

- بێ گومان لە یەک ناچن. زمان ئاوێنەی باڵانوێنی هزر و ژیانە. ئێمە هزراندن و زیندەگانیمان تووشی وەرچەرخانی زۆر مەزن بوە. کە وایە ئەمڕۆ ناتوانین لە پێوەندی و دەربرین و بیردا هەر ئەو زمانە بەکار بێنین کە سێ هەزار ساڵ لە مەو پێش بوونی بووە. بەڵام کاک عادڵی بەڕێز، ئەمەش قبووڵ بکەین کە ئێمە وەکوو کورد، هێشتا نەمانتوانیوە بە تەواوەتی شێواز و ڕێبازی ژیانی ئەو سەردەمەی خۆمان بە وردی و بە جوانی بخوێنینەوە هەتاکوو بزانین ئەمڕۆ لە چاو ئەو دەورانە چەندە پێشکەوتووترین. بە گشتی من بۆ خۆم ئەم هێڵ و ڕێبازە لە لای خۆم دەس نیشان ئەکەم کە سەبارەت بەو شتە شانازی بکەم و قسە بکەم کە بە جوانی ئەیناسم. دیارە ئێمە زۆر شتمان تووشی فەوتان بووە و بەردەوام قەڵاچۆ کراوین بەڵام ئەمە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی دیعایەی زۆر مەزنمان بێت کە سەلماندنی مەحاڵ بێت.

- نازانم جەنابت تا چە ڕادە هایداری ڕەچەڵەک و دەروونناسی زوان و ئەدەبی کوردی هورامی هەیت. من بۆ خۆم کە هورامیم و شارەزای جەوهەری ئەم زوانە هەم و لەم حەوزەدا لە سەر گاتاکان و درەختی ئاسووریک و هورمزگان و زوان و شێعر و ئەدەبی هورامی ئیستا کارم کردوە و تەنانەت بە شێوەی شێوازناسانە و ئەدەبی شێعری هورامیم خانەبەندی کردوە و بەو ئاکامە گەیشتوم کە توخمێکی جەوهەری زوانی بە ناو نەغمە(کرکە) ئەمانە پێکەوە گرێ ئەدات وێڕای ئەوە کە کۆمەڵێکی زۆر و زەبەند واژە و دەستە واژەی هورامی لەم دەقانەدا بە جێماوە کە هاوبەشی و هاوخێزانی ئەمانە بەر لە ئیسلام لە گەڵ کوردی هورامیدا ئەسەلمێنێ. ئایا ئەمانە بەڵگە نین بۆ بنەمای سەرهەڵدانی شێعری کوردی بە تێکڕا؟ دەباشە ئەی بۆ فارسەکان دوای ئیسلام بۆ سەلماندن و بەڵگاندن و سەرهەڵدان و زیندووکردنەوەی مێژووی ئەدەبەکەیان تەنیا هەبوونی تاکە دێڕێ ئەکەن بە بنەما. ئەی بۆ ئێمە دەقی

(هورمزگان) لە دەهەکانی ئەوەڵی سەدەی یەکەمی کۆچیدا، نەکەین بە بنەما، هیچ خەریکین حاشایشی لێ ئەکەین.

- بەداخەوە توانستی نووسینم نییە بە هورامی، بەڵام لە شێعری هورامی تێدەگەم. من ئیستا سۆرانی وکرمانجی ژوور و بە باشی ئەناسم دیارە ئەگەر زازاکی و هورامیشم بزانییایە چێژی زۆرم لە ئەدەبی کوردی وەر ئەگرت من پێم وایە ناسین وخوێندنەوەی ڕێک و ڕاستی دە قی هورامی یەکێک لە بنەما گرنگەکانی تیۆریای ئە دبی کوردییە. بە داخەوە ئەدەبی هورامی بە جوانی نەناسراوە و لێک نەدراوەتەوە. ئەڵبەت خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەبێ ئاماژەی پێ بدرێت. جوغرافیای هورامان و شێوازی ژیانی ئەوێ دامەزرێنەری پێوەندی نەبووە، هەر بۆیە ژیانی ئەم زاراوەیە لە شوێنی خۆیدا سنووردار ماوەتەوە. من عاشقی شێعری بێسارانی و سەیدی و مەولەوی و کولیایی و شاعێرانی تری هورامی بێژم، لە گەڵ ئەوەشدا پێموایە ئاستی قووڵایی و پێشکەوتنی شێعری هورامی هاوتەریب و هاوڕادەی ئەدەبی سۆرانی و کرمانجی نییە کە دیارە ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە کە مەجالی باسی نییە.

لە وڵام بەشێکی تر لە پرسیارەکەدا ئەبێ بڵێم، نەخێر ئەمانە بەڵگە نین، ئەزانی بۆ؟ بە ڕای من تەنانەت سەلماندنی ئەوەی کە تەواوی ئاڤیستا و گاتاکان بە هورامی نووسراوە، ناتوانێ شتێک بسەلمێنێ کە بە قازانجی ئەدەبی کوردی و زمانی کوردی بێ. کاک عادڵ گیان لە کۆنینەی شێعری هورامیدا بەرهەمێک ئەبینین کە ئاستی فەلسەفی و هەستی ناسی گاتاکان و یەسنا و بەشەکانی تری ئاڤیستا تێیدا بەدی بکرێت؟ ئێمە ئەمانەوێ بە سەلماندنی کۆن بوون و دیرۆکی بوونی شێعری هورامی، بنەماکانی ئەدەبی کوردی دەس نیشان بکەین. باشە ئەگەر ئەوە وەکوو بنەما قبووڵ بکەین، دواتر لە سەر ئەو بنەمایە کام دیوار و کۆشک و قەڵا بونیات نراوە؟ من

پێموایە بە گشتی بەم جۆرە باسانە خەریکین غەدر لە زمان و ئەدەبی کوردی ئەکەین. ئێمە بە داخەوە هەنووکە بەردەوامین لە سەر ئەوەی کە تەواوی باری پێکهێنانی شوناسی کوردی بخەینە سەر ئەستۆی ئەدەب و زمان و شێعری کوردی. ئەمە خۆی لە خۆیدا تووشی ئەو سەر لێشێواویمان ئەکات کە لە جیاتی بیری پێشکەوتن خوازانەی ئێستا بە دوای هزری هیستۆریکاڵ و مێژووپەرەستیدا برۆین.

فارسەکان بە هەوڵدانی و چالاکی دوکتور تەفەزولی توانیان بەشێکی زۆرکەم لە ئەدەبی بەر لە ئیسلامی فارسی پەیدا بکەن و شانازی پێوەبکەن، بەڵام وەک جەنابتان ئاگادارن و وەکوو ماستەرێکی ئەدەبی فارسی زانیاریتان هەیە ئێستا بنەماکانی شێعر و ئەدەبی فارسی لە سەر ٥ شێوازی خوراسانی، عەراقی، هیندی، (مەشرووتە)، بادانەوەی ئەدەبی و نیمایی پۆلێن بەندی کراوە کە کۆنترینیان شێوازی خوراسانییە. من ناچارم بۆ جارێکی تر ئەمە دووپات بکەمەوە سەلماندنی ئەوەی کە ئێمە دە هەزار ساڵ مێژووی ئەدەبی کوردیمان بووە ناتوانێ یاریدەری و هاندەری ئەدەبی ئێستامان بێت. بەلامەوە سەیرە بۆچی ئێمە ئەوەندەی کە داکۆکی و ئیسرارمان لە سەر (ماد)بوون و مێدیایی بوون هەیە، باسی پێوەندییە ئاشکراکانی کوردی و پەهلەوی ناکەین. من ناڵێم مێژووی ئەدەبیمان وەلاوە بنین و بڵێین ساواو و بێ سامان و کۆرپەین، نەخێر ئێمە مێژوومان هەیە بەڵام مێژووی ئەدەبی ئێمە ئەو شتەیە کە تۆمارکراوە و توانیویەتی بزاڤ سازی و ڕێگە خۆشکەری بکات نەک ئەو شتەی کە ئارەزوومانە. دیارە مافی ئێمەیە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی دەس نیشان بکەین، بەڵام بۆ ڕەخنەگرێکی ئازا پەیدا نابێت هەر لە دەمی مەم و زینەوە تا دەمی گۆران بە جوانی پۆلێن بەندی بکاتن و گۆران بە باشی بخوێنێتەوە و دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە ئەدەبی ئێستای کوردیمان لە جیاتی

ئەوەی پێش بکەوێ بۆ دواوە ئەڕوات. ئیزنی ئەوە بدەن ئەدەبیات، ئەدەبیات بێت، نەک چەک و بەڵگە و لابراتواری سەلماندنی بوون و سنوور و نەتەوەمان. ئەدەبێک کە خوێنەری ئاگا و رەخنەگری زیرەک و نووسەری توانا و نوێخوازی نەبێت، تەنانەت بە مێژووی ١٠ هەزار ساڵە ناتوانێ شانازی بکات.

○ کاک عەلی، لەمانە تێپەڕین؛ وەک ئەزانین سوارەی ئیلخانی زادە بە ئاشنایەتی لە گەڵ بزاڤە ئەدەبیەکانی فارسی ئەو دەمە بە تایبەت خورپە بەخشی لە نیما؛ هەندێک بە ناو دەستپێکەر و رچەشکێنی شێعری جیاوازی ئەو کاتەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەیناسن، وەک دەزانین هەر بزاڤێکی ئەدەبی کە سەری هەڵدابێ، پێوەندی بە پێش زەمینەیێ کەوە هەیە کە کاردانەوەی لە سەر ئەو کەسایەتیە یان ئەو بزاوە هەبوە کە کاربەخش بووە بۆ بە لووتکە گەیاندنی ئەو مەنهەجە فیکری/ئەدەبیە. بە رای جەنابت فەکتەکانی ئەو مەنهەجە کامانەن و پێش سوارە یان هاوکات لە گەڵ ئەو جووڵانەوەدا، چ کەس یان کەسانێتر هەبوون کە رێگا خۆشکەر بوون بۆ سوارە و پاشان نوێخوازی لە شێعری رۆژهەڵاتی کوردستاندا، نموونەش وەک دەق بە چی ئاماژە دەکەن؟

• کاک عادڵ! من بەش بە حاڵی خۆم ئەزموونی سوارە بە ئەزموونێکی زۆر بەرز و بلیند نازانم. دڵنیام ئەم بۆچوونەی من زۆر کەس تووڕە ئەکات بەڵام ئیزنی ئەوەم پێ بدەن من ڕای خۆم بێنمە زمان. ئەگەر بۆچوونی من هەڵەیە بادۆستان ئاگادارم بکەنەوە و بە قەناعەت و بۆچوونی ڕاست بگەم. ئەگەریش هەڵە نییە ئەوە ئیدی جێگای وت و وێژ ئەبێ. سوارە وەکوو ئەدیب و شاعێرێکی کورد کە ئاگارداری ڕەوتی پێشکەوتنی ئەدەبی فارسی بووە و هات و چووی تارانی کردووە، هەنگاوێکی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی (نیمایوشیج و ئەخەوان سالیس) بە شێوازی

خۆی بێنێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. دیارە ئەم خۆی لە خۆی دارشتێکی خراپ نییە و زۆریش جێگای ڕێزو ستایشە. لە ڕاستی‌دا سوارە لە بەرخاتری ئەوە لەلای من ڕێزی هەیە و ئاداپتە کردن و پێوەندی دامەزراندنی بووە. سوارە بەم ڕاستییە گەیشتووە کە ئەبێ ئەدەبی کوردیش وەکوو ئەدەبی فارسی تووشی ئاڵ و گۆر ببێت بەڵام ئەزموون و تاقی کردنەوەیەکی زۆری نەکردووە. ئێوە بێن سەیری بەرهەمی سوارەبکەن چەن شێعری لێ ماوەتەوە. «شار» شێعرێکی جوان و بایەخدارە بە ڵام سوارە چەن شێعری هەیە؟ لەوانەیە دۆستان باسی ئەو بکەن کە سوارە تەنیا بەو چن شێعرەوە هەوڵی خۆی داوە و کارێکی زۆر مەزنی کردووە. نا کاکە سوارە زۆری نەنووسیوە. زۆر نەڕۆیشتۆتە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە لە تاران‌دا بووە و ئاگاداری بارودوخێ شێعر و فەرهەنگ و ئەدەب بووە تاقی کردنەوەکانی زۆرنین. ئێمە کە باسی شاعێری پێشڕەو یان ئاوانگارد ئەکەین، ناتوانین خۆمان لە باسی بیردۆزی و تئۆرییا قوتار بکەین. با پرسیاری ئەمە بکەین کە سوارە بۆ نوێخوازی و نوێ نووسین چ بەرنامە و پلانێکی بووە؟ ئایا پێشرەو بوون بە بێ بەرنامە و تێۆریا و دەقی نووسراو و ئەزموونی زۆر، ئەتوانی قبوڵ بکرێت؟ جەنابتان بەباشی لەسەر ڕەوتی شێعری بەر لە نیما و قۆناغی هەوڵدانەکانی (تەقی رەفعەت و شەمسی کەسمایی و ئەبولقاسمی لاهوتی و جافری خامنەیی) لێکۆڵینەوەتان کردووە. باش ئەزانن کە نیما چەندە لەگەڵ ئەو چوار کەسەدا جیاوازە. من پێم وایە هەر ئیستاش نامەکانی نیما و نەسرەکانی نیما باش‌ترین نموونەن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نیمایوشیج وەکوو باوکی شێعری نوێ فارسی، بەرنامە و پلان بۆ نوێ بوون و پێشکەوتن بووە. بەڵام ئاخۆ ئێمە ئەتوانین سوارە بە کەسێک بزانین کە بە پلان و تئوریا و ئاسۆوە شێعری نووسیوە؟ یان نا زۆرتر ئەبێ بە شاعێرێکی بزانین کە لەوپەڕی جوانی و وردکاری‌دا لاسایی لە شێوازی شێعر و نووسینی شاعێرانی نۆیخوازی ئێرانی کردۆتەوە؟

من هەوڵدانەکانی (چاوە و شەریف حسێن پەناهی) لە ڕەوتی گشتی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی کوردستان ئێران‌دا جیددی ئەبینم بە ڵام بەداخەوە ئەم هەوڵدانانە، ئەوندە کەم و هندکن کە تۆ ناتوانی لە فایلی تایبەت‌دا بە شێوەی بەربڵاو باسیان لێ بکەیت.

○ زەمینەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە دەهەکانی شەست (کۆچی هەتاوی) لەم بەشەی کوردستاندا، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ بە کامە دەق و بە کامانە شاعێر، ئیهتمامی لە سەر بکرێتن؟

• لەو ساڵانەدا بەڕای من گەورەترین ڕووداوی دونیایی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی کوردستانی ئێران، دامەزراندنی گۆڤاری سروە بووە بە هیمەتی مامۆستا هێمن و هاوڕێیانی ئەو. بوونی گوڤارێک بە زمانی کوردی و دام و دەزگایکی فەرهەنگی بۆ وەشان و بڵاوکردنەوی کتێبی کوردی خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکی زۆر گرنگ‌بوو بۆ ئەوەی نەوەیەکی شاعێر و نووسەر و رۆشنبیری نوێ پەروەردە بکرێن. ڕەنگە زۆرکەس بەم خاڵە ئاماژەی کردبێ کە گۆڤاری سروە لە کوردستانی ئێران‌دا تەنیا گوڤار نەبووە بەڵکوو فێرگەیەک بووە بۆ پەروردەی زمانی کوردی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ. لەگەڵ ئەمەش‌دا لەو ساڵانەدا دەقی شێعری زۆر سەرکەوتوانە و پێشکەوتن خوازانە لە شێعری کوردی ئەم پارچەیەی کوردستان‌دا تۆمار نەکراوە. دیارە ئەمەش ئەو ڕاستی‌یە دیاری ئەکات کە بۆ گەیشتن بە پرۆسەی ئەدەبی چالاک، کەش و هەوایەک پێویست بوو کە دواتر لە دەقەکان‌دا بە دی‌هات.

○ ڕاستە، دوایی ئەو دەقانە بەدی هاتن، بەڵام بە تێکڕا، پاش سوارە و ئەو کەسانەی کە باست لێوە کردن کە کارتێکردنیان هەبووە بۆ نۆژەنی شێعری کوردی

سۆرانی و کاردانەوەی سروە لە دەهەی شەست کە ئاماژەت پێدا، دوایی ڕەوتەکە، بە کام ئاراستەیەکدا ڕۆیشت؟ فۆڕم و ناوەڕۆکی چۆن بووە؟ وەک دەق شتی وامان هەبووە کە باس لەماننەوەیی شێعری ئیمە بکات؟ من وای بۆ دەچم ئەو دەقانەی لەو مەودا زەمەنییەدا، هەبووە، زۆرتر شێعری نهێنی/بەرگرییە و ڕەنگدانەوەی باری داخراوی سیاسی ئەو دەمەیە، ئەگینا وەک دەقە شێعری ناب کە لە سەر تەکنیکی جوانی ناسانە دانرابێ دەگمەنە. بەڵێ دواتر ئەم بۆشاییە بە هاتنی دەنگی تازەتر، پڕ دەکرێتەوە. ئێوە پەیلواتان(بۆچوون) لەم بارەوە چییە، دەنگەکان و جیاوازی هەناسەکانیان؟

• بەڵێ وایە، منیش لەگە لتان دام. لە ڕاستی‌دا کاک عادڵ، ئێمە بڕیار نییە بۆ ناسینی ئەدەبی گەلێک یان بەشێک لە ئەدەب و ویژەی گەلێک وەکوو ئەو کەسانە کار بکەین وا بە ئامرازی تایبەتەوە بەدوای زێڕدا ئەگەڕێن. ئەدەب و ویژە ئەو شتەیە وابوونی هەیە. ئەدەب ئەو دیاردە زمانی و هونەری و چاندییە تایبەتەیە وا لە کۆمەڵگە و زانکۆدا لایەنگرو و هۆگری هەیە. تۆ ناتوانی بە چەن شێعر و پەرتووک و بڵاڤۆکی نهێنی ئەو شتە بسەلمێنی کە لەو قوناغەدا ئەم هەوڵدانە، هەوڵدانێکی زیندووی جیددی بووە و ئێستاش زیندوویە. من لەجەنابتان پرسیار ئەکەم بۆچی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هیچ شاعێرێکی کوردی کوردستانی ئێران ئەوەندەی جەلال مەلەکشا ناوی نەکەوتۆتە سەر زار؟ تەنیا بە بەر خاتری ئەوەی هەوڵدانی زۆرتری بووە. چالاکی زۆرتری نواندووە. لەگەڵ ئەوەش‌دا شاعێری و شێعر نووسین بۆ جەلال کارێکی زۆر جیددی بووە. ئێمە ئەبینین کە شەریف حوسەین پەناهی بە نووسینی کۆمەڵە شێعری «ملوانکەی شین» بە شوێنێکی باش ئەگات

بەڵام دوای ئەوە بەرهەمی‌تر نانووسێت و تەنیا لە شوێنێ‌دا ئەمێنێتەوە کە ئێمە لە لێکۆڵینەوە و ئانتۆلوژی‌یە ئەدەبییەکان‌دا باسی لێ بکەین.

جەلال مەلەکشا، مارف ئاغایی، فەرەیدوون ئەرشەدی و ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا ناوی چوار شاعێری کوردستانی ئێرانن کە زۆر پێش‌تر لە شاعێرانی‌ترمان بەرەو نوێ خوازی و نوێ بوون هەنگاویان نا. جەلال زۆرپێش‌تر لە شاعێرانی‌ترمان بەرەی نۆی‌خوازی و نوێ بوون هەنگاوی نا. جەلال زۆرتر لە شێعری خۆڕاگریدا مایەوە و مارف ئاغایی ئەزموون و تاقی کردنەوەکانی باش بوون و توانی تا ڕادەیکی باش ناسنامەیەکی شێعری بۆ خۆی بەدی بێنی. کاک ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا هەوڵدانێکی باشی بوو بەڵام ئەوەندە بۆ پێوەندی‌گرتن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی کەمتەرخەمی کردووە کە ڕەنگە زۆرکەس نەیناسن. بەڵام فەرەیدون ئەرشەدی جێگایەکی‌تری هەیە. بە ڕای من فەرەیدون شاعێریکی توانا و بە هێز بوو کە لە ناو شاعێرانی قۆتاغی دوای شۆرشی گەلانی ئێران‌دا بەر لە شاعێرانی‌تر، لەچەندچەمکی بنەڕەتی وەکوو فۆرم و تەکنیک و بنەما و زانست و ئاگاداری پەیدا کرد و ئەو شتانەی لە شێعری خۆیدا بەکاری هێنا.

ئەگەرچی بەر لە فەرەیدون، کاک قاسم موئەییەدزادە، هەوڵدانێکی باشی بووە لەبواری ڕوبەڕو بوونەوەی جیاواز لەگەڵ زمان‌دا، بە ڵام فەرەیدوون بە چاوێکی کراوەتر و ئاسۆیەکی بەرین‌تر زمانی بە کار هێناوە. لە ناو شاعێرانی‌تری نزیک بەو بەرەیەدا بە پێویستی ئەزانم لەم چەن شاعێرە ناوبێنم: حەمە ساڵح سووزەنی. یونس ڕەزایی، کامبیز کەریمی، ئازاد ڕۆستەمی. بێهزاد کوردستانی تا ئەگات بە کەسانێک وەکوو ڕەزا عەلی پوور، کەماڵ ئەمینی، جەماڵ مەلایی و محەمەد یەعقوبی. هەر کام لەم دەنگانە کە ناوم لێ بردن تاڕادەیەک لەیەکتر جیاوازن. بۆ وێنە کامبیزکەریمی

هەوڵدانەکانی وەکوو شاعێرانیتر بەبواری تەکنیکی زمانی و کەش و هەوا هاتۆتە ئاراوە کە فارسەکان پێ دەڵێن: «فەزاسازی».

من پێم وایە ئەمە لە لەحنو دەنگی گشتی شێعردا ڕەنگ ئەداتەوە و ئەبێتە هۆکاری ئەوەی کە شێعری کامبیز خاوەنی زمانی سەمیمی بێت. لەلای یونس ڕەزایی شێعر بە شێوەیەکیتر پێناسە کراوە. من ئاگاداری ئەوەم کە یونس، یەکێک لە پڕکارترین شاعێرانی لای ئێمەیە. پێم وانیە هیچ کام لەم شاعێرانەی ئێرە ئەوندەی یونس، شێعریان نووسی بێ. بە ڵام من خەسارێکی جیددی لە شێعری ئەو شاعێرە چالاکەدا ئەبینم. خەسارەکە ئەمەیە کە یونس بە باشی ئاگاداری ئەوە نییە کە بۆ کوێ ئەڕوات و چی لە شێعر داوا ئەکات. لای حەمە ساڵح سووزەنی خەسارەکە، ڕەنگێکیتر هەیە. پێم وایە حەمە ساڵح، بە باشی ئاگاداری زەرفیەتەکانی زمانی کوردی نییە. ئەو بە شێوەیەک نزیکی زمانی کوردی ئەبێتەوە وەک بڵێی شێعرەکانی ئەو، وەرگێرانی شێعری ئەو شاعێرە فارسیانەیە کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی لاسایی شێعری بیانی ئەکەنەوە. حەمەساڵح و زۆرکسیتر تووشی ئەم هەڵەیە بووگن کە لەو پەری بنەمادا ئیتر شتیک بە ناوی بنەما، بوونی نییە و هەر جۆرێک کە پێتان خۆش بێت ئەتوانن بنووسن. بەڵام ئەبێ ئەم ڕاستییە بەباشی تێ بگەین کە زمانی شێعر و دەنگی شێعر لە هەر حاڵ و هەوایەکدا بێت دیسان لە ناو بنەمایەکدا بوونی هەیە.

لە شێعری ڕەزا عەلیپوور و محەمەد یەعقووبی و کەماڵ ئەمینی دا ئێمە خوێنەری بەرهەمێکین کە لەوانەیە پێویست بکات بە «ناشێعر» ناوی لێ ببەین. لەبەرهەمی ئەم چەن کەسەدا زۆر شت وەلاوە نراوە، بە بێ ئەوەی شتێکی نوێ جێگری ئەو شتانە بێت. ماوەیەک لەمەوپێش لە کۆڕێکدا شاعێرێکی ئێرە شێعرێکی درێژی ١٥لاپەڕەیی خوێندەوە من گوتم بە ڕاستی بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم وەکوو شێعر

پەسەندی بکەم، وەکوو شێعر مامەڵەی لە گەڵ بکەم ئەو شاعێرە و چەن کەسێکی هاو بیر و ڕای خۆی وتیان تۆ ئەو خۆینەرە چالاکە نیت کە لەم شێعرە تێ بگەیت. کاک عادڵ، لە جەنابتان پرسیارێک ئەکەم، ئەگەر ئەمڕۆ من و جەنابت و شاعێران و نووسەرانی هاوڕێمان لەبەرهەمی یەکتر تێ نەگەین و چێژیان لێ وەر نەگرین، ئەوکات ئەبێ لە کام وڵاتی ئورووپایی و ئامریکاییەوە، خوێنەر بێنین و ئەم شتانە وەخوێنن؟ بە داخەوە لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەری شەپۆلی وەرگێران، بابەتە تیۆرییەکانی پۆست مودێرین بۆ زمانی فارسی و کوردی، گرفت و کێشەی زۆری بە دی هێناوە و ئەبینین کە قالەکانی دوێنێ و مچەکانی پێرێ، ئەمرۆ ناوی گادامێر و بۆدریار و باختینیان لەسەر نراوە. من پێم وایە، ئەمەش قۆناغێکی کورت خایەن وکاتییە و تێپەڕ ئەبێت. لێرەدا حەز ئەکەم بۆ چەندەمین جار ئەم شتە دووپات بکەمەوە کە گەورەترین چاوەڕوانی لە شێعرێک ئەوەیە «شێعرییەت» و «حاڵ» و « گفت» و «نیگا»ی شاعێرانەی تێدا بە دی بکەم. ئەگینا زۆر سەهل و سانایە من لەجیاتی ئەوەی بڵێم: ئاخ سێ شەممە بۆ باران نابارێ؟ بڵێم: ئاخ نا نا نابارێ رێ بۆ شەممە سێ سێ سێ باراااان.

○ بەم حاڵەوە، سەرەتای هەفتاکان باری رۆشنبیری رۆژهەڵات دەچێتە نێو فازێکی نوێوە، ئەگەرچی لە حاڵەتی تردا ئەم دۆخە ئاڵۆزە، بەڵام لەم فەزایەدا بزاڤێکی ئەدەبی/ فیکری/ ڕۆژنامەنووسی دەست پێدەکات، بەرای جەنابت ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە پاڵنەر بۆ ئەم سەرهەڵدانە و وەک پڕۆژەی داهێنان لەم جووڵانەوەدا، ئاماژە بە چی ئەدەن؟

• بەڵێ لە هەفتاکاندا ئەدەب و رۆشنبیری کوردی کوردستانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر گەشەی سەند. لەم دەهەدا سەرهەڵدانی چەن هەفتانامەیەک وەکوو (سیروان و

ئاویەر و ئاسۆ) و بەرلەوان (ئاوێنە و زرێبار) توانیان کەش و هەوایەکی لە بەر چاو بەدی بێنن بۆ ئەوی شاعێران و نووسەران بابەت بەدیبێنن. پێوستە بەم خاڵەش ئاماژە بکەین کە هەر لەو ساڵانەدا دەیان کۆڕی ئەدەبی لە شارەکانی کوردستاندا بنیات نران کە ئەوانیش لە گەشە پێدانی ئەدەب و نووسیندا دەوریان گێڕاوە. بەڵام ئێستا کە من دێم و چاو لەو ساڵانە ئەکەم ئەبینم کە ڕۆشنبیری و ئەدەبی ئەو ساڵانە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری کوردستانی عێراقدا بووە. هەر بۆیە شێعر و بابەتەکانمان کەش و هەوای شێعر و ئەدەبی ئەوێ دێنێتەوە بیر. لە گەڵ ئەوەشدا پێوەندی ئێمە بە دونیای ڕۆشنبیری فارسەوە تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتی داین. کە لە زمانی ئەدەبی هاوچەرخی ئێران و جیهان تێ بگەین. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە ئێمە لە سنە و مەریواندا بازنەیکی ئەدەبیمان بەناوی «داکار» بەدی هێنا. لە مەریوان شاعێرانێک وەکوو بێهزاد کوردستانی، ئیبراهیم ئەحمەدینیا و ئازاد ڕۆستەمی، لە سنە کاک فەرەیدون ئەرشەدی و من لە سەقز کاک حەمە ساڵح سووزەنی. ئێمە بەیانیەێکمان نووسی و سەرهەڵدانی بزاڤی شێعری ئەدەبی (داکار)مان ڕاگەیاند کە تا ماوەیەک سەرقاڵی و باس و خواستی بەدواوە بوو. لە ئامادە کردنی مانیفێست و ئامانجنامەی(داکار)دا ئێمە لە ژێر کاریگەری مانیفێستی شێعری«حجم»یان بارستاییگەریدا بووین کە لە لایەن چەن شاعێری ئێرانی وەکوو یەدوڵا ڕۆیایی و کەسانیترە وە بەدیهاتبوو.

ئەگەرچی ئاگری(داکار) زوو کوژایەوە بەڵام ئەم ڕاستییەی سەلماند کە ئەدەب و وێژەی کوردی کوردستانی ئێران بە ئاستێک گەیشتووە کە بتوانێ بۆ خۆی بازنە و گروپ و دەستە گەلێک درووس بکات کە ئەیاونەوێ بە هزر و داخوازی خۆیانەوە ئاڵ و گۆڕ بە دی بێنن.

بەداخەوە ڕۆژنامەکانمان یان باش‌تر بڵێم حەفتەنامەکانمان لە بەرخاتری ئەوەی لەجیاتی بوونی فەرهەنگی و چاندی، بوونی سیاسی و حیزبایەتی لە لایانەوە گرنگ‌تر بووە. نەیانتوانی کاریگەرییەکی زۆر گرنگ لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنە ئەدەبی و فەرهەنگی‌یەکان دابنن. لە ڕاستی‌دا تەنیا بۆماوەیەک توانیان بەهرە و پتانسیەلە شاراوەکان ئاشکرا بکەن.

ڕەنگە ئەم قسەیەی من تۆزێ ڕەش بینانە بێتە بەرچاوتان بە ڵام ئێمە ڕۆژنامەگەر و ڕۆژنامە نووسمان بەواتایەکی پسپۆڕانە نییە. واتا زانست و توانای ئەوەیان نییە کە بۆ خۆیان خاوەنی شیکاری و بۆچوون و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان بن. دەرکەوتنی چەن گۆڤارێکی کاتی و کورت خایەن وەکوو دەق، بەرهەم و هێما و هتد تاڕادەیەک ئاستی چالاکییە ئەدەبی‌یەکانی ئێمەی ڕوون کردەوە بەڵام نەک لەو ئاستەدا کە وەکوو ناسنامەو شوناس ناویان لێ بەرین.

○ بەڵام هەر لەو پێناوەدا، ئەم بزاڤە بوو بە هۆی ڕسکانی و فراژوێ بوونی هەندێ چەمکی شێعری، بە قەولێکی تر بەرەکان شوێن و شێوازی خۆیان دەگرنەوە و روانگەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە... شێعر جەوهەریتر دەبێ و بە قەول کاناڵیزە دەکرێ، ئەمەوێ بۆچوونی جەنابت لە سەر ئەم دەسەبەندییە بزانم و ئەو توخمانە بوونە هۆی جیاکردنەوەیان کامانەن؟ ئەگەرچی من پێموایە ئەمە قەیرانی درووست کرد، هەڵبەت قەیران نە لە هەرێمی شێعردا، بەڵکوو هەر وەها خۆیشت ئاماژەت پێدا، قەیران لە کلووپی کردنی شێعر و ئەو چەمکە فیکری/قەرزییانەی کە بێ یەک و دوو وەرگیران بێ ئەوەی هیچی لە گەڵ لۆژیکی جوانی ناسانەی ئێمەدا تەبایی هەبێ، دێتە نێو شێعری هاوچەرخمانەوە، بە لاسایی کردنەوە لە شێعری ئێستای فارسی کە ئەوانیش بۆ خۆیان لە شوێنیکەوە وەریان گرتوە.

• ئەزانی کاک عادڵ، شێعری باش بەرهەمی شاعێری باشە و شاعێری باش بەوکەسە ئەڵێن کە بەر لە هەموو شتێک دڵ و دەرونی خۆی بۆ وەرگرتنی زۆلاڵ‌ترین شەپۆلەکانی زانست و هەستی دەرونی روون و خاوێن کردبێتەوە. تۆ چۆن ئەتوانی لە کەسێک چاوەڕوانی شێعری پوختەو بەرهەمی باش بکەیت کە بۆ خۆی هیچ جۆرە ژێرخان و ئامادەکارییەکی رۆحی و دەروونی ساز نەکردوە؟ ئەمەوێ ئاماژە بە شتێک بکەم  کە بێ‌شک دەربڕینی لە لایە ن منەوە ئەبێتە هۆکاری ئەوەی تاقمێک لە دۆستان مۆرکی سەلەفی بوونم لێ بدەن. بە ڵام گرنگ نییە ئەیڵێم.

بە ڕای من باسی شێعر  و شاعێری زۆرتر لایەنی رۆحی و دەرونی‌یەکەی گرنگە. نەک ئەوە لایەن‌ی کە ئێمە بە تەکنیکی لاسایی و چەواشەگەری فێر ئەبین. کاکە تۆ باش ئەزانی کە ئەدەبی فارس چەندە ئەدەبێکی دەولەمەند و سامان‌دارە. تۆ کە نامەکانی نیما یوشیج ئەخوێنی هەست بەوە ناکەیت کە ئەو پیاوە گەورەیە دڵ و دەروون و ژیاتی شاعێرانە بووە؟ ئەوکەسانە وا تاقم و دەستە ساز ئەکەن و جیا لە خۆیان کەسی‌تریان قەبۆل نییە و خۆیان بە پۆست مودێڕن ئەزانن و ئەوانی‌تر بە سەلەفی و پاشڤەڕۆ دا ئەنێن تەنیا خۆیان ماندوو ئەکەن. لە ڕاستی‌دا سمکوڵانی ئەسپی  ئەم برادەرانە تەنیا هەواکە تۆزاوی ئەکات ئەگینا هیچ شتێکی بە سوود و بە کەڵک بەدی ناهێنێ مێژووی شێعر و ئەدە بی گەلانی جیهان پڕیەتی لەو کەسانە وا تەنیا بۆ چەن مانگ و ساڵ توانیویانە جەماعەتێک بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەن. ئێوە سەیری ئەم گۆرانییە بکەن.

وەنەوشەم چنی دەستم دای لە گڵ

شەوگارم شەق کرد نەگەییم  بە دڵ

یان ئەم گۆرانی یەی تر:

چەن ساڵ چەن جەفا چەن خاکە ساری

بووم به شوانەکەی حەق نا دیاری

بە لای منەوە ئەم بەیتە گۆرانی‌یە زۆر شێعرتر و مۆدێرن‌تر لەو بەرهەمانەیە وا برێ لە دۆستان بە ناوی شێعری پێشرەو ئەیهێننە بازار، من نامەوێ نکۆڵی لەم ڕاستییە بکەم کە ناسینی زمان و بنەما و تەکنیکەکانی شێعری مۆدێرن پێویست و زەرووره. ئەمەوێ ئەمە بڵێم کە ئێمە لە جیاتی ئەوەی شیفتە و شەیدای کاڵای ڕەنگاوڕەنگی بازاڕ بین، بۆ خۆمان کاڵایەک بەرهەم بێنین.

○ بەڵێ ئەمانە هەمووی خەسارناسی شێعر و شاعێری ئێمەیە، ئەگەر پێت خۆش بێ با ئەم پرسیارە تایبەت بکەین بە خودی شێعرەوە، ئایا ئەرکی شێعر چییە؟ ئایا شێعر بۆ ئێمە ئەرکی کۆمەڵایەتی هەبووه؟ ئەی بۆ ئێمەی کورد جگە لە ژانری شێعر، بە قەرەی ژانرەکانیتردا نەچووگین و تەنیا قەڵای ڕۆشنبیریمان هەر شێعر بوە و بەس؟

- کە ئەڵێین ئەرکی کۆمەڵایەتی، ئەکەوینە ناو چاڵێکی ڕەش و بێ بنەوە. ئەزانی بۆ؟ چوونکە ئەم ئەدەبیاتە، ئەدەبیاتی سوسیالیسمی بنیات نراومان دینێتەوە بیر کە هەمووممان ئەزانین چە پێوەندییەکی نا لەباری لە گەڵ ئایدۆلۆژیا و سیاسەت و حیزبایەتی‌دا پەیدا کرد.

من لە جیاتی ئەوەی بڵێم کە شێعر ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە ئەڵێم شێعر بەر لە هەرشتێک ئەرکی ئەوەیە کە شێعر بێت، لە گەڵ پێوانەکانی جوانی ناسین و شێعرناسین‌دا یەک بگرێتەوە. شێعریکی جوان و وەستایانە و مامۆستایانە و زیندوو بێ هیچ شک و گومانیک هەم بۆ تاکە کەس بەکاردێ هەم بۆ کۆمەڵگە. من

ئێستاش بە خوێندنەوی شێعری مەحوی مەست و مەدهۆش ئەبم. من کاتێک کە ئەم بەیتەی نالی دێتەوە بیرم کە ئەفەرمێ:

لە کن تۆ با وجودی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ

یەک دونیا ورە و هێز و خەمی هونەرمەندانە بە سەرمدا ئەبارێ. جیا لەمە من پێم وانییە کە ئێمە لە لایەن کەس یان کەسانێکەوە ئەرکی ئەوەمان پێ سپێردراوە کە شێعرێک بنووسین بۆ وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە. زۆر جار ئێمەی شاعێرین کە پێویستمان بەوە هەیە کە کومەڵگە وشیارمان بکاتەوە.

لە وڵامی ئەوەی کە ئەفەرمووی بۆ چی ئێمە بە قەرەی ژانرەکانیتردا نە چووگین. ئەبێ ئەمەتان عەرز بکەم کە ئێمە وەکوو کورد، شێعر بە باشی ناناسین. پێمان وایە شێعر نووسین و شاعێر بوون زۆر سانا و سادەیە. هەر بۆیە شێعر ئەنووسین، بەڵام تەنانەت منداڵێک ئەزانێ کە بە ڕاستی نووسینی چیروک، رۆمان، وتار، شانۆ و سناریۆ، کارێکی زۆر دژوارە. شێعر زات و بوونێکی خەڵەتێنەری هەیە. هۆکاریکیتری ئەوەی کە ئێمە هەموومان شاعێرین ئەوەیە کە ژانرەکانیتر وەکوو چیرۆک، رۆمان و ئەوانیتر پێوەندی راستەوخۆیان بە ئاستی پێشکەوتنی شارستانییەت و ژێرخان و سەرخانەکانی ژیانی شاری و کۆمەڵایەتیەوە هەیە. ئێمە هێشتا لەگەڵ هزر و بیری شارومەندانەدا ئاشنایەتییەکی وامان نییە.

○ با ڕووبکەینە رۆژنانەگەری کوردی، لە سروە بۆمان بدوێن، ئێستا لە سنە ئیش دەکەن، بۆ ئەم خولە نوێیە چە پلانێکتان بە دەستەوەیە؟ بە تێکڕا باری رۆژنامەگەری لە رۆژهەڵات چۆن تاوتوێ دەکەن؟

- سروه دوای ٢٤ ساڵ چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هێشتا بوونی هەیە. سروه بۆ ئێمەی کورد یادگارێکی بایەخدارە. من پێم وایە هەمووەمان بە جۆرێک قەرزاری ئەو هەوڵ و چالاکییەین وا لە سەرەتای سروەدا بەدیهات و زۆرکەس فێری خوێندن و نووسینی کوردی کرد.

بەڵام سروەش وەکوو هەموو گۆڤار و بڵاڤۆکێکی ئەم جیهانە هەندێ کێشەو گرفتی هەیە. بڕێ لەم گرفتانە پێوەندی بە سروەوە هەیە بڕێکی پێوەندی بە زەرفی کۆمەڵگا و ڕۆشنبیرانمانەوە هەیە. سروه ماوەیەکی زۆر لە ورمێ بوو و پاشان چووە تاران و ئێستا لە سنەیە. بەداخەوە لە سروەدا بە ڕێوەبەرایەتی بە شێوەیەکی میهرەبانانە و دێموکراتیانە نەبووە. هەرکەسێک لەوێ سەردەبیر و سەرنووسەر بووە پێی خۆش بووە ڕێ بۆ دەستە و تاقمێک بکاتەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بووە هۆی ئەوەی زۆر کەس لە سروه دا ببڕێ. لە ماوەی ئەم ٢ ساڵەی کە من زۆربەی کارەکانی ئەم گۆڤارەم وە ئەستۆ گرتووە هەوڵم داوە ڕێگا خۆش بکەم بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بێتە پێشەوە. ڕاشکاوانە بڵێیم کاک عادڵ زۆرجار ماندوو ئەبم. ماندوو ئەبم لەو هەموو بۆڵە بۆڵە وا لە لایەن ڕۆشنبیرانی بێ بەرهەم و قسرەوە پێم ئەگات. من ٨ مانگ لەمەو پێش لە سەر داواکاری برادەرێک کۆمەڵێ بابەتم پێداوە کە وەری بگێرێتەوە سەرکوردی بۆ بڵاوکردنەوە لە سروەدا بەڵام دوای ٨ مانگ هێشتا خەبەرم لێ نییە. برادەرێکی تر ئەڵێ کاکە من پۆست مۆدێرینم لەگەڵ ئێوەدا نیم. یەکێکی‌تر ئەڵێ ئێوە بۆچی فڵان نووسەر بڵاوئەکەنەوە. بە لام با ئەمەش بڵێم هیچ کام لەم قسە و لۆمانە ناتوانن ببنە هۆکاری ئەوەی کۆڵ بدەم و ڕاوەستم. بە تایبەتی ئێستا بەرپرسێکی دڵسوز وەکوو کاک بیهروز جەعفەری لێرەیە کە بە ڕای من هەتا ئێستا باش‌ترین بە ڕێوەبەر بووە بۆ ئەم گۆڤارە.

ئێستا ئێمە ئەبینین کە چەشنە قەیرانێکی تایبەت لە دونیای نووسین و ئەدەبی کوردستان‌دا بەدی هاتووە و ئاستی بەرهەم هێنانی شێعر و چیرۆک زۆر کەم بۆتەوە. وەکووتر دۆستانی نووسەر و شاعێرمان زۆر نارِازین لەوەی کە بۆچی لە باتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەیان پارەیان پێ نادرێت دیارە ئەمەش مافی سروشتی خۆیانە. بریار لە ئێرانیش‌دا وەکوو هەموو وڵاتێکی جیهان شاعێر و و نووسەر بەرهەمەکانیان وەکوو کاڵایەک کە موشتەری و داواکاری هەیە، لە لایەن گۆڤار و رۆژنامەکانەوە پارەی پێ تەرخان بدرابا. لە گەڵ تەواوی ئەم کێشانەدا سروە بەردەوام  لە گەشەسەندن و پێشکەوتن‌دایە و من بە داهاتووی سروە دڵخۆشم.

چەن پلانێکم بە دەستەوەیە بۆ ئایندەی سروە، کە ئیستا تاوتوێ لەسەر ئەکرێ و بۆ ئەوە نابێ وەکوو بەڵێن و برِیار ئاماژەیان پێ بکەم.

ئێستا بەداخەوە لە سنە و کوردستانی ئێران‌دا رِۆژنامەگەری گیانێکی زۆر چالاک و هەمەرِەنگی نییە. (زرێبار) لە بواری رِووناکبیری و کاری زانستی و بنەرِەتی‌دا هەوڵدانێکی بایەخداری هەیە  بە داخەوە "سیروان" وەکوو هەفتەنامەیەکی دەوڵەتی درگای لەهەموو نوسەر و شاعێرێ داخستووە و زۆرکز و لاوازە. یەک دوو بڵاڤۆکی‌تر هەن کە زۆرتر حەزیان لە کاری کاتی و ململانێی سیاسی هەیە. گوڤاری «مەهاباد» تا رِادەیەک سەرەرِای ئەو کێشە و گرفتانە کە بەردەوام باسمان لێ کردووە درێژەی هەیە کار و خەباتی خۆی درێژە ئەدات و جێگای رِێزلێ‌نان و ئاراستە کردنی سڵاو و ماندوو نەبوونە. بەڵام بە گشتی داخ و کەسەری خۆم ناشارمەوە لە دوای کە ئەدەبی کوردی ئێمە خوێنەری زۆرکەمی هەیە. رِەخنەگری نییە، هۆگری نییە، پشتیوانی نییە. بۆ ئەوی بەم قۆناغە هەستیارەدا تێپەرِین پێویستیمان بە زۆر کاری بنەرِەتی هەیە.

○ له باره‌ی خۆته‌وه بۆمان بدوێن، جگه سروه له بواری نووسیندا چیت کردوه، چیت به‌ده‌سته‌وه‌یه، چیت بڵاوکراوه‌ته‌وه، که‌ڵکه‌ڵه‌کانت چین؟

• من پیاوێکی ٣١ ساڵه‌م به یه‌ک دنیا هیوا و ئاواتی گه‌وره‌وه. یه‌کێک له گه‌وره‌ترین ئاواته‌کانم ئه‌وه‌یه رۆژیک به چاو ببینم که خه‌ڵکی کوردستانی ئێران و خودی ئێران فه‌رهه‌نگ و ئه‌ده‌ب و هونه‌ر ئه‌ونده‌ی‌نان و ئاو و هه‌وا و پێکه‌نین به زه‌رور و پێویست بزانن. له ماوه‌ی دوازده سێزده ساڵدا که به کاری ئه‌ده‌بی کوردی و فارسی و تورکییه‌وه خه‌ریک بووم، بابه‌تی زۆرم نووسیوه، ئێستا دوو کۆمه‌ڵه چێروکی فارسیم هه‌یه که ئاماده‌ی چاپن یه‌ک کۆمه‌ڵه چێروکی کوردی و یه‌ک کۆمه‌ڵه شێعری کوردیم ئاماده‌ی چاپن. هه‌روه‌ها کۆمه‌لێک شێعری شاعێرانی هاوچه‌رخی تورکم له تورکی ئه‌سته‌موڵیه‌وه هێناوه‌ته سه‌رکوردی و له ده‌زگای ئاراس‌دا بڵاوکرایه‌وه که بریا ئه‌وکاره‌م نه‌ده‌کرد و ئه‌و کتێبه‌م له‌وێ بڵاو نه‌ده‌کرایه‌وه. چوونکه هه‌ر نارانم سه‌ر ئه‌نجامی بوو به چی. دوستێک له‌وێ که دانه‌ی دیتبوو ئیمزای کردووه به ڕێی کردووه بۆم. ناوی کتێبه‌که ئه‌مه‌یه: «تاڵترین قاوه» به دڵنیاییه‌وه بڵێم که‌سێک له‌وێ دۆست و پشتیوانی نه‌بێ یان به‌رهه‌مه‌که‌ی بڵاو ناکه‌نه‌وه یان به شێوه‌یه‌ک کاری له سه‌رئه‌که‌ن که دوایی په‌شیمان ببێته‌وه و به‌ڵام راشکاوانه بڵێم هیچ کاتێک حازر نابم بۆ چاپی کتێبی خۆم به ڕێگای وادا بڕۆم که پێویستی به‌وه بێت به‌شێک له بوونی شاعێرانه و ڕوناکبیرانه‌م فیدا ببێت. کۆمه‌ڵێک چیرۆکی تورکی به ده‌ستمه‌وه‌یه که بیانکه‌م به کوردی. هه‌روه‌ها ئه‌گه‌ر هه ل و مه‌رجی نا له‌باری ئابووری مه‌جالم پێ بدات حه‌ز ئه‌که‌م رومانێکی (ئورهان پامۆک) بێنمه سه‌ر زمانی کوردی. ڕه‌حمه‌تی (موحه‌مه‌د ئوزون) کاتی خۆی کتێبه‌کانی خۆی ڕه‌وانه کرد بۆم هه‌تا وه‌کوو وه‌ریان بگێرمه سه‌رکوردی سۆرانی به‌ڵام ڕێ نه‌که‌وت و مه‌رگ مه‌جالی

پێ نەدا کە ڕێگای چاپ کردنی ئەو بەرهەمانە خۆش بکات. من زۆر زۆر حەزم لەکاری وت و وێژی پسپۆڕانە و تێروتەسەلە. حەز ئەکەم ٢٠ وت و وێژی بەرخوە لەگەڵ هونەرمەندان و روناکبیرانی کورددا سازبکەم و بڵاویان بکەمەوە لەگەڵ تەواوی ئەم هیوا و ئاواتانەدا حەزم لە تەمەنی درێژ نییە. زۆر بە عەیب و شوورەیی ئەزانم کە تەمەنێکی درێژم ببێت. حەز ئەکەم تا چوار پێنج ساڵێکیتر چەن کار و بەرهەمی باش بخولقێنم و ماڵاوایی لە بەرد و باڵندە و کانیاوەکان بکەم.

○ دوایین وتەت بۆ بەرەی ئێستا بە تایبەت ئەوانەی ئەمێستاکە کەڵکەڵەی شێعروتنەوەیان کەوتۆتە سەر؟

• وتەی من بۆ ئەو دۆستانە ئەوەیە کە هەوڵ بدەن لەگەڵ ئەم چەن شتەدا ئاشنا و سەمیمی بن سروشت،دەنگی دڵی خۆیان و شێعری شاعێرانی ناودار و سەرکەوتوو.

○ لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی لەم وت و وێژەدا بەشداریت کرد، سپاست دەکەم.

• منیش هەر وەها سپاسی ئێوە ئەکەم بۆ ئەم هەلەی بۆ منت رەخساند.

*ئەم دیمانە

لە گۆڤاری ڕامان

ژمارە (١٥٤)، ٢٠١٠/٣/٥

چاپ و بڵاوکراوەتەوە

## دیمانەیەک لە گەڵ شاعێر و نووسەری کۆچکردوو زیندوویاد موزەفەر یۆسفی،
## بەرپرسی پێشووی ئەنجومەنی فەرهەنگی-ئەدەبی مەریوان *

■

**هەڤپەیڤین:**

**عادڵ محەمەدپوور**

.........................................................



**ئاماژە : ئەم دیمانە ماوەیێ پێش لە ماڵاوایی کتووپڕیی زیندوو یاد کاک «موزەفەر» ئامادە کرابوو بەڵام هەلی بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخسا بوو، بویە داوای لێبوردن لە بنەماڵەی شێعر و ئەدەبی کوردی ئەکەین. بەڵام ئەمێستاکە ئەو ئامانجە هاتە دی و ئەم دیمانە وەک دیارییەک پێشکەش ئەکەین بە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و**

خوێنەرانی ئەدەب دۆستی شارەکەمان. هیوا دارین جێگای ڕەزامەندی بێت و با یادی ئەویش هەتا هەتایی زیندوو بمێنێت.
زیندوویاد کاک موزەفەر مامۆستا و کارناسی زانستی تەجروبی بوو کە ماوەی ١٨ ساڵ لە فێرگەکانی شاری مەریواندا خەریکی وانە وتنەوە بووە بە قوتابیان. ویڕای ئەمە ماوەی (١٠ تا ١٢) ساڵێک سەرقاڵی داهێنان و توێژینەوەی شێعر و ڕەخنەی ئەدەبی بووە، کە هەندێ لە وتار و شێعرەکانی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا خوێنراوەتەوە و یان لە گۆڤارە کوردییەکانی سروە، زرێبار، سیروان، ئاسۆ، رۆژهەڵات، ڕۆژەڤ و... بڵاو بونەتەوە. ماڵاوایی ئەو کەسییەتە لە ژیان و ئەدەب کەلێنێکی مەزن بوو بو رەوتی ئەدەبی شارەکەمان.رۆحی شاد و یادی زیندوو و هەتا هەتایی.

عادڵ محەمەدپوور: وەک دیارە ئێوە ماوەی چەن ساڵێکە لە گەڵ ئەنجومەن و گۆڤار و چاپەمەنیە کوردییەکاندا بە دانانی کۆڕ و چاپی وتار و شێعرەوە چالاکیتان بووە ، وەک بۆچوونی خۆتان ڕوانگەتان لەم بارەیەوە چییە ؟
یۆسفی: هەرواکە ئاماژەتان پێکرد ، منیش وەک زۆربەی دۆستان بە هۆی دوو هۆکاری سەرەکییەوە ؛ یەکەم ، زەوق و دووهەم ، کەڵکەڵەی ئەرک و هەرمانی نەتەوییم ، لەم ماوەیەدا لە پانتای چاپەمەنی بە پێشکەش کردنی دەقی شێعریی و تێکستی ئەدەبیی و هەروەها بە بەشداری کردن لە کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندا خەریکی چالاکی بووم . ئێستاکەش بۆماوەی چوارساڵ ئەچێ کە لە ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریواندا سەرقاڵی کاری ئەدەبی و فەرهەنگییم. بە نیازی دەزانم کە بڵێم : هۆگری و نزیک بوونەوەم بە ئەنجومەن و گۆڤارەکانەوە ئەوەیە کە لەو باوەڕەیدام کار کردن لە سەرشێعر و زمانی شێعریی و هەروەها چێوەتەقێی وێژەیی؛ جگە بەجێ هێنانی ئەرکی نەتەوەیی سەرشان ، بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمێکی کارا و بەڕۆژ ، بە نیاز و شیاوم زانیوە کە ئەنجومەن و گۆڤارەکان وەک ئاوێنەیەکی باڵانوێن وەهان کە بە جوانی و شەنگییەوە ، قەڵافەتی ئەدەبیی و

هونەریی هۆگری خۆی پیشان دەدەن و بە کاراییشەوە ، بەستێن و بواری گەشە و پێشکەوتنی خوازیاری خۆی دەڕەخسێنن .

عادڵ محەمەدپوور: ئەکرێ سەبارەت بە ناسنامە و چۆنییەتـــی دامـەزران وپێکهاتنی ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان بۆمان باس بکەن ؟

یۆسفی: بەڵـێ وەک ناسنـامــە و چۆنییەتـی دامەزرانی ئەم ناوەندە ڕۆشنبیرییـە لــە مەریوان ، ئەبێ بڵێم : پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و ئێراق و لە گەڵ گـەڕانـەوەی خــەڵک بۆ ناو مــاڵ و زێــدی خــۆیان لە لایـــەن ئەدیبـــان و نووســەرانی ئەم بەشەی کوردستانەوە ، پێویستـــی هەبوونـی ناوەندێ کە بتوانێ خزمــەت بە زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەمـان بکات هــەست پێ‌کرا . هــەربۆیە لە بەرواری ١٠ی ڕەشـەمــەی ١٣٦٩ ی هەتاوی ، کۆمـەڵێک لە هــۆگران و ئەوینـدارانــی فــەرهــەنگ و ئەدەب و زمانـی کوردی سەرەڕای کەنــد و کۆسپێکـــی زۆر کە دەخــرایە سەر ڕێیان بە پەســەن کردنی پەیڕەو و پرۆگرامی ئەنجومەنـــی شێعر و ئەدەبـی ئێـران ، دامەزراندنی ئەنجومەنـی ئەدەبیی مەریوانیان ڕاگەیاند . ئەو ئەنجومەنە سەرەڕای خزمـەتی بێ‌وچانی بە گەشـەی زمان وفەرهەنگ و ڕۆشنبیری کوردی لە پێگەیاندنی بەرەیەکی نوێ لە نووسەران و شاعێرانی مەریواندا دەورێکی بەرچاوی گێڕا .

لەبەر ئەوەی کە پەیڕەو و پرۆگرامی ئەنجومەنی شێعر و ئەدەبی ئێران توانای دابینکردنی خواست و ئامانجەکانی ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوانی نەبوو ، هەروەها بۆژیان و گەشە و کارتێکردنی زۆرتر ، بە دەنگی تێکڕای ئەندامانـی ئەنجومــەن لە کۆبوونەوەی گشتـــــی ١٠ ی خاکەلێـــوەی ١٣٧٨ ی هەتاوی بڕیار درا پەیڕەو و پرۆگرامـــــی نــوێ بۆ ئەنجومەن بنووسرێتەوە و نێوی ئەنجومەن گۆڕدرا بۆ ئەنجومەنی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی مەریوان .

ئەنجومەنـی فەرهەنگـی ـ ئەدەبیــی مەریــوان لە ماوەی تەمەنی خۆیدا خزمەتێکی بەرچاوی کردوە بە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبــی کوردی ، ئەویش لە

ڕێگەی سازکردنــی دەیان سیمینار و کۆنگرە و کۆڕ ، بە بەشداری شاعێران و نووسـەران و پسپـۆڕانـی زمانـی کوردی ؛ کەبەرچاوترینیان بریتین لە : ــ سیمیناری شێعر و چیرۆکی ڕێبەندان لە مانگی ڕێبەندانی ١٣٧١ ی هەتاوی ، ــ کۆنگرەی ماموستا بێسارانی لە مانگی گوڵانــی ١٣٧٦ ی
هەتاوی ، ــ کۆنگرەی مامۆستاقانێع لە پووشپەڕی ١٣٨٠ ی هەتاوی ، ــ کۆنگرەی مامۆستاناری ـ سیمیناری شێخ ئەحمەدی کانی میرانی ( شەپۆل ) و سیمیناری شێعری پێوەر ـ جیاواز . هەروەها ئەم ئەنجومــەنــە چەندین جار هەوڵی بڵاوکردنەوەی گۆوارێکــی تایبەت بـە ئەنجومەنی‌دا بەڵام دەیان گیرووگرفتی خرایە سەرڕێ و ئەو کارەی بەڕێک و پێکی بـۆ نەچــووەســەر و تەنها توانــی دوو ژمــارەی گــۆواری ڕەوت دەربکات و پاشان لە لایــەن دەزگاحکوومەتییەکانەوە داخرا .

ســـەبارەت بە دەستـــەی دامـــەزرێنـــەر و بەڕێوەبەرانی یەکەمی ئەنجومەنیش، ئەبێ بڵێم کە لە سەرەتاوە بریتی بوون لە: «جەلیل ئازادیخواز، عادڵ محەمەدپوور، محەمەدبانی، ئەنوەر ڕەوشەن و سەی ڕەشید حسەینی.» هەروەها دەستــەکانــی‌تر لــە ماوەی شانزە ساڵ تەمەنیدا بریتی بوون لە : «ئەحمەد ڕەسایــی، جــەلیل عـــەباسی، ئیبراهیم مەردۆخی، ڕەئووف مەحموودپوور، عابی عەلایــی، مــوسلێــح ئەحمــەدی، ئەرسەلان عەزیزی، فەرزاد میرئەحمەدی، عومەرئەفسەری، مەهدی خووندڵ، هیــوا نادری، ئەنوەر هووژەبری، شادی نیکخاهـ، سەباح نیکخاهـ، سەلام قادری، شایستە گودەرزی، عەدنان حەسەن‌پوور، موزەفەریوسفی، لەیلاحەسەن‌پوور، شەهلاحەسەن زادە، شەریف موڕادی، دارا ئازادمــەنش، ئارام ساڵحــی، ئەمین عــەزیــزی، عــەلــی مەحموودی، چیا محەمەدی و سروە دانش‌پەژووهـ.» (لە ماوەی شەش دەورەدا)

عادڵ محەمەدپوور: ئێوە ئەرک و پێگەی ئەنجومەن چۆن دەبینن و بەڕاتان ئەوبزاڤە لە گەڵ ڕەوتی ئێستەی پێشڕەو واتە ئاوانگاردی ڕۆژەوە لە ئاستێکی بەرچاودایە ؟

یوسفی : بێگومان لەم فەزا تووش و تۆفاویەی هەنووکەدا کە ئێمەی بەجید گەمارۆداوە و نەفەسی جم و بزاڤی یاسایی لێ تەنیویین ، بەداخەوە ڕۆژبەڕۆژ نەتەنها ئەنجۆمــەن یان ئەنجۆمەنەکان ،بەڵکوو N.G.O کانیشی لەڕەوتی ئەکتیڤەبوونی خستووە و هەردەم ناوەند و ڕێکخراوە خەڵکییەکان لە کەوشەنی ئەرک و پێگـەی دیاریکراویان دووردەکـەو نەوە ؛ کــە ئــەمــەش لە خــۆیدا خــەسارێکی گەورەیە و پێدەچــێ ئاکامێکــی ناخــۆشــی بەشوێنەوە هەبێ .

وەک ڕوونە ئێمە ئەمڕۆکە لە دنیای دیجیتاڵ و سەدەی ئینفۆڕماتیکدا دەژیین ، بــۆ ئەوەی بتوانین لە ئەتمــۆسفێــری ئەم فەزایە بەشداربیین ، بێگــومان دەبــێ بەستێنــی گەشە و هەڵدانی بزاڤی بۆبرەخسێنین ؛ کە بەداخەوە زرووف مــەجالــی ئــاوەڵا بوونــی کــەش‌وهــەوای کۆنگــرە و کــۆڕ و چاپەمەنی شیاووباومان پێ‌نادات ، ناچــارەن دەبــــێ بەتەنها لە ڕەهەندی ماڵپەڕییەوە ئەرکی خۆمان بەجــێ بهێنین . تــەنانەت ئــەمــەش لــەخــۆیدا چوون بەردەوام لە پشتیوانی ماڵی و مافی بێ‌بەش بووین ، ئەنجۆمەن نەیتوانیوە بەو شێوەیەی کە بەتەمای پڕکردنەوەی کەلێنەکان بووین ، بۆمانی پڕ بکاتەوە ، هــەربۆیــە ئەم تاکڕەهەندییەش بووەتە هۆی پاسیفیی پێگە و دابەزینــی ئاستــی ئەنجومــەن لە هەمبەر ڕەوت و بزاڤی پێشڕەو و ئاوانگاردی ڕۆژەوە. (هــەرچــەن هــەنــدێ شاعێر و نووسەری جیددی و بەڕۆژمان هەیە کە بە داخ و کەســەرێکی زۆرەوە ، لــە ناوەندێکی سەربەخۆ و پێزمەند بێبەشن و بە بێ‌پشتیوانی دایرەی ئیرشاد خەریکی چالاکیین.

عادڵ محەمەدپوور: ئەکــرێ وەک هــەڵــوارتەیەک لەو هــۆکارە سەرەکییانەی کە بوونەتە گرفت و لەمپەر بۆ پاسیفەبوونی ئەنجومەن بۆمان باس بکەن؟

یوسفی: هەندێ هۆکاری سەرەکی کە بوونەتە هۆی تەگەرە و تەنگژی ئەنجۆمەنەکان بە گشتیی و ئەنجومەنی ئێمە بەتایبەتیی بریتیین لەمانە :

١) سـەربەخۆنەبوونی ئەنجومەن ، وەک ڕێکخراوەیەکی خەڵکیی . بۆیە بەردەوام لە ژێرگوشار و چاوەدێریی سیستەمی ڕەسمیدا بووە و ئەمەش بوەتە هۆی دڵساردبوونـەوەی ئەندامان و لاوازبوونی کۆمیتەکانی فەرهەنگیی و ئەدەبیی و هەروەها بەقەم بوونەوەی ڕەنگ و ڕادەی کۆڕوکۆبوونەوەکانی ئەنجومەن .
٢) نەبوونی پاڵپشت و پشتیوانێ کە بوونی ئەنجومەن وەک ناوەندێکی کارا ، بەرانبەر بە گەشەی زمان و کولتووری نەتەوە پێناسە بکات و ببێتە هـۆی ژێـدر و هاندەرێکـــی ئەوتۆ بۆ بووژاننەوەی هونەری شێعر و چیرۆکی کوردی و هەروەها ببێتە هۆی گەشـــەی ئەدەب و وێژە و زمانی نەتەوەکەمان . ئەم کەلێنەش لە خۆیدا بووتە هۆی دابەزینی ڕادەی چەندیی و چۆنیی و کاریگەرییەتی ئەنجومەن لە هەموو بوارەکانیەوە .
٣) زاڵ بوونی زمانی بێگانە بەسەر زمانی کوردی لە لایەن سیستمگەلی زاڵەوە بەهۆی داسەپانی هێزی چەوتی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتەوە تا ئاستی تابۆ بوونی ئەو زمانانە .
٤) تۆخ بوونەوەی فەزای هیرارشیک و ناس سڕینەوە لە نێو دڵی کۆمەڵگـەدا ، بۆ پـەرە سەندنی چەواشەگەریی لەلایەن هێزی دەسەڵاتەوە بە مەبەستی بندەستیی جەمـاوەری کەمیینە و قوت بوونەوەی ئامانج و مەبەستەکانی بەشـــی دەسەڵات و زۆرینـــە .
٥) کاریگەریـــی شەپۆلی مەزرووری مۆنۆلۆگ و تاکدەنگیی لەلایەن دەلاقە و تریبـوونە ڕەسمییەکانی بەشـــی دەسەڵاتەوە بۆسەر بەشـــی کەمیینە ، تاڕادەی کەم بایەخ کردنـی زمانی زگماکی و دابەزاندنی نرخی ڕەوت و ڕێبازی داب و نەریتی سـۆلان و ڕەسـەنـی کوردی و کوردەواریی ، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی فیرقەگەریی سێکتاریسمەوە .
٦) بەداخـەوە کەمتـەرخەمیـی بەشـــی زۆری جەمـاوەر بەرانبـەر بە ڕەوت و بزاڤـی ڕۆشنبیریی ، بووتە هۆی لاوازبوونی هەستی هاوپەیوەندیی و کزبوونی هەستی هـەرمان و نەستی خاڵە سەرەکییەکانی هاوبەشەوە بەرانبەر بە دەستێوەرییەتی مافی ڕەوامان.

عادڵ محەمەدپوور: ئێوە وەک شاعێر و نووسەر ، لە پانتای ژیاندا ، چۆن بۆ هونەر و بەتایبەت چەمکی شێعر دەڕوانن ؟

یوسفی: پێموایە بوونی هونەر ، بوونی ڕوانگەی دیاکڕۆنیکیی (مێتۆدی تەئەموولی و هێڕمنۆتیکیی) مرۆیە بەرانبەر بە دەرک و هەستی دیاردەکان و بینینی نیوەی پڕی پەرداخی وجوود و هەستییە . هەروەها تۆخ بوونەوەی ئێستەتیکا و جوانی چەمک و دیاردەکانی سرووشتی و جڤاتییە لە بەرجەوەنی تێبینی و شرۆڤەی تاکەکاندا . بۆیە هونەر بە هەموو ژانێرێکییەوە ، هەوڵی ئەوەئەدات هەتا مرۆ بە دنیای بەرینی نادیار و پەنهانی دەروون و هەستیی واقیع ئاشنا بکات و ئەوپەڕ چێژی ئینتیما و خۆناسینی پێببەخشێت . هۆنەر و بەتایبەت شێعر(مەبەستم شێعری دینامیکیی و مێتافۆڕیکاڵە نەک شێعری مێکانیکیی و ئاکڕۆنیکیی) وەک تێکستێکی سەربەخۆ، بە مرۆ(هونەرمەند، شاعێر ، بەردەنگ و ...) هێز و وزەیەکی تایبەت دەبەخشێت؛ هەتا بەپێی نیاز، فەزای ڕۆحی و ڕەوانیان پاراو بکات و بەرەو ئەتمۆسفێرێکی پاک و خاوێن ڕاکێشیان بکات .

بێگومان دنیای ئەمڕۆکەش بە هۆی تەشەنە کردنی شاڵاوی ڕەشی شەڕوشۆڕی و زۆرەملی پەریمێرکانەوە بۆ نێو دڵی بەستەزمانی ژیانەوە کە هەردەم بە خەدەنگی ژاراویی و شفرەی ڕەشی ڕەشەکوژی ڕۆحی ئاسایشی ژیانیان زامدار کردوە؛ بوونی شێعر و هونەر ، بوونی هەورێکی باران ڕێژە بۆ سڕینەوەی لەککە چەپەڵەکانی دەرەکیی و ناوەکیی ئەوژیانە زامدارەیە کە بێ ڕەحمانە بەرنشتەری زام و تەوژمی تاڵاوو کەوتووە .

بەڕای من شێعر وەک ئەسەرێکی هونەریی ، سەرەڕای ئەوەی کە ؛ کارکردێکی زمانی ، گەشەی فۆرم و خەیاڵ ، ڕوانگەی جوانیناسیی و... تادی لەگەڵایە ، لە بواری فەلسەفی و سایکۆلۆژییەوە ، دەبێتە هۆی بازبوونی ڕەهەند و تورعەی ڕەوانە بوونی مرۆ ، بەرەو پانتای بەرینی نەستی دازاین و گەوهەرەی وجوود و خۆناسینی ئەکمەلەوە و هەروەها دەبێتە هۆی هارمۆنیای شەپۆل و ئەمواجی دەماغیی و

مێشکەوە بەرەو ئاداپتــە بوونی وزەکانـی هەست بەخشی ناخـودئاگای تاکییەت ، تا ئاستی ڕاهاتن بەرەو ڕیتمیکییەتـــی ڕامـان و ڕادەربڕینەوە . کە وایە ، شێعر، دەبێتە هۆی سەقامگیربوونی هۆش و بیـر لە مەداری ئەهــوەنییەتـی شەپۆلی سینووسیی ئاڵفایەوە . ئاکامــی ئەوەش گەیشتنــە بـە ژوانگـــەی حەقیقیی ژیان و ژیاننەوەی ڕۆح و ڕوان و جەزبەی چێژمــەنـدیی شهـــود و قەرییبیەتی خــــودای مــەزن . بۆیە شێعر، وەک ژانێرێکی هونەریی هیچ کات نابێ ببێتە درووشم و دەیتای جۆربەجۆر بۆ پڕکردنەوەی نێرۆنەکانی کۆرتێکس و ئامێــری مـەبـەستە لاوەکییەکانی دەموەخت ؛ بەڵکوو شێعر لە مانیفێستی خۆیدا دەبێ ببێتە ژێدەری ورە و وزەی گیانبەخشی شاعێر و خوێنەر ، بۆ هەڵفڕینی هەنگی ئەوینیان بەرەو شیلــە و شــەهــدی نـۆمێــن ( گەوهەری وجوود) و خاڵەسەرەکییەکانی هاوبەش، بەمەبەستی هاودڵیی و هاودەردیی نێوانیانەوەیە.

عادڵ محەمەدپوور: بۆ ڕەخنە و ڕاڤەی دەق و تێکست چۆن دەڕوانن ؟
یوسفی: لای منی نەوعی ئەگەر ڕەخنە و ڕاڤە لە حوکم و هێژمۆنی سەلیقەیی دوور بێ و بە لێکدان و بۆچوونی پڕێنسیپی و هەروەها بە توێژینەوەی کارا نزیک بێت ؛ نە تەنها شیاوە بەڵکوو پێویستیشە ، بۆیە دەڵێن : ڕەخنە و ڕاڤەی کارا ، چەشنی مۆمێکی ڕۆشنە لە دڵی ئەشکەوتێکی تاریکدا .

عادڵ محەمەدپوور: سەبارەت بە ڕەوتی نوێی شێعری ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاتان چۆنە ؟
یوسفی: بە داخەوە ئەبێ بڵێم لە باری پڕۆسەی نوێخوازیدا ، کۆمەڵگای کوردی بەو شێــوەیەی کە ئەم پڕۆسەیە لە کۆمەڵگە مەدەنییــەکانی جیهاندا ڕووی داوە ، شکڵی نەگرتووە . ئەڵبەت تاڕادەیەک پێدەچێ هۆکاری ئەوەش بگەڕێتەوە سەر داسەپاویی هەندێ چەمک و بابەتی باوی بەرتەسک کەرەوەی بۆچوونی دۆگمی ئایدیۆلۆژیایی وەختەوە بەرانبەر بە ڕەوت و کەش و هەوای نوێخوازی ڕۆژەوە ؛ وەک

چەمکی بەستراوی بیدعەت ، کە بووتە هۆی کۆسپ و لەمپەری نوێ بوونەوەی ئایدیا و بۆچوونەکانی دەموەخت و بەستراویی بازنەی تەشابوهاتی دینییەوە سەبارەت بە ڕەوتی ڕۆشنبیری و تەشەنە کردنی بۆ نێو جەرگەی کۆمەڵگاوە ، کە ئەوەش لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ بەستراویی بازنەی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانیەوە .
بەڵام وێژە و بەتایبەت شێعر، بە هۆی ئەرک و باری تەوەرتیەوە ، لە دڵی بزاڤی ڕۆشنبیریماندا تا ڕادەیەک ئەو هەرمانەی لە ئەستۆ گرتوە و بەپێی هێزوهەتوانی لە بزاڤدایە ؛ بۆیە ڕەوتی شێعری نوێی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش (کوردستانی ئێران) چەشنی ڕەوتی شێعریی کردستانی ئێراق (کوردستانی باشوور) بەردەوام بەرەوپێش چووە و بە پرێنسیپی نوێوە تاڕادەیێک خۆی لە گەڵ ڕەوتی عالەمیی شێعری هاوچەرخدا ئاداپتە کردوەتەوە ؛ وەک ئەم خاڵانەی کە باوی شێعری ڕۆژن ، ئاماژەیان پێدەکەم :

- بنەماشکێنی لە سەر فۆڕم و ساختی شێعریی .
- بوونی زمان و ڕامانی ئاوەڵای پلۆڕالیزمییەت .
- هاوردنە ئارای چەن ئاوایی و چەن دەنگی لە شێعردا .
- تۆخ بوونەوەی عەینییەت و بەرهەستیی زمانی ( ئۆبژەیی بوونی ) شێعر .

عادڵ محەمەدپوور: ئەکرێ تەمەنی نووسین و هۆنینــەوە شێعــری خۆتان کە زۆرتر پێوەی سەرقاڵ بوون و ئێستاش سەرقاڵن ، بۆمانی باس بکەن ؟
یوسفی: بەڵێ وەک نووسینی دەق و هۆنینەوەی شێعر ، بەلای منــەوە (ئەڵبــەت داوای لێبوردنم هەیە) ماوەی زەمانی و ڕادەی چەندیی وتار و شێعر ، کەمتر هەمێتی هـەیە و زۆرتر لایەنی چۆنیەتییم بەلاوە گرینگە؛ کە ئەوەش بریتییە لە تەنها پێنج ـ شـەش وتاری ئەدەبیی و ئەندێشەیی، هەروەها بریتییە لە هەشت ـ نۆ دەقیی شێعریی کە لە گۆوارو پەخشەکانی: زرێبار، سروە ، ئاسۆ ، ڕۆژەڤ و ڕۆژهەڵات چاپ و بڵاو بوونەتەوە .
سەبارەت بە ئێستەیش؛ دوو پڕۆژەی شێعرییم بە دەستەوەیە ، کە ماوەی ساڵێک یان کەمتـرە خەریکی دامەزراندنی پلات و پلانــی ئەوانەم . بـۆیە وەک خـواست و

هەستێکی دەروونی ، ئەمەوێ تێڕوانین و تێبینی زەوقیی خۆم سەبارەت بە دیاردە سەرەکییەکانی دنیای دەروون و دەرەوی خۆم وەک مرۆیەکی دەمکات بە شێوازی شێعریی و ئوسلووبی نوێ ، لە زنجیرە بابەتەکانی فکریی و فامێستیمدا دابیڕێژم . لەم کارەمدا ئەمەوێ لە حەددی وزە و هەتوانمدا وەک هەنگێکی سرک و تینوو بۆ دابەستی شانەی شهوودم ، هەروەها بۆ ئەستوورییەتی پاڕادایمی بیرێکی تا ڕادەیەک پوختە و بۆچوونێکی تا ڕادەیەک کارا و دەموەخت ، هەوڵی پێکهێنانی هەمیان و هەوێنی هەنگوێنم بەدەم .

بۆ ئەم کارەیشم بە پێی نیاز و پێداویستیی و نیانی فکریم ، هاوکات خەریکی موتالای بەرهەمە بە پێزەکانی چەن شاعێرو بیریار و فەیلەسووفی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییم ؛ شاعێرانێ وەک: نالی، مەحوی، مەولەوی، بێسارانی، وەفایی، حاجی قادری کۆیێ، (لە شاعێرانی کلاسیکی کوردی) و ـ ڕەفیق سابیر، شێرکۆ بێکەس، عەبدوولّلا پەشێو، لەتیف هەڵمەت و بەختیارعەلی (لە شاعێرانی نوێی کوردی) و ـ حافز، مەولانا و سەعدی (لە شاعێرانی کلاسیکی فارسی) و ـ نیما، شاملوو، سۆهراب، ئەخەوان، ئاتەشی، ساڵحی و نوسرەتی ڕەحمانی (لە شاعێرانی نوێی فارسی) وـ بەرهەمی بیریار و فەیلەسووفانێکی وەک: فارابی، سوهرەوەردی، هێگل، هیووم، کانت، نیچە، هایدگێر، هابرماس، فۆکۆ و دریدام بەردەوام لەگەڵایە و دەیانخوێنم. ئەڵبەت لە ڕەفیق سابیر و بەختیار عەلی، جگە باری شێعریی و هەستییەتەوە، کەڵکی فکریی وبیردۆزیشم لێکردوون ( وەک دەقە بڵاو کراوەکانیان ).

□ کاک موزەفەری شاعێر و نووسەر، سپاس بو بەڕێزتان کە لەم وتوێژەدا بەشداریتان کرد.

■ کاک عادل منیش سپاس لە ئێوە ئەکەم کە ئەم هەلتانە بو من ڕەخساند.

*ئەم دیمانە لە
زرێباری ژمارە (٧٤)ی هاوینی (١٣٩٠)
چاپ و بڵاو کراوەتەوە

## شوناسی کوردی
## وت و وێژ لە گەڵ د. مەسعوود بینەندە،
## مامۆستای زانکۆ، نووسەر و ڕۆژنامەوان *

❖

**سازدان و ئامادەکردنی:**
**عادڵ محەمەدپوور**

.................................................



**ئاماژە: کاک د.مەسعوودی بینەندە چالاکوانێکی ماندوونەناسە کە بێ وچان لە بواری کۆمەڵناسی، فەلسەفە و ڕۆژنامەنووسیدا خەریکی خوێندن و نووسین و هەوڵدانە. تەوەری ئەم دیمانە تایبەتە بە شوناس و چییەتی سووژەی کوردیە.**

**عادڵ محەمەدپوور: پێمخۆشە لە زاری خۆتەوە بە کورتی لە سەر ئەتوبیۆگرافی خۆت قسەبکەیت؟**

**مەسعوود بینەندە: من لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە شاری مەریوان لە دایک بووم. قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیم لە شارەکانی سنە و مەریوان دوایی هێناوە. دواتر تا پلەی بەکالۆریۆس وانەی فیزیام لە زانکۆی زەنجان خوێندووە و**

هەروەها پلەی ماستەرم لە بواری کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی تاران تەواو کردووە.{دوا بە دوای کاک مەسعوود بینەندە، هەر لەو بەستێنەدا، دوکتورایشی وەرگرتوە و ئێستا مامۆستای زانکۆی فەرهەنگیانە لە شاری سنە. عادڵ . م }.

عادڵ محەمەدپوور: ئێستا لە چ بوارێکدا و بە چ ئاراستەیەکەوە دەنووسن و بەرهەم و پرۆژەی تایبەتیتان چیە؟
مەسعوود بینەندە: من زۆرتر لە بوارەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و ئەندێشەی سیاسیدا کارم کردووە و پرۆژەی سەرەکیم کە دەستپێکی کتێبێکە، ڕەچەڵەکناسی سووژە(ناسکار)ی کوردییە - واتە شیکاری بەستێن و دۆخی زەینی و عەینی سەرهەڵدانی سووژەی کورد - ئەم پرۆژەیە چەند ڕەهەندی جیاواز بە خۆیەوە دەگرێ؛ ڕەهەندی یەکەم: ڕەهەندی فەلسەفییە. لێرەدا هۆکار و بەستێنی زەینی وەکوو پێکهاتەی چەمک و ئاوەزی پێوەندیدار بە سەرهەڵدانی سووژەی کورد دێتە بەر باس. دواتر ڕەهەندی کۆمەڵناسانەیە کە لێرەدا بەستێنی کۆمەڵایەتی و تەواوی ئەو پێوەندی و هاوگرییە کۆمەڵایەتییانە کە بنەمای نەتەوە و شوناسی کوردییان هێناوەتە ئاراوە، دێتە شرۆڤە کردن. هەروەها لە ڕەهەندی سیاسیدا دەسەڵات و ناوەندی سیاسی و پێوەندی لە بەرهەمهاتنی سووژەی سیاسی کورد لێکدەدرێتەوە.

عادڵ محەمەدپوور: مەبەست لە سووژە چییە؟ سووژەی کورد چ واتایەکی هەیە و چۆن دەتوانین ئەم دەستەواژەیە لە پێوەندی لە تەک نەتەوە و شوناسی کورد بخوێنینەوە؟
مەسعوود بینەندە: سووژە(Subject)بە واتای فەلسەفی، زەین یان توانستی زەینی دەگرێتەوە کە توانای ناسینی هەبێت و بەم پێیە خۆی لە بابەتی ناسین واتە(Objest) جیا بکاتەوە. ئەم چەمکە لە ناوەندی گوتاری فەلسەفەی خودئاگایە و زۆرتر لە لایەن ئەوانەوە بایەخی پێدەدرێ. ڕەوتە فەلسەفییە جیاوازەکان هەرکام خوێندنەوەیەکی تایبەتیان بۆ سووژە هەیە بۆ نمونە: ئایدیالیستەکان سووژە بە سەربەخۆ و خودموختار

دەناسێنن هەر بۆیە ئیرادەیەکی ئیستیعلایی(Transcendental) بۆ مرۆڤ ڕەچاو دەکەن و هەبوون(هستی)و مەعریفە و تەواوی شتەکان بە بەرهەمی بێ ئەملاولای سووژە دادەنێن. لەم بوارەشەوە لە نێو ئایدیالیستەکاندا جیاوازی هەیە و هەندێکیان وەکوو ئایدیالیستە رادیکاڵەکان بایەخ بە ئەزموون و جیهانی واقیع(Real)نادەن و هەندێکیتریان وەکوو ڕەوتی ئایدیالیسمی عەینی تا رادەیەک ئەزموون و فاکتەکانی جیهانی واقیع ڕەچاو ئەکەن.
بنەماخوازان و پاشبنەماخوازان سووژە بە دەسکرد و بەرهەمی پێکهاتەکان دەزانن و ئیرادە و سەربەخۆیی و بەرپرسیاریەتی لێ دادەماڵن. کۆی ئەو ڕوانینانە بۆ سووژە لە چوارچێوەی دوو ڕەوتی گەوهەرخوازانە(Essentialism) و پێکهاتووخوازانە(Constructivism)دا پولێنبەندی دەکرێن. روانگەی یەکەم سووژە بە دیاردەیەکی زاتی(Essential)دەزانێت کە خۆی لە خۆیدا هەیە و تا رادەیەکی زۆر سەربەخۆیە. ڕوانگەی دووهەم سووژە بە دەسکرد دەزانێت و باس لە پێکهاتنی لە ڕەوتێکی دیاریکراودا دەکات. ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە کە سووژەی کوردی دیاردەیەکی زاتی نیە بەڵکوو دیاردەیەکی دەسکردە و بەرهەمی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تایبەتەو لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا سەریهەڵداوە. لێرەوە سووژەی کورد دەبێتە خاڵی سەرەکی و بەردی بناغەی نەتەوە و شوناسی کوردی. کەوایە تەنیا کاتێک دەتوانین باس لە شوناسی کوردی و نەتەوەی کورد بکەین کە سووژەی کورد لە ئارادا بێت و بە واتایەکیتر سەریهەڵدابێت.

عادڵ محەمەدپوور: ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد لە باری مێژوویيەوە چۆنە؟ واتە ئەو قۆناغە مێژووییانە کە سیمای سووژەی کوردی تێدا ئاشکرا بووە کامانەن؟
مەسعوود بینەندە: ئەگەر چوار قۆناغی: دێرین، کلاسیک، مۆدێرن و پاشمۆدێرن لە بەرچاو بگرین لە قۆناغی یەکەمدا ناتوانین قسە لە سووژە و شوناسی کورد بکەین. بەڵام لە قۆناغی کلاسیکدا کە پریشکی گۆڕانکاریيە پیشەیی و ئابوورییەکان لە ڕێگای کۆڵۆنیالیزمەوە دەگاتە رۆژهەڵاتی ناوین، هەنگاوە سەرەتاییەکانی پێکهاتنی

سووژەی کورد دەستپێدەکات. لەم سەردەمەدا کۆلۆنیالیزم بە پشتیوانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی مرۆڤی کورد وەکوو دیتری پێناسە دەکات. مرۆڤی کورد بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە بەرانبەر ئاوێنەی ڕۆژهەڵاتناسیەوە خۆی دەبینێتەوە و سیمای خۆی بە شێوەیەکی تەماوی و ناتەواو دەدۆزێتەوە. پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسانە لە مرۆڤی کورد پێناسەیەکە کە ئاماژە دەداتە دواکەوتوویی، ناشارستانیەتی و ئەبنۆرماڵبوونی مرۆڤی کورد و ئەوەش بێ ئەملاولا پێویستی سیاسەتی بە کۆلۆنیکردن و بە شارستانیکردنی کورد دەخاتە بەرباس. واتە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیی گوتاری سەرکوت و ڕاگرتن و نۆرماڵیزە کردنی کوردی لێ دەکەوێتەوە کە ئەوەش لە ڕێگای سەرکوت و زەبر و زەنگەوە جێبەجێ دەکرێت. لێرەدا ئیستراتژی دەسەڵات سەرکوتکاریی جەستەیی و قتکردنی فیزیکییە بەڵام هێشتا توانەوە و ئەسیمیلاسیۆنی بە دواوە نیە. کەوایە چەمکی جیاوازی هێشتا بۆ کورد پێکنەهاتووە و سووژەی کورد تەنیا لە هەمبەر دیترییەکی سەرکوتکاردا دژکردەوە دەنوێنێ. ئەم دیترییە تەنیا سامان و سروشتی کوردستانی دەوێ و نایهەوێ کە هەستیی و هەبوونی کورد تێکبشێوێنێ یان دەسکاری دۆخی ڕۆحی و دەروونی کورد بکات. هەر بۆیە سووژەی کورد لێرەدا چەمکی جیاوازی بە باشی ناناسێ و کاتێکیش لە هەمبەر سەرکوتکاریدا بەرگری دەکات دەست بۆ گوتاری جیاوازی ڕاناکێشێ. بەڵام لە قۆناغی مۆدێرندا و لە کاتی پێکهاتنی دەوڵەتە دەسکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دابەشبوونی کیانی کوردی، سەردەمێکی نوێ بۆ سووژەی کورد دێتە ئاراوە. لێرەدا دەوڵەت/نەتەوەکان جێگای کۆلۆنیالیزم دەگرنەوە و سیاسەتی سەرکوت بە گوتارێکی نوێ دەبەنە پێش. گوتاری دەوڵەت/نەتەوە بە ئیستراتژی توانەوە و ئەسیمیلەکردن سەرکوتی جەستەیی و فیزیکی درێژە ئەدات و زێدەتر لەوەش بە ئیستراتژی فەرهەنگی و زمانی هەوڵ بۆ توانەوە و سڕینەوەی تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی سیستەماتیک ئەدات. لێرەدایە کە سووژەی کورد جیاوازی دەناسێت و دەتوانێت لە نێوان سەرکوتکاریی و جیاوازیدا پێوەندییەکی واتادار ببینێتەوە. هەر بۆیە لە هەوڵی

دژکردەوە و بەرگریدا دەست بۆ چەمکی جیاوازی رادەکێشێ و ئەو چەمکە دەکاتە سەنتەری رووبەڕووبوونەوە و بەرخۆدان.
قۆناغی پاش‌مۆدێرن کە قۆناغی جیهانی‌بوون و سەردەمی سیاسەتی میدیا و هەڵسووڕانی زانیاری و پەرەسەندنی راگەیاندنە، مرۆڤی کورد لەوێدا رەهەندێکی دیکە لە چەمکی جیاوازی دەناسێت و واتای ڕووت و ڕەها و تاکڕەهەند لە جیاوازی دادەماڵێت. لێرەدا سووژەی کورد جیاوازییەکانی‌تر دەبینێت و بە دوای ئیستراتیژییەکی جیهانگیر و گلۆبالدا دەگەڕێت کە بتوانێت بە پاراستنی جیاوازی خۆی هاوکات هاوگرتوویی و بەشداری خۆی لە سیستەمی جیهانیدا وەگەڕ بخات، واتە لە نێوان گلۆبالیزم و لۆکالیزمدا بە پێی دیالیکتیکێکی واقیع‌خوازانە شوناسی خۆی پێناسە بکات. لەم سەردەمەدا کورد سەرەڕای ئەوە کە لەتەک دەوڵەت/نەتەوەدا هێشتا رووبەڕوویە لە هەمان کاتدا لە هەمبەر تۆڕێکی جیهانیدا رووبەڕوویە کە هیچ ناوەند و لۆژیکێکی دیاریکراوی نیە و خاوەن ئیستراتیژییەکی بگۆڕ و ناسەقامگرتووە کە سەرەڕای وەدیهێنانی هەل و دەرفەتی گونجاو، قەیران و ڕکەبەرییەکی سەخت و دژواری بۆ نەتەوەکان خولقاندووە.
هەروەهادەسەڵاتی مۆدێرنیتە لە ڕێگای گوتارە سەرەکییەکانی خۆیەوە واتە لیبرالیزم، مارکسیزم و کۆنسرڤاتیسم، لە پێکهێنانی سووژەی کوردیدا دەوری گرنگی گێڕاوە. ئەم گوتارانە سووژەیەکیان پێکهێنا کە لە چوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی وەکوو پێکهاتەی دەوڵەت جێگیر ببێت و خۆی بە پێی شوناسێکی جیهانی پێناسە بکات. ئەم شوناسە جیهانییە لە راستیدا هەمان جیهان زێدی لیبراڵی، کمونیستی و ئایینی بوو کە وەکوو یوتوپیایەک لە بەردەم ئەم سووژەیەدا دانرابوو. سووژەی پێکهێنراوی ئەم گوتارانە لە ئاکامدا لە نێو یوتۆپیای بەرئاماژەی ئایدۆلۆژیدا دەتوایەوە و دەسەڵاتێکی جیهانی گشتگیری پێک ئەهێنا. تەکنۆلۆژیای دەسەڵات لە شێوازە جیاوازەکانیدا پرۆژەی راهێنان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی نوێی وەئەستۆ گرتبوو و نوێ‌بوونەوە و راهێنانەوەی مرۆڤی کورد بەشێک بوو لەم پرۆژەیە کە لەلایەن دەوڵەت نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوینەوە وەکوو نوێنەری ڕێبازە سەرەکییەکانی چاخی مودێرن

بەڕێوەچوو. هەرچەند دەوڵەتانیرۆژهەڵاتی ناوین لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی گوتاری مودێرنیتەدا دەستیان دابووە پرۆژەی نەتەوەسازی، بەڵام خۆیان لە مودێرنیتە لە شێوازی گشتی و دەروونی بەدووربوون و بە وتەی مارشال بێرمەن تووشی چەشنێک «مودێرنیسمی پەرەنەسەندویی» یان مودێرنیسمی دواکەوتوانە هاتبوون.

عادڵ محەمەدپوور: سووژەی کورد و بە گشتی نەتەوەی کورد لەم سێ قۆناغە مێژووییەدا چۆن هەڵوێست دەنوێنێ و بەرگری دەکات؟ واتە ئەو ئیستراتیژ و دەسەڵاتە کە کورد بۆ خۆدەربڕین و خۆڕاگرتن هانای بۆ دەبات کامانەن؟

مەسعوود بیننده: تەکنیکە سیاسییەکانی دەسەڵات لە قۆناغی کلاسیک و مودێرندا تا رادەیەکی زۆرلێک جیاوازن. لە قۆناغی کلاسیکدا میکانیزمی ئەم تەکنیکانە چەشنێک رووبەڕووبوونەوە و سەرکوتکاری جەستەیی و فیزیکیە کە لەچوارچێوەی لەبەندکردن، ئەشکەنجە، کوشتن و شاربەدەرکردندا خۆی ئەنوێنێ. ئیستراتژی سەرەکی دەسەڵات لەم قۆناغەدا سەرکوتکارییە، بەڵام ئەم سەرکوتکارییە خاوەنی دوو تایبەتمەندی گرنگە:

یەکەم، پێوەندییەکی ئەوتۆ و هەمەلایەنەی بەچەمکی جیاوازیەوە نیە. واتە هێشتا سەرکوتکاری نەیتوانیوە چ وەکوو هۆکار و چ وەکوو بەرهۆ پێوەندییەکی بنەمایی بە جیاوازییەوە دروست بکات. دووەم سەرکوتکاری زۆرتر بە پێی میکانیزمێکی فیزیکی و دەرەوەیی بەڕێوە ئەچێت و هیچ کاریگەری و تێهاویشتنێکی دەروونی و زەینی نیە. بەڵام لەسەردەمی مودێرندا تەکنیکە سیاسیەکانی دەسەڵات شێوازی سەرکوتکاری دەگۆڕنە پرۆژەیەکی گوتاری کە بەپێچانەوەی قۆناغی پێشوو، لە سەردەروون و زەینی مرۆڤ کاریگەری دائەنێت. لەم قۆناغەدا دەسەڵات رەهەندێکی سوبژەساز بەخۆوە ئەگرێ کە لەرێگای کۆنترۆڵ و دیسیپلینەوە مرۆڤێکی نۆرماتیف و رێسامەند بەرهەم دەهێنێن. (Discipline) (Subordination) دەسەڵات لەم سەردەمەدا چەشنێک پاراستەبوونی رێکدارانە ـ انقیاد منضبط ـ بەدی دەهێنێ و لەرێگای دیسیپلینکاری و کونترۆڵەوە زەینی مرۆڤەکان دەسکاری ئەکات.

لەسەردەمی مودێڕندا گوتار لە ڕێگای خۆڵقاندنی هوشیاریەوە کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان دائەنێ. ئەم هوشیاریە لە راستیدا بیرڕاگرێکە کە جێگەوپێگەی دەسەڵاتی پاراستەساز. گوتار بەپێکهێنانی هوشیاری و جێگیرکردنی بنەماکانی دەسەڵات لەوێدا، سووژەی کونترولکراو پێک ئەهێنێ. کورد لە سەردەمی مودێڕندا هەم بەرەوڕووی سەرکوتکاریی بەجێماوی سەردەمی کلاسیک بوەتەوە و هەم لە ڕێگای هێزێکی تازەوە؛ واتە گوتاری دیسیپلینکار و پارستەساز، خراوەتە ژێر دەسەڵات و کونترۆڵکاریەوە. لەم سەردەمەیەدایە کە پێوەندی نێوان سەرکوتکاری و جیاوازی بۆکورد بەشێوەیەکی ئەوتۆ و هەمەلایەنە دێتەکایەوە و سووژەی کوردی بەدەربازبوون لە لایەنە بەرهەمهێنەرەکانی خۆی وەقسە دێت و ئارەزووی خودبوون و خودسەروەری خۆی ئاشکرائەکات. ئەگەرچی گوتارە مودێڕنەکان لە ڕێگای خولْقاندنی هوشیارییەکی دەسکرد و هەروەها کونترۆڵ و دیسیپلینکاریەوە، سووژەیەکی بەرهەمهێنراویان لە کورد پێکهێنا، بەڵام ئەمە خۆی سەرەتای سەرهەڵدانی سووژەی کوردی بوو. ئەم سووژەیە کە لەرێگای ئایدۆلۆژیەوە لە وتنی هەندێ وتەو زاراوە نکۆڵی کرابوو بەڵام لەئاکامدا ئەم سووژەیە هەنگاوی نایە پانتاییە حەرامەکان و بەستێنە تابۆو نەلێکراوەکانی تێپەر کرد.

لە سەردەمی کلاسیکدا بە هۆی نەبوونی سیستەمی مۆدێڕن و چینی شارنشین، کورد پەنا بۆ سیستەمی سوننەتی و عەشیرەیی دەبات واتە کەڵک لە هۆز و عەشیرە و قەبارەی خێڵەکی بۆ سەرهەڵدان و بەرگری لە هەمبەر دیتران دەبات. هەروەها وەک ئاماژەمان پێدا ئیستراتیژی سووژەی کورد لەم سەردەمەدا ئیستراتیژی راپەڕین و شەڕی سوننەتییە و گوتاری زاڵ گوتاری ئایینی و بەتایبەت ڕێبازی تەریقەتە. بەڵام لە سەردەمی مۆدێڕندا کورد ئیستراتیژی سیاسی مۆدێڕن بەکاردێنێ و لە ڕێگای ڕێکخراوە و حیزبی سیاسی مۆدێڕنەوە هەڵسوکەوتی سیاسی دەنوێنێ. هەرچەند قەبارەی خێڵ لە نێو ئەم سیستەمە مۆدێڕنەدا درێژ ئەبێتەوە بەڵام بەگشتی پرۆگرام و ئیستراتیژ و کەرەستەی مۆدێڕن لە چوارچێوەی بیرۆکراسی و عەقڵی مۆدێڕندا دەبێتە سەرچەشنی جووڵانەوە و بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کوردستان. بەڵام

له سەردەمی پاش‌مۆدێرندا لە جیهاندا بە گشتی ڕۆڵ و دەوری حیزب کرچ و کاڵ دەبێتەوە و بزاڤە کۆمەڵایەتی و میدیا گشتگیرەکان بە چەشنێک دەبنە جڵەوداری ئاڵوگۆڕەکان. هەر بۆیە لەم سەردەمەدا لە کوردستان حیزب و سازمانی سیاسی دەبێتە پاشکۆ و شوێنکەوتووی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و نوێباوانەی کە هێز و کاریگەرییان بۆ پێکهێنانی گۆڕانکارییەکان گەلێک زۆرتر و بەربڵاوتر لە هێز و ڕێکخراوە کلاسیکەکان وەکوو دەسەڵاتە حیزبی و دەوڵەتییەکانە.

عادڵ محەمەدپوور: بەم باسە مێژووییە لە سەر ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد ئێستاکە دۆخی ئەم سووژەیەچۆن دەبینن؟ ئایا دەتوانین قسە لە سووژەیەکی دیاریکراوی کوردی بکەین کە خاوەنی یەک گوتار و یەک ئیستراتیژی دیاریکراو بێت؟

مەسعوود بینندە: سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد تەواو نابێت و ئەم ڕەوتە لە پێکهاتن وگۆڕانکاری بەردەوامدایە. کەوایە ناتوانین دەست لە سەر قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی بنێین کە لەوێدا سووژەی کوردی بە تەواوی و بە شیاوی بەرهەم هاتبێت. هەر بۆیە ناتوانین جەخت لە سەر شێوازێک و گوتارێکی دیاریکراوی سووژەی کوردی بکەین و چوارچێوەیەکی سنووورداری بۆ دابتاشین. هەروەها ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد ڕەوتێکی پڕ خەسار و شپرز بووە. بۆ نمونە لە سەردەمی کلاسیکدا هەرچەندە کورد بەرەوڕووی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی و گوتاری ڕۆژهەڵاتناسانە بووەتەوە بەڵام لە بەر ئەوەی کە بە تەواوەتی کۆلۆنی نەبووە، لە دوورەوە و بە شێوەیەکی سەقەت کۆلۆنیالیزمی ناسیوە، هەر بۆیە نەیتوانیوە زمان و گوتاری کۆلۆنیالیزم بناسێت و کەڵک لە توانا و زانست و دەسەڵاتی بگرێت. کەوایە ڕووبەڕووبوونەوە لە هەمبەر کۆلۆنیالیزم هەرچەندە یەکەم قۆناغی پێکهاتنی سووژەی کوردی بەرهەم هێناوە بەڵام ئەم پێکهاتنە پێکهاتنێکی ئەوتۆ و تۆکمە نەبووە واتە پشت‌بەست بە وزەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی پەرەسەندوو و جیاواز نەبووە. دواتر لە قۆناغی مۆدێرندا کورد لە نێوان چەند پارچەدا دابەشکرا و دەرەنجامی

ئەم دابەشبوونە لە لایەکەوە زۆربوونی دەسەڵاتی دژبەری کورد و لە لایەکی ترەوە ناتوانی سووژەی کورد بوون لەوەی کە خۆی وەکوو پێکهاتەیەکی تاکانە و سەربەخۆ لە هەمبەر دیترانی جیاواز و بگۆڕدا بە باشی پێناسە بکات. لێرەوە ڕەوتی پێکهاتنی سووژەی کورد چەند پارچە دەبێت و سووژەگەلێکی جیاواز بە ئەزموون و گوتاری جیاوازەوە سەرهەڵئەدەن. ئەم دۆخە نادیار و شپرزە کاتێک زەرەر و خەساری زۆرتر دەبێت کە ئەم سووژەیە لە دۆخی شپرزەیی و چەند گوتاری و چەند بەرەکیدا رووبەڕووی ڕەوتی جیهانیبوون و تۆڕی بەربڵاو و پلۆرالی سیستەمی پاش سەرمایەداری دەبێتەوە. ئەمە بەو واتایە نیە کە گلۆبالیزم کێشەی بۆ کورد پێکهێناوە، بە پێچەوانەوە گلۆبالیزم هەل و دەرفەتی ئێجگار مەزنی بۆ سووژە و شوناسی کوردی ڕەخساندووە بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هێز و توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانیاری و فەرهەنگی جیهانی لە نێو کۆمەڵگای کوردی پێکنەهاتووە و ئەمەش ئێستاکە وەکوو قەیران خۆی نواندووە.

عادڵ محەمەدپوور: دوایین پرسیار، ڕێگەچارەی ئەم کێشەیە کە قەیرانێکی بۆ سووژە و شوناسی کوردی هێناوەتە ئاراوە لە چیدا دەبینن؟
مەسعوود بینندە: ڕێگەی چارەسەری لە سەرەتا لە دوو دیاردەی گرنگدا خۆی دەبینێتەوە: یەکەم پتەوبوون و پەرەسەندنی زمانی کوردی، دووەم پێکهاتن و بەهێزبوونی دەسەڵاتی کوردی. هەرچەندە ئەم دوو دیاردەیە لێک جیاواز نین و یەکتر تەواو دەکەن. ئەم دوو لایەنەدەتوانن گوتاری کوردی پێکبهێنن و ئەم گوتارەیش خۆی لە خۆیدا لە پێگەیاندن وگەشەکردنی سووژەی کوردیدا دەور دەبینێت. پێگەیاندنی سووژەی کوردی لە سەردەمی ئێجگار ئاڵۆزی جیهانیبووندا پێویستی بە پرۆژەیەکی سیاسی/فەرهەنگیە کە پلانێکی درێژخایەن و بەهێزی بۆ نوێکردنەوە و بەهێزکردنی زمان و رۆشنبیری کوردی هەبێت، ئەمەش بە بێ دەسەڵاتێکی سیاسی کراوە و مۆدێڕن و بە بێ هەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە کوردستاندا جێبەجێ ناکرێت. سووژەی کوردی بۆ تێپەڕاندنی ئاقاری تەسکی ئەو چەشنە شوناسە ،واتە

شوناسی داخراو و ئایدۆلۆژیک پێویستە پێوەندی و هاوگری نێوان بابەتی تایبەتی و یونیڤێرساڵ بێنێتەکایەوە. بە وتەی رابێرتسۆن پێویستە هەم بابەتی تایبەتی یونیڤێرساڵیزە ببێتەوە و هەم بابەتی یونیڤێرساڵ پاتیکیولاریزە ببیتەوە ـ لیرەدایە کە دژوازی نێوان لۆکاڵ و جیهانی تارەدایەکی زۆر تاووتوێ ئەکرێ ؛ ئەو دژوازییەی کە مەزنترین قەیرانی سووژەی بەرهەمهێنراوی گوتارە ئایدۆلۆژیکەکانە. جیهانی بوون تەنیا رەوتێکی ئابووری و سیاسی نیە بەڵکو رەوتێکی مەعریفی و شوناسیشە کە پرسگرە زەینی و ئانتالۆژیکەکانی مرۆڤی تووشی گۆڕان و وەرچەرخان کردوە. سووژەی کوردی لە سەردەمی جیهانیبووندا ناتوانێ پێی لەسەر شوناسی بەرانبەریەکانە و دوانەبینانەی قۆناغی پێشوو بنێ و هەروەها ناتوانێ قەیران و دژوازییە دەروونیەکانی خۆی بە پەلهاوێشتن بۆ ئایدۆلۆژیا و گوتارە بانمێژوییەکان تاووتۆی بکات. مرۆڤی کورد لە قۆناغی بازسازی و ساغکردنەوەی شوناسی خۆیدایە ؛ ئەو شوناسەی کە لە ئاکامی لەپەروێزنان و سەرکوتکاریەوە بەدیهاتبوو، ئێستاکە ئەیهەوێ خۆی بە پێوەندی لەگەڵ بابەتی یونیڤێرساڵ و هەروەها رەوتی جیهانی بووندا پێناسە بکات. دەسەڵاتی دیموکراتیک دەتوانێت کۆمەڵگای کوردی دیموکراتیزە بکات و تەواوی ئەو توخم و توانستە بەهێزانە کە تا ئێستا لە چوارچێوەی پێکهاتەی سوننەتی و سەرەڕۆخوازدا قەتیس مابوون ئازاد بکات و بەرەبەرە گەشەیان پێبدات. ئەمە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە سووژەی کوردیی سەرەڕۆخواز بەرهەمی کۆمەڵگا و دۆخی سەرەڕۆخوازە و سووژەی کوردیی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز بەرهەمی دۆخ و کۆمەڵگای دیموکراتیکە. کەوایە ئەگەر بمانهەوێت لەم سەردەمەدا سووژەیەکی کوردی پێشکەوتوومان هەبێت، دەبێت تەواوی رەگەزە کۆنەکان کە بەرهەمی گوتارە سوننەتی و نادیموکراتیکەکانن لە گوتاری سووژەی کوردی دابماڵین و بە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی کراوە و ئازاد کە تێیدا سەرەڕۆخوازی، بونیادخوازی، باوکسەروەری، پیاوسالاری و حەقیقەتخوازی واتایەکی نەمێنێت رێگا بۆ گەشەکردنی سووژەی کوردی ئاوەڵا بکەین.

**عادڵ محەمەدپوور: سوپاس بۆ بەشداریتان**
**مەسعوود بینەندە: سوپاس بۆ ئێوەش کە ئەم هەلەتان ڕەخساند بۆ ئەم وت و وێژە.**

***ئەم وت وێژە**
**لە گۆڤاری ڕامان**
**ژمارە (١٣١) ٢٠٠٨/٤/٥**
**چاپ و بڵاوکراوەتەوە**

## هەڤپەیڤین لەگەڵ عادڵ محەمەدپوور*
## نووسەر و رۆژنامەنووس

❖

## ئامادە و سازدانی عەلی دەسماڵی

.....................................................

پ: کاک عادڵ سەرەتا کورتەیەک سەبارەت بە ژیان و پەروەردە و قۆناغی پێگەیشتنی فەرهەنگیتان باس بکەن. چۆن بوو هاتنە ناو دونیای ئەدەبیاتەوە؟

و: زێدەکەم، گوندی دزڵی سەر بە ناوچەی هورامانە، لەوێدا ڕسکاوم و قوناغی سەرەتاییم خوێندوە و پاشان بۆ گەشەی خوێندن هاتوومەتە شاری مەریوان لەوێ دیپلۆمم وەرگرتوە و دوایی بۆ بەردەوامی خوێندن چوومەتە شاری سنە، لیسانس و فەوق لیسانسم لە زوان و ئەدەبی فارسیدا، لەوێدا وەرگرتووە. ماوەی سی ساڵ لە مەریوان مامۆستای زوان و ئەدەبی فارسی بووم لە دەبیرستان و پێش زانکۆ و زانکۆی پەیامی نوور دەرسم وتوەتەوە. هەر لە ساڵەکانی (٥٨ و ٥٩) بەم لاوە، خولیای فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بووم، لەو کاتانەدا شان بە شانی ریزمانی فارسی، رێزمانی کوردیشم بە بەراوردکاری نێوان ئەم دوو زوانەدا، ئەموتەوە بە قوتابییەکان، ئەوانیش ئەیاننووسییەوە. ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا ساڵەکانی (١٣٦٩ و ١٣٧٠) لە گەڵ هەندێ قەلەم بەدەست و هەڵسووڕاوی بواری شێعر و ئەدەب، لە مەریوان هەستمان بە بۆشاییەک لە حەوزەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیدا دەکرد، بۆیە هەوڵماندا بۆ پرکردنەوەی ئەم بۆشاییانە، بڕیار درا لە دەوری ئەنجومەنێک کۆببینەوە. بەم شێوە لە ساڵی ٦٩ ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبی مەریوانمان پێکهێنا. لەو ئەنجومەنەدا، وێڕای هەوڵ و چالاکی هەفتانە، ساڵی (١٣٧١)ی هەتاوی وەک یەکەمین چالاکی/پراکتیکی ئەنجوومەن کۆنگرەی شێعر و چیرۆکمان بە ڕێوە برد کە زۆرینەی شاعێرانی بە ناو بانگی کوردستانی ئێران تێیدا بەشدار بوون و ڕۆڵێکی بەر

چاوی له ڕەوتی ئەدەبیی ڕۆشنبیری ئەوکاتەدا هەبوو. هەر لەو سەردەمانەدا بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی زرێبارمان داڕشت. بۆ وڵامدانەوەی هەندێ پتانسیەل و قۆستنەوەی کاتی گونجاو، له هەوەڵین هەڵبژاردنش شۆرای شاردا بەشداریم کرد بەڵام هەر زوو ... داوای لێبووردنم کرد له جەماوەری مەریوان و هاتمه دەرێ و ڕێگای ونکردووی خۆم دۆزییەوە. له ماوەی ئەو چەند ساڵەی هەوڵ و هەڵسووڕان و تێکۆشانەمدا، توانیومه به پێی توانای خۆم ئەم  بابەت و نووسراوانەش پێشکەش به گەل و نیشتمان بکەم:  جگه له مامۆستایی و ئەندامێتی ئەنجومەن و بەشداری له شۆرای شار، له بووارەکانی تردا، ئێستاش بێ وچان، وام له هەوڵ و تێکۆشاندا:

ڕۆژنامەوانی: خاوەن ئیمتیاز، بەرپرس و (سەرنووسەر) و ئەندامی شۆرای نووسەرانی گۆڤاری زرێبار

نووسینی چەند کتێب و زۆرتر له ٥٠ وتار و سەروتار: له سروە، ئاوینە، ئاویەر، سیروان، ڕۆژهەلات، ئاشتی، ئاسۆ، زرێبار و... له گۆڤارەکانی باشووری کوردستان: ڕامان، ئاینده، سەردەم، هەنار و ...  چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

کۆڕ و کۆبوونەوە و خوێندنەوەی وتار:

کۆنگرەی شێعرو چیرۆکی مەریوان، شەپۆل، بێسارانی، ناری،  قانێع، هوڕامان شناسی سنه، کۆنگرەی سیاوچەمانه زانکۆی رازی سنه، کۆنگرەی شێعر هاوچەرخ هورامی دانشگای رازی کرماشان، همایش هوڕامان شناسی پاوە، همایش ئەدەبی پاوە، ئەدەبیاتی کوردی زانکۆی کوردستان، کۆبوونەوەی ئەدەبی ئەنجومەنی بیسارانی سەوڵاوا، چیروک و شعر و ...)

چالاکی له دەرەوەی ئێران:

کۆنگرەی مەولەوی. سلێمانی ١٣٧٩ پێشکەشکردنی وتار

کۆنگرەی مەستووره هەولێر ١٣٨٤، پێشکەشکردنی وتار

بەشداری له کونگرەی شاعێر، هێدی، ٢٠٠٨ ی هەولێر

فستیواڵی ماچۆ، هۆڕامان شناسی، چەند جار و پێشکەردنی وتار

-خەڵاتی دووەم و سێهەم لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، فستیوالی ئەدەبی/روشنبیری گەلاوێژ ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ زایینی شاری سلێمانی و...

پ: لە ئەدەبیاتەوە بەرەو رۆژنامەگەری هەنگاوتان نا. باسی قۆناغی سەرهەڵدانی زرێبارمان بۆ بکەن؟

و: - پێشتر ئەم پرسیارەم لێکراوە و وڵامەکەی ڕەنگە دووبارەکی بێت- پێموابوە، لە دونیای مەجازی هەنووکەدا، کوردیش پێویستی بە ئامڕازی راگەیاندنی وشیارکەرەوە هەیە. لەو دەمەدا، لە ناوچە کورد نشینەکاندا، تەنیا، سروە و ئاوێنەو ئاویەر دەرئەچوون، هەر لە مێژەش تامەزرۆی ئەوە بووم هەلم بۆ بڕەخسێ و بتوانم ئیمتیازی رۆژنامەیێ بگرم و خزمەت بکەم بە رۆژنامەنووسی کوردی لە رۆژهەڵات. لەو سەرووبەندا بە گوڕ چووبوومە نێو جەرگەی بە واتا رۆشنبیری کوردییەوە. پاش پێکهێنانی ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان بە هاندانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو کاتەی ئەنجومەن و دۆستانیتر ئەوە بوو ئەو بیرۆکە عەینییەتی پەیاکرد، بۆ یەکەم جار من داخوازنامەیەکم(١٣٧١) دایە ئیدارەی ئیرشادی مەریوان ئەوانیش رەوانەی سنەو تارانیان کرد، پاش پێنج ساڵ پێچ و خەمی ئیداری و تاوتوێ و لێکۆڵینەوەی کەسێتی، قایل بوون بە دانی ئیجازەنامەی بڵاوکردنەوەی وەرزنامەی زرێبار بە ژمارە و بەرواری- ١٣٧٦/٢. ئەگەرچی سازوکاری پێویست وەک پارە و کەرەسە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاوەها گۆڤارێک لە شان و باڵماندا نەبوو، بەڵام خۆم و ئەو دۆستانە و تاقمێ فەرهەنگ دۆستی مەریوانی، ئەم ئەرکە قورسەم گرتە ئەستۆ و توانیمان بە هەرەوەزی ئەو لۆسە قورسە بەرز بکەینەوە. ئەوەبوو هەوەڵین ژمارەی زرێبار لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ کەوتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد، بە پێچەوانەی داوانامەکە دەبوا بە دوو زوانی کوردی و فارسی دەربچوایێ، کەچی لە سەر ویستی (ئیدارەی کولی مەتبوعات داخڵی ئیرشاد) یەکەم ژمارە بە فارسی دەرهات، دوایی بە نووسینی نامە و داخوازیتر جەختمان کردە سەر خستنەسەر زوانی کوردی و ئیجازەنامەکەیان گۆڕا بە دوو زوانی کوردی و فارسی... پێشوازێیکی ئەرێنی لێکرا لە

لایەن رووناکبیران و شاعێران و نووسەران و هونەرمەندان بە تایبەت چینی خوێندکار کە هەمیشە یاوەرمان بوو. هەر وەها کە چاوەڕوان دەکرا، بۆ ماوەیەک زرێبار بە هۆی تەنگەژەی ماڵییەوە، تووشی نارێک و پێکی کاتی فورم و ناوەڕۆک و دەرچوون بوو، هەوەڵی کە لە وەزرنامەوە گۆڕدرا بۆ دووحەوتوونامە، پاشان پلە بە پلە داکشا و بووە مانگنامەو دوایی گەڕایەوە بۆ وەرزنامەی هەوەڵجار. چەند جار لە لایەن بەرپرسانەوە، هوشداری درا بۆ ئەوە بیبەسن، بەڵام کۆڵمان نەدا، بۆ ئەوە دڵی زرێبار لە ترپە نەکەوێ و دای نەخەن، بە بەرخۆدان و و پاڵپشتی خوێنەرانی سەقامگرتووی زرێبار، ماوەیەک خۆم کاری هەموو ئەندامانم دەکرد، لە ژمارەی (١٥)ەوە تاژمارە (٥٣) بە تاک گۆڤارەکەم لێدەدا: نووسینی سەروتار، وتاری جۆراوجۆر، وەرگێڕان و ئەرکی تایپکردن و سەفحەئارایی و ئەرکی ماڵی و هاتووچۆی چاپخانە و ... بە ڕاستی کارێکی سەخت و دژوار و پڕئاستەنگ، بەڵام شیاو و بەجێگە بوو.

پ: کاک عادڵ زرێبار لە قۆناغی سەرهەڵداندا، ئەدەبیات و هونەر جیدیترین ڕەهەندی گۆڤارەکەتان بوو، کەچی ئێستا بە قوناغێکی بیردۆزی و ڕۆشنبیریدا تێ ئەپەڕێ. هۆکاری ئەم گۆڕانە چی بوو؟

و: کاک عەلی ڕاستە، زرێبار لە ژمارە (٥٤)ەوە، شێواز و سیاقی زرێبار، لە فۆڕم و ناوەڕۆکدا، گۆڕراوە، بەڵام ئەمە بەم مانا ئەوە نییە کە لە بواری فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر، وازمان هێنابێ و پاشەکشێمان کردبێ، ڕەنگە ئەم شێوازە کاتی و دەرهەق وەخت بێ. بەڵام سەرەڕای ئەمە، ئێستا گۆڤارەکە بە مێتۆدی شیکاری-لێکۆڵینەوەیی دەرئەچێ، لاپەڕەکانی ڕێژەی سەرە و تیراژیشی ئیدئاڵ و دڵخۆشکەرە. هەر ژمارەیەک فایلی تایبەتی-شارەزایی خۆی هەیە کە لە ژمارەی پێشوویدا تەوەرەکانی بۆ بەردەنگ ڕادەگەیەنرێت، بۆ ئەوەی نووسەران دەرفەتی باشیان ببێت بۆ نووسینی بابەتەکە. ژێرخانی گۆڤارەکە، فەرهەنگ و ئەدەب و هونەرە و من بۆ خۆم هەر لە سەرەتادا، حەزم لە کاری ئەدەبی بووەو لەو بوارەدا ئیشم کردووە و ئێستاش لە هەر ژمارەیەکدا، وتاری ئەدەبی و زوانەوانی بڵاو دەکەمەوە و پێشوازیش دەکەم لە وتاری ئەدەبی و

ڕەخنەڤانی ئەدەبی، ژمارەی داهاتوومان تایبەتە بە ئەدەبی هاوچەرخ کە ئەگەر لە دەست تەنگەژەی ماڵییەوە دەرباز بین، ئەو ژمارە لەو بەستێنەدا دەکەوێتە بەردەست خوێنەران. سەرەڕای ئەمە، ئەدەب فاکتۆری ژیانی مەعنەوی و ناسنامەی فەرهەنگی کوردەو پێموایە، لەم رووکردە نوێشدا، زرێبار بە لۆژیکی عەقلانی-زانستی-شارەزاییەوە باشتر گاریگەری هەبێ بۆ کاناڵیزەکردنی بەستێنی هزر و پەیلوا فرەچەشنەکان تا چنگاوەش بوون لە گەڵ هەندێ دیاردەی درۆشمئامێز و سواربوون و تێکەڵبوون لە گەڵ شەپۆلی هەستامێز و خنکێنەری کاتی- سیاسی، یان قەتیس مانەوە لە بووارێکی تاک ڕەهەنددا.

پ: بە گشتی پێتان وایە، زرێبار لە پرۆسەی فەرهەنگ و ئەدەب و رۆژنامەگەری کوردی، لە کوردستانی ئێران دەوری چۆن بووە؟

و: بەڵێ کاک عەلی گیان، پێموایە رولی زرێبار و کاریگەری لە سەر پرۆسەی فەرهەنگ و ئەدەب و رۆژنامە گەری حاشاهەڵنەگر بێ. زرێبار وەک ئەوەڵین ئەزموونی رۆژنامەگەری سەربەخۆ گوڕوتینێکی تایبەتی بەخشیە رۆژنامەگەری رۆژهەڵات و پەیامێک بوێرانە و بزێوانەی ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردەواری کرد، تا ئەو دەم ئێمە رۆژنامە سەربەخۆمان تاقی نەکردۆتەوە، کاردانەوەی سروە و ئاوینە تەنانەت ئاویەر لە سەر پرۆسەی ئەدەبی کوردی ناشارێتەوە، بەڵام رەنگە جیاوازییەک هەبووبێ لە نێوان ئەو چاپەمەنیانە کە بە هەزینەی شەخسییەوە دەرئەچن لە گەڵ ئەوانەی کە هەزینەی دەوڵەتیان بۆ تەرخان دەکرێت. بۆیە دەڵێم لەم دۆخەدا، فەزای روژنامە نووسی کوردی بە هاتنی زرێبار سامی دەشکێت و دوابەدوا گۆڤار و حەوتوونامەو شتیتر وەک (مەهاباد، ئاشتی و سیروان و رۆژهەڵات و ئاسۆ) و ...لەدایک دەبن. خوێندکارانی کورد لە زانکۆکاندا، چالاکی روژنامەوانی ئەنجام ئەدەن، لە زۆربەی شارەکانی ئێران خوێندکاران بزاڤێکی روژنامەنووسی دەست پێدەکەن، هەر زانکۆیەک بڵاڤۆکێکی تایبەت بە خۆی دەردەکات و بە چییەتی زوانی کوردی دەیرازێنێتەوە. لە بەستێنی ئەدەبیشدا، ئەم گۆڤارە دەبێتە زایەڵەی دەنگی تازە و

ئاوانگارد، تیۆری مۆدێڕن و بابەتی ڕۆژی ئەدەبی، ئەمانە هەمووی لە زرێبارەوە بڵاودەکرێتەوە. لەوانە پڕۆسەی داکار و شێعری جیاواز و فاکتە شێعرییەکانی، وەکوو دەقەکانی جەنابت، ئازاد ڕۆستەمی، ساڵح سووزەنی، ئیبرایم ئەحمەدی نیا، بێهزاد کوردستانی و ...

پ: بارودۆخی ڕۆژنامەگەری کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتاوە چۆن ئەبینن، چەندە خوازیاری هەیە، ئەگەر بتانەوێ خەسارەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی دەستەبەندی بکەن، ئاماژە بە چ خاڵگەلێک دەکەن؟
و: بۆ شرۆڤە و وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ دواوە، لانی کەم پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، ئێمە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، چیمان بووە و چیمان کردووە. دوای شۆڕش بە هۆی ئاڵۆزی هەندێ پارامێتری سیاسی و ...یەوە بۆ ماوەی چەند ساڵێ باری ئەدەبی-ڕۆشنبیری-ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژهەڵاتدا باش نەبوو، مەبەست ئەوەیە چاوەڕوان ئەوە ئەکرا کە دوای شۆڕشی ئیسلامی، بە پێی کرانەوەی فەزا، دەبوا دۆخی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی پێی بنایەتە نێو فازێکی نوێوە، بەڵام کەچی ئەم دۆزە، نەهاتە دی، هەموو چالاکییەک، مۆراڵی گوتاری سیاسی لێ ئەدرا. ئەوە بوو دۆخەکە قەت بە سوودی جووڵانەوەی شێعروئەدەب نەبوو. ئەگەریش دواتر زەمینەی بۆ ڕەخسا بە رووکردی (هێما و خوازە و درکەو مێتافۆڕ)، دەنگەکانیان دەردەبڕی. بە پەیلوای من رەنگە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هیچکات بە قەدەر ئەم سەروبەندە ڕێژەی ئەدەبی ئێمە"سیمبولیک" و هێماخواز نەبووبێ، ئەگەر ئەم دۆخە زەمەنییە بە"بزاڤی سیمبولیزم لە ئەدەبی کوردی ڕۆژهەڵات" نێودێربکەین زۆر لە ڕێسای لۆژیکی ئەدەبی بە دوور نەبووگین. بە رای من ئەم سوستییە یەکەم خەساری گەورەی ڕۆژنامە نووسی و باری ڕۆشنبیری کوردی بوو لە ناوەڕۆکدا، لە کوردستانی ئێران.
ئەم وەزعە لە ساڵەکانی ٦٥ ی کۆچی دەگۆڕدرێ، مامۆستا هێمن بە دۆز و پەیلوایەکی هێمنانە و ئاشتەوایی و پاڵپشتی یاسایی بە بیانووی دانانی (سروە) دەراوێکی بۆ

راگەیاندنی دەنگە شێعری و ئەدەبییەکان کردەوە کە بڵاڤۆکێکی فەرهەنگی-ئەدەبی رووت بوو و ئێستاش هەیە، لوژیکی دۆخەکەش ئەمەیە ئەویست. بە کردنەوەی ئەم رایەڵە قەڵەمەکان هاتنە گۆ و دەنگەکان کەوتنە جریوە، بەواتا رەوتێکی ئەدەبی لە موکریانەوە هاتە ڤەشان، دەقگەلێکی رووتی فەرهەنگی-ئەدەبی لە حەوزەی فەرهەنگ و ئەدەبدا بە زوانی هێما و خوازە، لە دایکبوون و دوایی دەنگی نۆژەن هەر لە سروەوە سەریانهەڵدا، کۆڕە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لەملاو لەولای رۆژهەڵاتەوە هاتنە دەسپێکرن و سەوزبوون، گۆڤاری ئاوێنەش بە پاڵپشتی هەزینەی دەوڵەتی و مەبەستی خۆییەوە هاتە گۆڕەپان، ئەویش بە پێچەوانەی ویستی هەندێ بە بۆنەی حزووری کاک عەلی فەیلی کاردانەوەی ئەرێنی خۆی چەسپاند، (ئاویەر)یش، بووبە رایەڵی هەندێ هەناسە و دەنگی ئەدەبیتر، دەنگە حەپسکراوەکان ئامێری راگەیاندنیان ئەویست، ئەمە نیشانەی ئەوە بوو، خوێنەری ئێمە خوازیاری رۆژنامەگەری و تینووی چالاکی فەرهەنگی ئەدەبی بوو. خەسارەکانی زۆرن بەم سانایییە، نایەنە ئەژمار. رۆژنامە نووسی زەمینەی سەر بەخۆیی پیشەیی ئەوێ، وزەو ئیمکاناتی سەردەمیانەی ئەوێ، سەربەخۆیی رادەربڕینی ئەوێ، ئەندامی کارا و فێرکاری پیشەیی ئەوێ، کردنەوەی بابەتە هزری-زانستی و فەلسەفییەکانیتر جگ لە ئەدەبیات و شێعر، لە هەمووی گرنگتر خوێنەری سەردەمیانەی ئەوێ کە مەزنترین پاڵپشتە بۆ ستافی گۆڤارەکە و داننەوەی لە درێژماوەدا. رێژەی ئەمانە لە لای ئێمە زۆر کزە، ئەمانە هەمووشیان خەسارن، وێڕای ئەمانە ئەلحانە، بۆ ساتە وەختێکی بەرچاوی هەڵبژاردن، کەسانێک خۆیان قوت ئەکەنەوە، بە ناو بۆ کاری رۆژنامە نووسی، ئیمتیازی حەوتوونامە و چیتریان وەرگرتووە، تەنیا بۆ مەبەستێکی تایبەتی درۆشمئامێزی سیاسی. بە زۆرە ملێ نیشتوونەتە مل ئەم کارە، ئەمانە پیشەیان ئەوە نییە، لە گەڵ رۆحیاندا ناگونجێ، تەنیا سواری شەپۆلی کات ئەبن بۆ وەگەڕ خستنی بەرژەوەندی تاکی و باڵی خۆیان. کاکە گیان ئەمانە هەمووی خەساری مەزنن کە دەبێ درم ناسی بکرێتن.

**پ: ڕۆژنامەگەری کوردی چەندە خاوەنی جێگەوشوێنی کۆمەڵایەتییە؟ پێتان وایە ڕۆژنامەگەری کوردی لە پەروەردەکردنی زمانی کوردیدا، چەندە دەوری هەبووە؟**

بەڕێز گیان، وەک خۆتان ئەزانن لە دونیای مەجازی ئەمڕۆدا، ڕۆژنامەگەری بۆ هەر کۆمەڵگەیەک، پێویستێکی سەردەمیانەیە، بە قەول کۆڵەکەی چوارەمی دێمۆکراسییە. کۆمەڵگە پێویستی بە ئامێری ڕۆشنگەری هەیە، ڕۆژنامە چراوکەی کۆمەڵگەیە. کوردستانیش لەم ڕێسایە قوتار نییە، دەبی لە کاروانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی ئێران بە جێ نەمێنێ. سەرەڕای تەنگەژە و لەمپەر و خەسارەکانی ڕۆژنامە نووسی کوردی، جێ پێ کۆمەڵایەتییەکەی ئینکار ناکرێ. ئێمە بواری فێرکاری فەرمیمان بۆ نەڕەخساوە، ئەو سەوادەی کە هەیە لە زوانی کوردیدا، دەین لە ملی گۆڤارە ئەدەبییەکانە. خەڵکانێک هەن کە تامەزرۆی گەشەو نەشەی هزری و ڕۆشنبیری کوردین، ئەگەرچی ڕێژەیان لە گلێرگەی ئێمەدا، کەمە. لە سەروبەندێکدا کە ناسراوە بە بزاڤی چاکسازی و ڕیفۆرم، ئەگەرچی شتی تری بۆ ئێمە نەبوو، بەڵام ڕۆژنامەگەریمان، پەرەی سەند، چینێک لە جەماوەری کورد ئەم دۆخەیان بە باشی قۆستەوە. ئاماژەم پێدا کە پێشتر بەردەنگی ئێمە چەندە تینووی ئەو چەمکە فەرهەنگی و ئەدەبیانە بوو؛ دیمان سەرەتا بە هاتنی سروە و ئاوێنە و دوایی باقی بڵاوکراوەکان، چەندە ئەم دوخە ئەشڵەژێ و ئەوان توانیان تووی هزری کوردی و خوێندنەوەی کوردی و فێرکاری زوانی کوردی بچێنن، ئەمە بەراستی لەم ماوەدا یەکێک بووە لە خاڵە ئەرێنییەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆژهەڵات، کە ڕەنگە هیچ قوتابخانەیەکی ڕەسمی، نەیتوانیبا، ئاوا کاریگەریەکی ئەرێنی لە سەر گلێرگەی کوردەواریدا دابنێ.

**پ: ڕۆژنامەگەری کوردی پێویستی بە چ جۆرە کادر و ئەندامێک هەیە؟**

و: سەرەڕای ئەمانە کە باسم لێوەکردن، ڕۆژنامە نووسی ئێمە، هێشتا ساوایە و پێی نەناوەتە نێو حەوزەی روژنامەگەری پیشەییەوە. ڕۆژنامەگەری پیشەیی، ئەم ڕۆژ لە دونیادا، وێڕای هەبوونی دەسەڵات بە تەواو دیاردەکانییەوە، پێویستی بە کادر و

ئەندامی کارا و ئەکتیڤی حیرفەیی هەیە، کە لای ئێمە ئاستی نزمە. ئەم چەند ساڵە و ئێستاش ئێمە لە سەر ئەرکی نەتەوایەتی و بە شان و باڵی خۆڕسک، بە ئەئەزمونی تاکییوە، توانیومانە، خۆمان بژێنین، کوا ئەو ئیمکانات و هەل و مەرجەی کە ئەبێ ڕۆژنامەنووسێکی سەردەمی بیبێ.

پ: کاک عادڵ، کە باسی زاراوەی هورامی ئەکەین، زۆر کەس ئەم قسەیە دێننە پێشەوە کە هورامی زاراوەیەکی زوانی کوردی نییە و زوانێکی سەربەخۆیە، ئێوە لەم بووارەدا، چ بیروبڕوایەکتان هەیە.

و: من پێم سەیرە هەندێک بێ ئەوەی پسپۆڕێکیان لە بواری زماندا هەبێ، فتوای جۆراوجۆر دەرئەکەن-مەبەستم پرسەکەی جەنابت نییە-. بەداخەوە ئەم باسە هەندێ کەس لێی حاڵی نەبوون و بە ئاوەژوو، ئاوڕی لێ ئەدەنەوە. کاک عەلی با لە پێشدا، ئەمە روون بکەمەوە، کە ئەبێ باسە زانستییەکانی زوان ناسان لە گەڵ باسگەلێکی هەڕەمەکی و هەستیارانە و تەنیشتی کە لە سەر زوان و چەمکەکانی بە بێ بەڵگەی زانستی، ئەکرێ، جیابکەمەوە. هەر لە دەسپیکەوە تا وەکوو ئێستا لەوا کە هۆکارەکانی زوانی کوردی درمناسی نەکراوە، ڕەوتیکی سیستماتیکی بۆ ئەم زوانە ساخ نەبۆتەوە، چۆنییەتی پێکهاتە و سەرهەڵدانی دیالێکتەکانی کوردی شرۆڤە نەکراوە و وامانزانیوە و وایش ئەزانین ژێدەری زوانی ستاندارد تەنیا یەک دیالێکتە و بەس. کاتێک کە ئێمە بمانەوێ لە سەر باری زانستی زوان قسەبکەین ئەبێ دو ڕەهەندی زوان لە بەرچاو بگرین: یەکەم ڕەهەندی زانستی زوان کە بە رووکردی واقێعناسی و پرەنسیپەکانی سایکۆلۆژیانەی(تەوسیف و بەرچاوگرتنی توخمەکان) دێتە شرۆڤاندن. نە تەجویز و نواندنی نوسخەی جۆراوجۆر- ئەمە دیدێکی سەلەفییە بۆ زوان- کە واتە: پێناسەو بایەخی زوان تەنیا وا لە ناواخنی خودی زوانەکەدا نەشتێکی تر. ئەر لەمن بپرسی پێناسەی زوان چییە؟ ئێژم: پێناسەی وا لە خودی واقێعی زوانەکەدا، یانێ بڕۆ زوانەکە ببینە و ببیسە، ئەنجا ئەگەیتە شرۆڤەی زوانەکە. دووەم ڕەهەندی بە خۆوە گرتنی دەسەڵات(باری سیاسی زوان) بۆ ئەو نەتەوە. لە

حاڵەتی هەوەڵدا؛ زوان هەر زوانە و بەرز و نەوی و پێشکەوتوو و دواکەوتووی بۆ نییە، ئەوانەی وان لە هۆزەکانی: (زاپارۆ و هاتن تات و دنکاکان و هوپیە سور پێستەکان و ئیسکی مووەکان و چیتر...)، خاوەن پێکهاتەی زوانن، هیچ جیاوازییەکیان لە زوانە پێشکەوتووەکانی ئینگلیسی و فەرانسەوی و ئاڵمانی و هێندی و عەرەبی و فارسیدا نییە. زوان هەموو شتێکە بۆ مرۆڤ، زوان ئامڕازی پێوەندییەکانە بۆ ئینسانەکان. وێڕای ئەمە زوان دەسەڵاتە، ناسنامەی نەتەوەکانیە، کە واتە هەموو شتێک لە جەغزی زواندا چڕکراوەتەوە. ئەوەی خاوەن زوانە، هەبوونیشی چەسپاوە ئەوەی زوانی نییە هەر ناتوانی لە سەر هەبوونی باس بکەیت. مادام زوان خاوەنی عاداتی گوتاری بوو، مادام خاوەنی سیستەمی دەنگ و مۆرفێم و واژە و دەستەواژە و توخمی زوانی و... بوو، خاوەن واتایشە، ئیتر لە حەوزەی زواندا، ئەبێ باسی لێ بکرێ و ئەم لەفزەی بۆ بەکار ببەیت. تو کەسێک نەناسراو دەبینی ئەتەوێ بزانی بە چ زوانێ دەئەخافێ؛ خۆ ناڵێی: بە چ زاراوەیەک یان بن زاراوەیەک قسان دەکەی؟ چوون لە تۆ نییە و پێناسەی واقیعی زوانەکەی لێت ونە. دەڵێی: زوانت چییە؟ بەکام زوان قسان دەکەی؟ ئەمە نیشانەی گرنگی و چییەتی واقیعی زوانەکەی ئەوە. یانێ ئەو کەسە با وەکوو لە وڵاتەکەی تۆدا ئەژیت؛ بەڵام بە زوانێک جیاواز لە زوانەکەی تۆ قسە دەکات؛ کە واتە لە گەڵ زوانەکەی تۆدا جیاوازی هەیە، بۆت دەرئەکەوێ کە تۆ لێی حاڵی نابی، یانێ ئەو زوانە، زوانێکی سەر بەخۆیە. لێرەدایە زوان، هەر زوانە، نە هیچی تر. باسی پۆلێنبەندی زوان بە زاراوە و بن زاراوە و چیتر... لە حەوزەی دەسەڵاتی سیاسی و پێکهاتەی دەوڵەت-نەتەوە و پێگرتنی زوانی ئیستاندارد و باقی باسەکانی تری سیاسی، دێتە رۆژێفی پۆلێناندن. ئەمە رەوتی زەمەن و ئامڕازی دەسەڵاتی سیاسییە کە زوانێک سەردەکەوێ و دەبێ بە زوانی ستاندارد و شارۆمەندان کوڕنۆشی بۆ دەبەن و لە گەڵ ئەم پڕۆسە سیاسییەدا، باقی تر خزمەت دەکرێن و حورمەت بۆ (ئەویدی) دائەنرێت و بازنەی فرە زوانی پیکدێ و دەبێتە ئارمانشارێکی ئیدەئال بۆ ئەو نەتەوە. فرە زوانیش هیچی لە گەڵ نەتەوە و نیشتمان و وڵات پارێزیدا، دژبەر نییە، نموونەش زۆربەی وڵاتانی ئورووپایە کە چەندین

زوانیان هەیەو یەک وڵاتیشن. وابزانم باسی واقیعی پێکهاتەی زوانی هورامی و باسی بوون و نەبوونی زوانی ستانداردی کوردی و هێزی دەسەڵات و ... لەم یاسا زانستییە قوتار نەبێ. هورامی لە دەنگ و مۆرفێم و پێکهاتەی گرامێردا، لە گەڵ سۆرانیدا، جیاوازە، یانێ سەربەخۆیە، یانێ هەبوونی حاشاهەڵناگرێ. زۆربەی سۆرانییەکان لە هورامی تێناگەن، تەنانەت، شاعێران و رووناکبیران. جەنابت لە هەڤپەیڤینێکدا، لە گەڵ مندا، وتتان لە سەر کرمانجی باکوور تێئەگەن، کاریشت کردوە، بەڵام هورامی تێناگەن. ئەمە چ بەرداشتێکی لێوە دەکرێ. من ئاوا ئەم باسە دەبڕمەوە: مادام باسی زانستی و سایکۆلۆژیای دەنگاژەی(دال)هورامی بکەیت، دەبی واتائاماژەی(مەدلوول)زوان ی بۆ پێوانە بکەیت؛ ئەگینا باسی پۆلێنبەندی زوان بە زاراوە و بن زاراوە و ... وا لە ململانێی حەوزەی دەسەڵات و چێژەکانی ئەم دیاردەدا.

پ: ئەکرێ سەبارەت بە بنچینە مێژووییەکانی هورامی و ئەدەبی هورامی باس بکەن؟

و: بە داخەوە نە تەنیا لە بەستێنەی شێعروئەدەبی هورامیدا، تەنانەت لە سەر تیشکۆی بنەماکانی شێعری کوردی بە تێکڕا، کارنەکراوە، یان ئەگەر کراوە بە شێوەی شێوازناسانە نەکراوە.لە فرە شوێندا، باسم لە سەر خانەبەندی شێعری هورامی کردوە و پەیلواکانم(بۆچوونەکانم) لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە. پێموایە شێعری کوردی هورامی وەک پرۆسەیەکی زیندوو و نڤیساری هەر لە "گاتاکان"ی ئاڤێستاوە تاکوو ئەمڕۆ بەردەوامە و حاشاهەڵنەگر. لە دەقەکانی پێش ئیسلام ئەم شێعرە توخمەکانی لە "گاتاکان" و "درەختی ئاسووریک" و "ئەیاتکاری زەریران" و... دەبینرێ من هەڕەمەکی ئەمە ناڵێم، بەڵگەی ئەم وتەمە، هەندێکی زۆر و زەبەن، توخمی زوانی و مۆسیقاییە لەم دەقانەدا، کە ئێستاش لە رەوتی شێعری هورامی و ئاخافتنی زارەکی جەماوەری هورامیدا، پێڕەو دەکرێن، بێ ئەوەی شارەزایانی زوانی فارسی و سۆرانی، هەستیان بەم فاکتە کردبێ، یان لانیکەم بیانکردبا بە سووژەی تۆژینەوە. لەم بارەوە(بڕواننە کتێبی شەبەنگی زوانی کوردی هورامی لە گاتاکان تا... لە نووسەری ئەم دێڕانە). لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە بەو فاکتە زوانیانە ئاماژە بدەم.

پ: شێعری هورامی چ قۆناغگەلێکی تێپەڕ کردووە؟
و: بمانەوێ ڕەوتی شێعری هورامی بە شێوەی ڕەچەڵەکناسانە و شێوازناسانە، خانەبەندی بکەین، دەبێ بیکەین بە دوو کەرتی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام. لە پرسیاری پێشوودا وڵامی پێش ئیسلامم دایەوە. پاش ئیسلامیش شێعری هورامیم بە حەوت قۆناغ نیشانکرد کردوە، ئەویش بە دەرخستنی تایبەتمەندی زوانی/ئەدەبی/فیکری هەر قۆناغێک و لووتکە بوونی شاعێری خاوەن شێواز و بەراوردکاری نیشانە ئەدەبی/زوانی و فیکرییەکانی ئەو شاعێر یان شاعێرانە کە کۆکن لە گەڵ باری ئەو دەمەی کە تێیدا ژیاون. بە کورتی قۆناغەکان ئەمانەن:
١- قۆناغی سەرهەڵدان و پاراستنی توخمی ڕەسەنی (کرکە)ی شێعری نڤیساری لە دهەکان هەوەڵی کۆچی مانگی، بە پشت بەستن بە تێکستی شێعری "هورمزگان"و شێعرەکانی پیرشالیارە سیاوی هورامی تا سەرهەڵدانی شێعری یارسان لە سەدەی دوەمدا...
٢- ... شێعری ئایینی "یارسان" کە لە سەدەی دوەمی کۆچیدا سەریهەڵداوە و تا سەدەی دەهەم و دواییتر بەردەوامە. نموونە: دەقەکانی(باروڵی مایی و بابا سەرهەنگی دەودانی و شاخۆشین و بابا ناوسی سەرگەتی و سان سەهاکی بەرزنجی) و ...
٣- قۆناغی داهێنان و بنجبەستی بزاڤی (کرکە) لە لیریکای هورامیدا. لووتکە بێسارانی(سەدەی یازدەی کۆچی) و شاعێرانی دواکەوتوو.
٤- بەردەوامی و هەمەچەشنی لە فۆڕمی لیریکای هورامیدا. لووتکە سەیدی هورامی(سەدەی سێزدەی کۆچی) و شاعێرانی هاودەم.
٥- دەورەی هارمۆنیای فۆڕم و ناوەڕۆک لە لیریکای هورامیدا. لووتکە و زایەڵەی بەرزی ئەم خولە: مەولەوی تاوەگۆزی و باقی هاوبەندانی ئەدەبی.
٦- پاش مەلەوی و بەردەوامی شێعری کلاسیکی هورامی.
٧- دەسپێکی نوێخوازی شێعری هورامی. ئەم بزاڤە

چەندساڵێکە سەریهەڵداوە و هێشتا ساوایە و بۆ رسکانی زیاتر نیازی بە زەمان هەیە. بە وردبوونەوە لە خانە شێعرییەکان دەبینین ئەم بزاڤە هەربەدەوام بووە و رەوتەکە ناوەستێ رەنگە نێوان خانەکان زەمەنێکی درێژ هەبووبێ بەڵام قەت ئەم رەوتە نەوەستاوە.

پ: دوای هاتنی ئیسلام چ ئاڵ و گۆڕێک لە شێوازی ژیان و هزری کۆمەڵگەی هورامی دا، بەدیهات؟
و: بە وتەی مێژوونووسان و فاکتۆری ناوەرۆکی دەقی هورمزگان، هۆڕامان ماوەیەکی زۆر، لە بەرامبەر فەرهەنگی هاوردەدا، بەرهەڵستی کردوە. بەڵام هێور هێور، دوایی لە رووی ئاگاهییەوە، فەرهەنگ و ئایینی ئیسلامیان، قەبووڵ کردوە و لە گەڵیدا ڕاهاتوون. ئێستاکەش هورامییەکان پتەوترین مرۆڤی کوردن لە هەمبەر ئایینی ئیسلامدا. لەولاشەوە، پاش هەزاروچوارسەد ساڵ، تەنیا مرۆڤگەلێکی توکمەن، کە توانیویانە بە باشی و پاراوی لە زوان و فەرهەنگ و داب ونەریت و رەچەڵەک و مەدەنییەتی خۆیان پارێزگاری بکەن، بەڵام ئەمێستاکە داخە کە هۆڕامان تەنیا وەکوو موزەیەکی کۆنی لێهاتووە بۆ زوان، مێژوو و فەرهەنگی کورد...

پ: زوان و ئەدەبی کام لە دراوسێکان زۆرترین کاریگەری لە سەر هورامیدا داناوە؟
و: وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لە دەقەکانی پالەوی ئەشکانی و ساسانیدا(پالەوی ناڤین)، حزووری توخمە زوانییەکانی هورامی زۆر بەرچاوە، ئەمە نیشانەی ئەوەتە کە بێ گومان زوانی هورامی، بەشێکی سەرەکی بووە لە پێکهاتەی زوانە کۆن و ناڤینییەکانی ئێران، پاش ئیسلامیش لە سەر زاڵبوونی دەسەڵات، ئەم زوانە، هێواش هێواش لە نێو دەقەکانی زوانی فارسی نوێدا تێکەڵ دەبێ و رەنگ و شمەکی ئەم زوانە بە خۆیەوە دەگرێ و تەنانەت زۆرێک لە شاعێرانی ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە فارسی شێعر دەڵێن. ئەگەرچی شێعری فارسی دوای ئیسلام دەکەوێتە ژێر کاردانەوەی عەرووزی عەرەبی و هەوێنە نەغمە(کرکە)ییە کۆنەکانی خۆی لە دەست

دەدا، بەڵام شێعری هورامی، بە هەبوونی شێعری هورمزگان و هەندێ دەقی شێعری یارسان، هەر لە سەرەتاوە، ئەم خسڵەتانەی خۆی دەپارێزێ. ئەم دواییانە، هەندێ لە مێژوو ناسان و شێعرناسانی ئیرانی و ڕۆژئاوایی وەک(مێهردادی بەهار و بێنوێنیست و ئانتوان مییە) بە شرۆڤەی دەقەکانی باباتایەر و دەقە فۆلکلۆرییەکان، هەستیان بەم توخمە کرد و ئیعترافیان کرد کە لە زوانی کوردیدا(هورامی) هێشتا ڕەسەنایەتی بڕگە پارێزراوە و تەئسیریشان لەم ڕەوتە وەرگرتووە و پێیان وایە ئەم دەقانە، فارسیزە کراون، ئەگەر لە سەر ئوسلووبی زارەکی خەڵک بخوێنرێنەوە، ئەو سیمای ئەو توخمانە باشتر دەرئەکەوێ. بە پەیلوای من، هورامی لە هیچ زوانێ کاریگەری وەرنەگرتوە. مامۆستا گۆرانیش لە شێعری هورامیدا، تەسیری لە بێسارانی و مەولەوی وەرگرت و گەڕایەوە بۆ پڕۆسەی شەپۆلە خۆڕسکی دەنگەکان لە هورامیدا(کرکە) و(سیستەمی بڕگەی خۆماڵی) و شۆڕشێکی مۆسیقایی بۆ شێعری سۆرانی بەرپاکرد خۆی بە جەسارەتەوە دیان بەم رووکردە ئەدەبیەدا ئەنێ.

پ: ئایا هورامی زوانەکان هەر لە هۆڕاماندا ژیاون؟

و: نەخێر، بە هۆی هەندێ کارەساتی مێژوویی و جەنگ و نالەباری و تەنگەژەی سیاسی و گەلێک کارەساتی ترەوە، هورامییەکان کە بەڕای من بەشێکی سەرەکین لە پێکهاتەی(گۆران)-ئەمە خۆی باسێکی تری ئەوێ- لە ڕەورەوەی مێژوودا، کۆچراون و وەک باقی تیرەکانی تری کوردی، پەرم پەرم بوون و لە وڵات، دوور خراونەتەوە. وەک هورامییەکانی هورییە و عەبدولەلێکی لە باکووری ئێران و زازاکییەکان لە دەرسیم و... کوردستانی باکوور و شەبەکەکان لە خانەقین و ... کەندوولەیی لە قەڵای قورەو و ...بە گشتی ئێستا هوڕامان لە بواری جوغرافیاییەوە دەکەوێتە باشووری مەریوان و ڕۆژئاوای سنەوە و بریتیە لەم بەشانە: ١) ەوڕامانی تەخت: دزڵی، دەرەکێ، دەمەیۆ، کەماڵە، ڕوەوەرێ، سەروپیری، وەیسیان، سلێن، بڵبەر، ناو، نوێن، هەجیج، ڕوار، ژیوار و... هەنێ ئاوایی‌تر.

٢) ەورامانی لهۆن: (لەنێوان کوردستانی ئێران و ئێراق) بریتیه له: کەیمنه و بێرواس، هانەگەرمەڵه، دزاوەر، شۆشمێ، نۆدشه، نەوسوو و پاوه و... له کوردستانی ئێران و تەوێڵه و بیاره و ئەحمەداوا، زەڵم، هێڵامپێ، هانەوقوڵی، هانەو دنێ، سۆسەکان، سەرگەت، و هەندێکی زۆر ئاوایی تر... له کوردستانی ئێراق. ٣) ەورامانی ژاوەرۆ: که بریتیه لەم گوندانه؛ پایگەلان، پاڵنگان، بێساران، ئەوێهەنگ و... دەیان گوندیتر که مەجالی هێنانەوەی ناوەکانیان نییه، که تا رادەیێ له باری هەنێ رێسای رێزوانی شێوه زانییان له گەڵ باقی شوێنەکانیتری هۆرامان تۆفیریان هەیه.

٤) ەورامیەکانیتر که هەرله ڕابردوودا لێک جیابوونەتەوه و به دێهات و شارەکانی ئێران و وڵاتانی تردا پژاون، وەک هورامیەکانی کەندوله له قەڵای قوروه و هەرسین و عەبدوولەلەکییەکانی هەوریه له باکووری ئێران و زازاییەکان له تورکیه و شەبەکیش له خانەقین و...

پ: بۆچی ئەدەبی هورامی له ژانیرەکانی تر وەکوو چیرۆک، رۆمان و وتاردا، ئەزموونی نەبووه؟

و: به پەیلوای من یەکەم هۆکار زاڵ بوونی زمانی شێعر وەک یەکەی پێوەندیدار که زمانحاڵی هەموو شتێک بووه، هەل و مەرجی سەختی جوغرافیایی و نەبوونی ئامێری راگەیاندن و فێرکاری، کاریگەری زاڵی ئایینی وشک، چەوساندنەوه و کۆیلەتی سیاسی-فەرهەنگی و...

پ: گەشاوەترین ئەستێرەکانی شێعری هورامی کێن؟

و: بێسارانی: داهێنەری بەستەی فەردی لیریکا، سەیدی: رێندی هۆرامان و تاقیکار وداهێنەری لیریکای هەمەڕەنگ به چەند زوانی جۆراوۆرەوه. مەولەوی: هارمونیای فۆرم و ناوەڕۆک و شێوەکاری وێنه و ریتمی شێعری و لووتکەی بزاڤی کرکەی لیریکای کلاسیکی هورامی و بێسارانی و سەیدی و...

**پ: ئاسۆی دوارۆژی ئەدەبی هورامی چۆن ئەبینی؟**

**و: هەر لەو پێناوەدا، کە باسم کرد، یانێ بەردەوامی و لێک نەپچڕانی ڕەوتی لیریکای هورامی، ئەمێستاکە بزاڤێک بە ناو شێعری هاوچەرخی هورامی هەم لە تەشکدا و هەم لە ناوەڕۆکدا، کە سەر بە هەمان ڕێچکەی پڕۆسەی نەغمە(کرکە)یە، دەستی پێکردوە. ئەگەرچی ئەم بزاڤە هێشتا لە سەرەتادایە، بەڵام من زۆر پێی گەش بینم دوور نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم شێوە تازە لە ئەدەبی نەتەوەییدا ببێتە لارەسەنگێ بۆ شێعری هاوچەرخی کوردی، بە خۆشحاڵییەوە، نە تەنیا لە بواری شێعردا، بە ڵکوو لە بوارەکانیتری نووسیندا، نووسەرانی لاوی هورامی خەریکی نووسینن، ئەمە ئێمە دڵنیا دەکات کە چاو لە ئاسۆی دوارۆژ بین.**

**پ: بۆچی ئەدەبی هورامی ئەوەندە کاریگەری لە عیرفانی ئیرانی وەرگرتووە؟**

**و: من پێم وانییە کە شێعری هورامی بە شێوەی هزری و فیکری و بە گشتی لە عیرفاندا، کاریگەری لە هیچ لایەنێ وەرگرتبێ. ڕاستە هەندێ زاراوە و دەستەواژەی عیرفانی وەک نورمی باوی ئەدەبی و مەزموونی شێعر لە بێسارانی و سەیدی بە تایبەت لە دەقەکانی مەولەویدا دەبینرێ، بەڵام ئەم توخمانە، هەمووی وا لە حەوزەی لیریکا(ئەدەبی غنایی)دا، وەک فیکر و ئەندێشەی سیستماتیک، بەکار نەبراون. نە تەنیا لە عیرفان بەڵکوو لە بنەڕەتدا، لە باقی چەمکە فیکری و فەلسەفییەکانی تردا، نە تەنیا شاعێرانی هورامی بە تێکڕا، شاعێرانی کورد-ئەڵبەت تاک و تووکی لێ بەدەرکە-ئەندێشەوەرز، نەبووگن. ئەمە ڕەنگە خەسارێکی مەزن بێ بۆ ماناخوازی، لە شێعری کوردیدا. ئێمە فیردەوسی یەکمان نەبووە کە چیرۆکە شێعری پاڵەوانی و حەماسی بنووسێ، ئەگەر هەیە لاسایی کردنەوەیە، ئێمە بێبەش بووگین لە مەولەوی ڕۆمییەک کە هزری عیرفانی لە شێعردا بچێنێ، ئەگەر مەولەوی تاوەگۆزیمان هەیە، بێ گومان شاعێری عارف بووە نە عارفی شاعێر. وەک حافز، بەمەبەستی بۆنە و وێنەکاری ئەدەبییەکان زاراوەی عیرفانی بەکار هێناوە، وا نەبووە کە ڕەچەڵکی**

عیرفانی-هزری-فەلسەفی دروست بکاتن. لە بوواری ئەندێشەشدا، ئێمە حافزێکمان نەبووە کە چەمکی«رێند و رێندخوازی»- بە مانا سەرەکییەکەی- بە زوانی ئایرونی و ئیهام، تیۆریزە بکات و بیکاتە گورزی ئیعتراز و ڕەخنە و بەگژداچوونی دەسەڵاتی وەخت. شاعێرانی ئێمە بە تایبەت، شاعێرانی کلاسیکی هورامی، «ماناخواز» و «ئەندێشەپەرداز» نەبوون کە بیرۆکەیەکی هزری یان فەلسەفی، خولقاندبێ. ئەو زاراوە عیرفانی و فەلسەفیانەی کە لە دەقە شێعرییەکاندا، دەبینرێت، تەنیا کەرەسەیەک شێعری بوون بۆ کایەی زوانی و «مەزموون پەردازی» لە داهێنانی دەقدا، ئەویش بە شێوەی تەوسیف و پیاهەڵدان، تەنیا بۆ حەسانەوەی رۆحی خۆیان. ئەڵبەت من سووکایەتی ناکەم بە شاعێرەکانمان، بەڵکوو خەریکم درم ناسی هونەرەکەیان دەکەم.

پ: بۆچی خۆت بە هورامی وتاری زۆر بڵاو ناکەیتەوە؟
و: راستە کاک عەلی، تا ئێستا- کە ئەم وتووێژە ئەجام ئەدەین- من دوو سێ وتار نەبێ، وتاری زۆرم بە زوانی هورامی نەنووسیوە، بەڵام رەنگە یەکەم کەس بووبێتم کە پەخشانی هورامیم نووسیبێت، کەچی وەک بۆشایی، وەک نیاز، هەست بەم خەسارە دەکەم. چوونکای نوسین بە زوانی هورامی، هیچ کە زیانێکی بۆ زوانی کوردی نییە بەڵکوو دەبێ بە کەمپێکی زۆر مەزن بۆ بەگوڕ کردنی زوان و ئەدەبیاتی کوردی بە تێکڕا.

پ: ئەبێ لە بان کام لایەنی فەرهەنگی و ئەدەبی هورامی یەوە، زۆرتر کاربکرێت؟
و: دیارە بە پێی هەژاری لە هەموو بوارێکی تیۆریدا، ئێمە پێویستمان بە نووسین هەیە، تا ئێستاکە، تەنیا یەکەی رۆشنبیری کورد لە مێژە ژانری شێعر بووە، ئەویش تژییە لە هەندێ چەکی مۆراڵی و ئەخلاقی-ئایینی رووت و فۆلکلۆر لە سەر چاکەو خراپەو ئەمە مەکەو ئەوە بکە(ئەڵبەت خوێنەر بەرداشتی سەلبی لەم وتە نەکات) و... و سروشتخوازی ئەویش بە واتا تەوسیفییەکەی نەک لایەنە ناخەکی و دەروونی و

فەلسەفییەکانی. ئەدەب و رۆشنبیری کوردیش لەم فەزا یەکەسالارەدا، گەشەو نەشەی کردووە. ئیتر ئێستا ئەبێ ئێمە لە بوارەکانی تری نووسیندا، خۆمان قەڵەو بکەین: نووسینی رۆمان، شانۆنامە، سناریۆ و فیلمنامە و بەکار هێنانی زوانی ئەمڕۆی فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی سەردەم و ...

*لە گۆڤاری سروەی
ژمارە (٢٦٣)ی
بەفرانباری (١٣٨٧) ک.ە
چاپ و بڵاوکراوەتەوە

# پەیڤێک لە گەڵ عادل محەمەدپوور

## نووسەر، لیکۆڵەر و بەرپرسی گۆڤاری زرێبار و ...

## لە بواری ڕەخنە و تیۆری شێعر



**گفتوگۆ: ڕەوشت محەمەد، سەڵاح سالار**

........................................................



ئاماژە:

عادڵ محەمەدپوور، ماستەری زمان و ئەدەبی فارسی، خاوەن ئیمتیاز، بەرپرس و ئەندامی دەستەی سەرنووسەریی گوڤاری زرێبار.

پ) وشەی ڕەخنە لە زمانی کوردیدا نەیتوانیوە ئەو مەفهومە لەگەڵ خۆیدا بخاتە نێو بیری تاکی کوردەوە وەک ئەوەی لە زمانەکانی دیکەدا ئەو کارەی کردووە، بۆ نموونە لە عەرەبیدا وشەی (نقد) هەیە کە گوێگر بیری بۆ لای هەڵسەنگاندنیش دەچێ، بەڵام (ڕەخنە)کەی ئێمە واتایەکی سەلبی لەگەڵ خۆیدا دەداتە خوێنەر، ئەم کێشەیە بەڕای تۆ وەرگێرانی وشەکە دروستی کردووە یان کورد هەر بەتەبیعەت کەمتر قبوڵی ئەوە دەکات کە "قسە لەقەیا بکرێت"

و) هەمیشە لە وتەکانمدا تەئکیدم لە سەر ئەم بابەتە کردوە کە هێشتا زۆری ماوە ئێمەی کورد بگەینە پانتایی ڕەخنەی زانستی. چوونکای ڕەخنە و ڕەخنەڤانی زۆرتر دیاردەیەکی نوێیە و پەیوەستە بە وڵاتانی کراوەو دێمۆکراسی خواز، لە وڵاتانی دواکەوتوو و دەسەڵاتخواز و داخراو و تەنانەت بندەستدا بایەخێکی نییە و بە دیاردەیەکی پشتگوێخراو دەژمێردرێت. ئەمە تەخسیری تەنیا فەرهەنگی کوردەواری و باری روشنبیری کورد نییە کە رووناهی ناخرێتە سەر ئەم ژانرە ئەدبیی- سەردەمییە. لەو کۆمەڵگانەدا کە ئازادی گۆڕینەوەی بیروبۆچوون و پرسیار ورووژاندن دیاردەیەکی بڤەکارییە ئیتر باس لە ڕەخنە ئاکارێکی بێسوود و بەکەڵک نەهاتوو دێتە کەوان. رابردووی بیر، ئەدەب و رۆشنبیری کوردیش لەم فەزا یەکەسالارەدا، گەشەو نەشەی کردووە و بێگومان لەم رێسا قوتار نییە، لە ئاوەها ئەتموسفێرێکدایە، راستییەکان هەمیشە لە دەمی کەسایەتییە پیرۆزکراوەکان دەبیسرێن، بۆیە لە ڕەوڕەوەی مێژوودا هەمیشە بە شوێنی بتی کەڵەنووسەر و کەسێتی تاکی شاعێرە گەورەکانا هەڵەتە بووین و تەنیا بیۆگرافی و ئەتۆبیۆگرافی ساڵ و مانگ و رۆژی ژیانی ئەوان بە لامانەوە گرنگ بووە، نە خوێندنەوەو دۆزینەوەو پێناسەی هۆکارەکانی لە دایکبوونی دەقەکە و

پرەنسیپی لایەنە دەروونییەکانی، ئەم ڕووکردە ناسەردەمیانە تەنانەت بووەتە هۆی کەرتبوونی خودی کەسێتییەکان: پیرشالیاری یەک و دوو، سەیدی کۆن و نوێ و... کەچی"دەق"ەکان تاکە ژێدەر و سەرچاوەی تۆژکارین دەبێ بخوێنرێنەوە تا لە مردنیان بەرگری بکرێتن، بەڵام ئەم کارە چوون دژوارە نەکراوە، "مەم و زین" بە شێوەی زانستی و هێرمنۆتیکیانە شیکاری نەکراوە تا لایەنە دراما و دەروونی و تەغەزولی و حەماسیانەی ئەم دەقە دەرکەوێ و لە گەڵ نموونە بیانییەکان بە چاوی ڕەخنە تاوتوێ بکرێ. هەر ئەم دیاردە سواوە یەک هاوردەی بووە ئەویش شێواندن و شەمزاندن و چەواشەکاری لە ڕەوتی ئەدبی کوردیدا و بزرکردنی راستییە زوانی و ئەدەبی و مێژووییەکان. بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمەیش ڕوو لە کزی و لاوازی ناوە، هەر لە دەسپێکەوە تا وەکوو ئێستا لەوا کە هۆکارەکان درمناسی نەکراوە، ڕەوتیکی سیستماتیکی نویساری بۆ کورد ساخ نەبۆتەوە، پێکهاتە و سەرهەڵدانی دیالێکتەکان بەرچاونەگیراوە و وامانزانیوە و وایش ئەزانین ژێدەری زوانی ستاندارد تەنیا یەک دیالێکتە، لەم حاڵەتەدایە کە بۆشاییەکی مەزن دەبینرێ لە ڕادەی سەرهەڵدان و پێکهاتەی مێژووی ئەدەبەکەماندا، لە ئەدەب و شێعردا مێژوویەکی پچڕپچڕ و ئاڵۆسکاومان هەیە. ئەم پەتا بە گشتی سیمای مێژووی ئەدەب و ئەدگاری شێوازناسی و زوانەوانی کوردی تەنیوەتەوە تا بگاتە ئەدەبی ئاوانگارد و پێشڕەومان.

پ) لەنێو ئێمەی کورددا قسەیەکی زۆر بەربڵاو هەیە لەسەر شێعر دەکرێت، گوایە "شێعر بەرهەمی سۆز و هەڵچونی مرۆڤەکانە" تەنانەت ڕەخنەگرەکانیشمان زۆرجار مەسەلەی عەقڵکار و بیرکردنەوە لەم ژانرە دوور دەخەنەوە، لێرەوە لە بەهای شێعر کەمدەکەنەوە، ئەوان دەڵێن: زۆربەی نووسەران بە شێعر دەستپێدەکەن لەبەر ئەوەیە شێعر زیاتر پێویستی بە سۆزە و ئەویش لای هەموان ئامادەیە، ئێوە چۆن ئەم باسە دەبینن، ئایا نەنگیە گەر شێعر زیاتر بەلای سۆزدا بچێت تا عەقڵ؟

و) له زۆر شوێندا ئاوا لەم پرسیارە ڕوانیوم: ڕاستە شێعر زادەی سۆز و هەستی ئینسانە، ئەگەرچی ئەم پرنسیپە پاژێکە لە پێکهاتەی شێعر. بەڵام «شێعر و هونەر تەواوکەری ژیانن». هەرلەو کاتەوە کە مرۆڤ لە ئەشکەوتدا دەژیا و سەرەنجام تەنگی پێهەڵچنرا کە ئەشکەوت بە جێ بێڵێ، و لە شوێنێکی دیکە بگیرسێتەوە و سەر بەردێک و ماڵێک بۆ ژیان دروست بکات، دەتوانین بڵێین مرۆڤ هونەری بەکار هێنا. یان بە شێوەیەکی سەرەتایی بەسەرهاتی ژیانی دەگێڕایەوە، بوو بە هەوەڵین چیرۆک. یان بە هەڵزنین بە دار و درەختدا، هەستگەلێکی تایبەتی دەردەبڕی، بوو بە ئەوەڵین شێعر.

عەقڵ زۆرتر بە لای ئەشیای بەرچاو و بینراو ئەشکێتەوە و پێوەندییەکی راستەو خۆی هەیە بە زمانی خودکار، بەڵام شێعر بەرهەمی زێهن و هەستە، کە بەم دوو ئەمرازە، لە ئەشیای دەور و بەر، گۆڕانکاری دەخولقێنی و بە زمانی سیمبول و خوازە و چواندن، جوانترین وێنەی هونەری دەنەخشێنێ. کە واتە شێعر پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، کە لە لای مرۆڤێکی ژیر و وشیار بە ناو شاعێر دێتە ڤەشان. لەم پرۆسەدا خورپە دەبێ بە ڕەوتێکی نەستی کە هەرێمی ئاسایی زمان تێکدەشکێنێ و ژانرێکی ئەدەبی بەناو شێعر لەدایک دەبێ.

شێعر هونەرێکی ئەبستراکیە، زەینی شاعێر بە هیچ پێوەرێک و دابێک پێوانە و پێناسە ناکرێ و بە داوێک نابەسترێتەوە. نزار قەبانی شاعێری عەرەب دەڵێ: «ئەگەر ڕازی بوویت بەوەی کە پێناسەیەک بۆ شێعر بدۆزیتەوە وەکوو ئەوە وایە کە دەریایەکی گەورە بە حەوزێکی چکۆڵە بگۆڕیتەوە».

شێعر لە گەڵ دیاردەکانی ژیان بێبەش نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ئەم دۆخەیە. هەر شێعرێکیش بۆن و بەرامەیەکی تایبەتی خۆیی هەیە لە هەرێمی ئەفراندندا. تەجروبەکان، وێنەکان توخمە زمانیەکان جیاوازن و هەرشاعێرێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، هەر ئەم خاڵە جیاکەرەوەی شاعێری داهێنەرە لە شاعێری لاساییکەر.

پ) لەنێو ئەدەبی کوردیدا ـ بەتایبەت شێعر و ڕۆمان ـ بیرکردنەوە لە کۆی ژیان ئامادەیی هەیە؟ مەبەستم بیرکردنەوەی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و تەنانەت ئابوریش، کورد توانیویەتی لە ڕێگەی ئەدەبەوە بیر لە ژیان بکاتەوە بە ڕەنگاو ڕەنگییەکەی خۆیەوە؟

و) بەڵێ شێعر ناسین و ناساندنی ژیانە، بەڵام نە بە زمانی ئاسایی و قامووسی بەڵکوو بە زمانی بەرجەستە و تێپەڕاندنی واتا خودکاری و سەرزارییەکان. وتراوە: هیچ شتێک لە ژێر ئەم گەردوودنەدا تازە نییەو... واتە کە هەموو شتێک لە کەوندا هەیە. گرنگ ئەوەیە شتەکان تازە بکرێنەوە و لێیان بیر بکرێتەوە. یەکێک لە ئەرکە هەرەگەورەکانی شێعر، ناساندن و تازەکردنەوەی شتەکانە بە پێی هەل و مەرج و دۆخی هەنووکەیی. لە شێعری کوردیدا هەموو وێنەیەکی ژیان دەر دەکەوێ. هەندێ مۆتیڤی شێعر هەیە کە هەر لە کۆنەوە، دووپات بوونەتەوە، بەڵام گۆشە نیگا و چەشنی روانینی شاعێران لە رەوتی زەمەندا جیاواز بووە. واتە لە هیچ چاخێکدا شێعر ئەرکی سیاسی-کۆمەڵایەتی خۆی ون نەکردووە، رەنگە لە مەودا زەمەنییەکدا کەمرەنگ بووبێ. شاعێر خۆی مرۆڤە، بەڵام بە هۆی خورپەی شاعێرانەوە، زووتر لەگەڵ شتەکاندا پەیوەندی دەگرێت، ئەو شتانە ئەبێ تەفسیر کرێن بزانین مەبەستی شاعێر لە خوازە و نیشانە زمانییەکانی چین. ئەگەر شێعرێک وێڕای پڕەنسیپی ئێستاتیکی و تەکنیکی و جوانکارییەوە، نەیتوانی پەیام و مەبەستی خۆی بە وەرگر بگەیێنێت دەبێ لەو شێعرە گومان بکرێت، هەر دەقێکی شێعری پاژێکە لە زەینی گشتی جەماوەر و ناسنامەی نەتەوایەتی ئەو جەماوەرە. بە قەوڵی شاعێرێکی ئەورووپی کە دەڵێ: «کاتێ شێعری شێرکۆ دەخوێنمەوە هەست دەکەم، ئاو لە سەر چاوە سازگارەکانی کوردستان دەخۆمەوە.» ئەو وتە کاربەخشی و کاردانەوەی شێعری شێرکۆ دەگەیێنێ کەسنووری بەزاندووە و توانیویەتی مەرامی کۆمەڵایەتی و مەردومی خۆی بگەیەنێ. چەند دەهەیەکە شێعرمان ئامادەیی ئەوە بووە کە چییەتی ژیانی کورد بخوێنێتەوە. بەڵام بە تێکڕا شێعری ئەوسامان لە "مەزموونخوازی" و تەوسیفاتی

سروشتدا مابوویەوە و نەیتوانیبوو وەک شاعێرانی گەلانیتر "مانا داهێنەر" و "پرسیارکەر" بێت.

پ ـ ڕەخنەی کوردی توانیویەتی بگاتە قوڵاییەکانی شێعری کلاسیک و لە ریگەی شێعرەکانیانەوە قسە لە سەر فیکر و جیهانبینی شاعێرانی کلاسیک بکات، یان زۆرجار هەر بەشکڵیاتەوە ماوەتەوە.

و) با سەرەتا ڕەخنە بە دوو بەش پۆلێنبەندی بکەم: یەکەم ڕەخنەی ساکار-خۆماڵی و دووەم ڕەخنەی مەعریفی-رۆژاوایی. پێموایە ڕەخنەی کوردی ڕەخنەیەکی ساکاری خۆماڵی بووە تا ڕەخنەی مەعریفی-نوێ، بۆ ئەوەی ڕەخنەی نوێ دیاردەیەکی رۆژاواییە، پەیوەستە بە سەرهەڵدانی ئۆمانیزم، عەقڵانییەتی نوێ، بزاڤی رۆشنگەری و رێنسانس بە تەواو مەدلوولەکانییەوە لە هونەر، زانست، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، دەروونشیکاری، مافی مرۆڤ، دیمۆکراسی و ... کە چەمکە مەعریفی و قوتابخانەکانی: ئاوەزخوازی(راسیۆنالیزم)، فورمالیزم(تەشکخوازی)، پێکهاتەخوازی، بنەماشکێنی، و هێرمنۆتیک و نیشانەناسی و... لیکەوتۆتەوە و دکارت، هێگێل، مارکس، نیچە، هایدگر و دریدای و ...بارهێناوە. ئێمەی کورد لە هەموو ئەو دیاردە مۆدێرن و دوامۆدێرنانە بێبەش بووگین. ئێمە بێبەش بووگین لە هزری فەلسەفی، فەلسەفە پرسیار دوورست دەکا بۆ رووناکبیر، پرسەکان وەزعی مەوجودی پێکهاتەی دەسەڵات و نەریتە باوەکان لەو کۆمەڵگەدا دەباتە ژێر پرسیار، ڕەخنە لەم حاڵەتەدایە کە لەو گلێرگەدا لە دایک دەبێ. بە پەیلوای من تەنانەت لەم چەشنە رووکردە سونەتییەدا لە ڕەخنە نەمانتوانیوە هەر بە باشی لە شێعری کلاسیک بقۆسینەوە و قۆناغەکانی شێعرمان درمناسی بکەین و لایەنە دەروونی-ناخەکییەکانی شاعێران پێناسە بکەین. هەر ڕووکەشانە بووە و بە سانایی لێیان تێپەڕیوین، وەک وتم تەنیا چاومان بە دووی کەسایەتی "دانەر"دا وێڵ بووە، تەنیا بیۆگرافی ئەوان بۆمان گرنگ بووە تا خوێندنەوە زانستی و هێرمنۆتیکیانەی دەقەکە. دەقەکان خراونەتە بۆتەی

فەرامۆشییەوە. لە ڕووکردی ڕەخنەدا تەنیا خوێندنەوەی دەق مەبەستە کە ئێمە خۆمانمان لی گێل کردوە. تەنیا بە خوێندنەوەی دەقە کە مەدلوول و واتا وەک ماسی تازە هەر دەم لە تازەبوونەوەدایە و وەک رووبارێکە کە نایەڵێ دەق بمرێ. ئەڵبەت دوایی شێعری کوردی بە هاتنەگەڕی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و دواییتر، گوتاری هزری-سیاسی بە خۆیەوە دەگرێ و فۆڕم و ناوەرۆک دەگۆڕدرێت، چەمکی ناسیۆنالیزم، نەتەوەخوازی و چەپگەرایی و  لەم دواییەدا هەندێ دیاردەی پاش مۆدێڕنیزم دێتە نێو هزری رۆشنبیران و نوووسەران و شاعێرانیکوردەوە. ساڵانێکە ڕووکردی نوێخوازانەو ئاوانگارد لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا سەریهەڵداوە و جێگای خۆشحاڵییە، بە لای منەوە ئەم دیاردانە بە شێوەیەکی زێدەڕۆیی لە هاوردە هزری و مەعریفییەکان کۆپیە دەکرێ کە زۆربەیان لە گەڵ بنەما ڕەوانی و دەروونییەکانی ئێمەدا تەبا نییە بەڵکوو لە هەندێ خاڵیشدا پارادۆکسی فەرهەنگی و ئەدەبی پەیا دەکات، ئەڵبەت من دژبەری ئەم دیاردە نیم، چوونکای پێویستە ئێمە خۆمان تێکەڵ بە لێشاوەی دیاردەکانی مۆدێڕنیزم و دوامۆدێڕنیزم بکەین چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ خۆی دەکا بە هەموو ماڵێکدا، ئەڵبەت نە بە بەهای دوورکەوتنەوە لە واقێعییەتی کۆمەڵگەی خۆمان بە هۆی هەندێ جەزابییەتی سەرابی تەوەهومەوە.

پ ـ ڕەخنەی کوردی هەر بە دەوروبەری ئەدەب و بەتایبەت شێعردا دەخولێتەوە، کەمتر لە هونەر و ژانرەکانی وەک: شێوەکاری و شانۆ و ...هتد، دواوە، ئەوە بەلای تۆوە ئاماژەیە بۆ چی؟

و) وایە تەنیا یەکەی رۆشنبیری کورد هەر لە مێژە ژانری شێعر بووە، ئەویش تەژییە لە هەندێ چەکی مۆراڵی و ئەخلاقی-ئایینی- عێرفانی ڕووت و فۆلکلۆر- وەک واقێع نە بە مانا سەلبییەکەی- لە سەر چاکەو خراپەو ئەمە مەکەو ئەمە بکە و... و سروشتخوازی ئەویش بە واتا تەوسیفییەکەی نەک لایەنە ناخەکی و دەروونی و فەلسەفییەکانی. کورد نەتەوەیەکی بندەست بووە. فیلسووف، بیرمەند، زانا و... بار

**نەهێناوە کە بیرۆکەی فەلسەفی، زانستی و پرسیارکەر درووست بکاتن. بۆیە شێعر یەکەی دەربڕن بووە بۆ کورد. ئەگەر ئەم تێزانە بووبێ هەر لە قاوغ و قاڵبی شێعردا بەیان بوون.**

*** رۆژنامەی«کۆمەڵ»**

**ژ ٤٥٤، ٢٠١١/١/٤ ز**

**گفتوگۆ:**

**ڕەوشت محەمەد، سەڵاح سالار**

**دیمانە لە گەڵ «عادڵ محەمەدپوور»**

**نووسەر، لێکۆڵەر و رۆژنامەوان***

**سازدانی: شەریف فەلاح**

...................................



**عادڵ محەمەدپوور، لەدایکبووی ساڵی (١٣٣٦ ک.ه)یە، پلەی خوێندەواری ماستەری زمان و ئەدەبی فارسییە و لە زانکۆ ماوەیەکی زۆر مامۆستا بووە. ئێستا جگە کاری رۆژنامەنوسی خەریکی لێتۆژینەوەی ئەدەبیی و زمانەوانییە. خاوەنی چەند بەرهەمە لە حەوزەی زوان، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوەی ئەدەبی، رۆشنبیری و جوانخاسی شێعری کوردی وەک:**

**الف) ئەم بەرهەمانە چاپ و بڵاوکراون:**

**١- سرود خزان، تحلیل انتقادی-سبک شناسی اشعار بیسارانی، فارسی، ١٣٨١ه.ش**

٢- شەبەنگی زوانی کوردی هورامی لە گاساکان تا...، مێژوویی- زوانەوانی، سلیمانی، چاپخانە بابان، ٢٠٠٨ م
٣- تێروانینێکی نوی بو هێرمنۆتیک و ڕافەی ئەدەبی، وەرگێڕان لە فارسی بو کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلیمانی، ٢٠٠٩ م
٤- سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا، ڕافەکاری تێۆریکی شێعری کوردی، ناشر احسان، ١٣٨٨ ە.ش
٥- ڕەنگاڵە، لێتۆژینەوەیی، تیۆریکی، ڕەخنەوانی و روانگەی ئەدەبی ، چاپخانەی ئاکام، سلێمانی ٢٠١٢
٦- تەرح، قۆناغ شناسی شێعری کوردی هورامی تا ئەمڕۆ
٧- روزنامەهای کوردی و بازشناسی ساختاری ان‌ها (بیبلوگرافی نشریات کردی)- بە زوانی فارسی
ب) چەند کتێبیتریشی هەیە کە ئامادەیان دەکات بۆ چاپ:

پ: وەرزنامەی زرێبار وەک گۆڤارێکی ئەدەبی-فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی زادەی چ قۆناغ و هەلومەرجێکی فەرهەنگی و ئەدەبیی کۆمەڵگای کوردستانە و زەروورەتی چاپ و بڵاوکردنەوەچی بوون؟

و: زرێبار زارۆیەک بوو زادەی ئاوەزی کۆیی و عەقڵانییەتی هەرەوەزی و نیازێکی سەردەمیانە لە پرۆسەی رۆژنامەنووسی کوردی. کۆتایی ساڵەکانی (٦٠) کۆچی هەتاوی پاش پێکهێنانی ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان لە ساڵی (١٣٦٩) ی کوچی هەتاوی لە لایەن هەندێ لە دۆستانی خەمخۆری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی -کە خۆیشم یەکێک لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بووم-، هەستمان بە بۆشاییەک لە نەبوونی گۆڤارێکی سەر بەخۆ دەکرد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە هاندانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو کاتەی ئەنجومەن و دۆستانیتر ئەوە بوو بۆ یەکەم جار من داخوازنامەیەکم ساڵی(١٣٧١) دایە ئیدارەی ئیرشادی مەریوان ئەوانیش رەوانەی سنەو تارانیان کرد، پاش پێنج ساڵ پێچ و خەمی ئیداری و تاوتوێ و لێکۆڵینەوەی کەسێتی، قایل بوون بە دانی ئیجازەنامەی بڵاوکردنەوەی وەرزنامەی «زرێبار» بە ژمارە و بەرواری- ١٣٧٦/٢/١١. ئەگەرچی ئامادەکاری مالی پێویستمان نەبوو، بەڵام بە هاوکاری هەندێ لە چین و توێژی ئەمەکناسی مەریوانی و گیرفانی خۆمان، ئەوەبوو هەوەڵین ژمارەی زرێبار لە سەرماوەزی ساڵی (١٣٧٦) کەوتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد، بە پێچەوانەی داوانامەکە دەبوا بە دوو زوانی کوردی و فارسی دەربچوایێ، کەچی لە سەر ویستی (ئیدارەی کولی مەتبوعات داخلی ئیرشاد) یەکەم ژمارە بە فارسی دەرهات، دوایی بە نووسینی نامە و داخوازیتر جەختمان کردە سەر خستنەسەر زوانی کوردی و ئیجازەنامەکەیان گۆڕا بە دوو زوانی کوردی و فارسی. دەرچوونی زرێبار گوژمێکی هەڵپەدار و پڕتەکان بوو بۆ رۆژنامەگەری رۆژهەڵات، گوڕو تینێکی بەخشی بە باری رۆژنامەنووسی کوردی، پێشوازێیکی ئەرێنی لێکرا لە لایەن رووناکبیران و شاعێران و نووسەران و هونەرمەندانەوە، لەو کاتەدا لە ژێر چەتری یارمەتی دەوڵەت تەنیا " سروە و ئاوێنە و ئاویەر" دەرئەچوون، سەرەڕای ئەمە

ئەوانیش خزمەتێکی باشیان بە سەرهەڵدان و پەرەی بزووتنەوەی فەرهەنگی ئەدەبی ڕۆژهەڵات کرد، بە تایبەت گۆڤاری سروە کە یادگاری نەمر مامۆستا هێمنە.
پ: قۆناغەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی زرێبار چۆن دابەش دەکەن و هۆکارەکانی لاوازیی و هەر وەها بە هێزی زرێبار لە چیدا دەبینی:
و: زرێبار وەک هەر چاپەمەنیەکی تر قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە تا بگاتە ئاستی سەقامگیری. بڵاڤۆکێکی سەربەخۆیە بۆیە تا رادیەک تووشی ناڕیتمی و ناڕێک و پێکی لە فۆرم و ناوەڕۆکدا هاتوە. تا ژمارە (٥) وەک وەرزنامە بڵاو ئەکرایەوە، کە قۆناغێکی دۆڵەمەند بوو بۆ زرێبار وەک ئاماژەم پێدا، لە ڕۆژهەڵاتدا دەنگی دایەوە. دەستەی نووسەران زۆر بە دڵسۆزانە هەرمان و بەرخۆدانیان دەکرد و خوێنەرانیش پاڵپشتمان بوون. بە پێی نیاز لە ژمارە (٦) بوو بە دوو هەفتەنامە، پاش ماوەیەک بە هۆی تەنگەژەی ماڵی، کرایە مانگنامە، دوایی گۆڕدرا بە وەرزنامە. چەند جار لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتیەوە، هوشداری درا بۆ ئەوە بیبەسن، بەڵام من کۆڵم نەدا، بۆ ئەوە دڵی زرێبار لە ترپە نەکەوێ و نەخنکنرێت، بە بەرخۆدان و خستنەگەڕی هەوڵ و تەقالای زۆر و پاڵپشتی خوێنەرانی سەقامگرتووی زرێبار، کاری هەموو ئەندامانم دەکرد، لە ژمارەی (١٥)ەوە تاژمارە (٥٣) خۆم بە تەنیا گۆڤارەکەم لێدەدا: نووسینی سەروتار، وتاری جۆراوجۆر، وەرگێڕان و ئەرکی تایپکردن و سەفحەئاراییی و ئەرکی ماڵی و هاتووچۆی چاپخانە و ... بە راستی کارێکی قورس و دژوار و پڕئاستەنگ بوو. لە ژمارە (٥٤)ەوە زرێبار پێی نایە نێو خولێکی نوێو کە ڕەنگە هەرمانەکەمان لە ڕۆژنامەنووسی ڕۆژهەڵات لە بواری ڕۆشنبیری و هزراندا، کەم وێنە بوو بێ ئەویش لە کاتێکدا کە هەست بە وەستانێکی بەرچاو لەم بوارەدا دەکریا.

پ: دەستە دامەزرێنەر، هاوکاران و دەستەی نووسەران هەتا ئێستا کێ بوون و چۆنییەتی چاپ و بڵاوبوونەوە لە باری داراییەوە چۆنە؟
و: دەستەی نووسەران سەرەتا: ڕەوفی مەحموودپوور(تا ژمارەی١٤)، ئەنوەری ڕەوشەن(تا ژمارەی ٣) و جەلیل عەباسی بوون. کاک ڕەوف و کاک ئەنوەر تا چەند

ژمارە وەک دەستەی نووسەران کاریان دەکرد و زەحمەتێ ئەوتۆیان کێشا. پاشان کاک ئازادی ڕۆستەمی لە ژمارە(٤ تا ١١) بوو بە ئەندامی شۆرای نووسەران. کاک ئیبرایمی ئەحمەدی نیا و عەزیزی ناسری لە ژمارە(٤ تا ١٤)ش بوون بە ئەندامی شۆرای نووسەرانی زرێبار و زەحمەتێ ئەوتۆیان کێشا. کەچی دوایی هەرکام بە هۆکارگەلێکی جۆراوجۆرەوە لە زرێبار نەمان.
ئێستا کە ئەم دیمانە ئەنجام ئەدەین، ستاف و دەستەی نووسەرانی زرێبار ئەمانەن: «کاک مەسعوودی بینەندە، کاک عەلی دلاویز و حەمزەی محەمەدی و خۆم وەک بەرپرس و خاوەن ئیمتیاز و هەمیش ئەندامی دەستەی نووسەران». لە «ژمارە ٧٧-٧٨ کاک ڕەزا شەجیعی» هاوکاریمان ئەکات وەک دەستە نووسەران. لە باری ماڵییەوە تەنگەژەی زۆرمان هەیە. یەکێک لە هۆکارەکانی زرێبار کە نارێک و پێک دەرئەچێ و لە ماوەی دیاریکراودا بڵاوناکرێتەوە، دەگەرێتەوە بۆ باری دارایی کە خەرجەکەیمان پی هەڵناسووڕێ. هەر ژمارەیێی دەرئەکەین ئەبێ بخایەنین تا لەم شار و لەو شار پارەی فرۆشی کۆببێتەوە و ئەنجا کەموو کوڕیەکەی لە گیرفانی خۆمان تەواوی کەین و دیسان خۆمان تەیار بکەیننەوە بۆ لێدانی ژمارەیەکیتر. ئەمە سووڕی دەرچوونی زرێبارە.
پ: ماوەی چەند ساڵێکە زرێبار وەک فایلی تەخەسوسی و بە ئاراستە لێکۆڵینەوەیی و شیکاری چاپ دەبێت، لە بەر چی وایە؟
و: زرێبار مەودای وەرزنامەیە. دەبوا ئاراستەی فۆڕم و نێوەڕۆکی بگۆڕدرایێ. بۆیە ویستمان بەو شێوە ڕێخۆش بکەین بۆ خوێنەری سەقامگرتووی خۆی. بە تایبەت نێو چینی توێژکار و خوێندکارە نوخبەکاندا کە هەرمانی جیدی و زانستیی و ئاکادێمیانەی خوێندنی باڵا دەکەن. ئەم خولە لە پاییزی (١٣٨٣)ی کوچی هەتاوی دەستی پێکردوە و تا ژمارە (٨٠-٧٩) بڵاوکراوەتەوە کە فایلی تایبەت بە«نالی» شاعێری گەورەی شێعری کلاسیکی کوردی بوو و فایلی بەهاری(٩٢)یشمان «لێکدانەوەی ڕەوتی مێژوو نووسی کوردستان»ە. گۆڤارەکە بە مێتۆدی شیکاری-لیکۆڵینەوەیی دەرئەچێ، لاپەڕەکانی ڕێژەی سەرە و تیراژیشی ئیدئال و دڵخۆشکەرە. هەر ژمارەیەک فایلی

تایبەتی- شارەزایی خۆی هەیە کە لە ژمارەی پێشوویدا تەوەرەکانی بۆ بەردەنگ رادەگەیەنرێت، بۆ ئەوەی نووسەران دەرفەتی باشیان ببێت بۆ نووسینی بابەتەکە. ئەم هەلمانە بە باشی قۆستۆتەوە و پێوەندی و هاریکاری باشمان لە گەڵ یەکدا هەیە.

پ: پێت وایە زرێبار هەتا چەند توانیویەوەڵامدەرەوەی ویستە ئەدەبی و فەرهەنگیەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێت؟ پێگەی زرێبار و رۆژنامەگەری رۆژهەڵات لە جەرگەی رۆژنامەگەری کوردیا چۆن لێکدەدەیتەوە؟

و: دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بە هۆی ئاڵۆزی هەندێ پارامێتری سیاسی و ... یەوە بۆ ماوەی شەش حەوت ساڵ باری رۆشنبیری-رۆژنامەوانی لە رۆژهەڵاتدا ئیزولە و تەنگپێهەڵچن کرا، ئەڵبەت ئەم وتە بە مانای ئەوە نییە کە پێشتر ئەم رەوتە ئەکتیڤ و چالاک بووە، مەبەست ئەوەیە چاوەڕوان ئەوە ئەکرا کە دوای شۆڕشی گەلان، دۆخی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی پێی بنایەتە نێو فازێکی نوێوە، بەڵام سەد مەخابن ئەم دۆزە روایە نەهاتە دی، هەموو چالاکییەک، مۆراڵی گوتاری سیاسی بۆ پێوانە ئەکرا و لەو فەزایەدا بەرپەڕچی ئەدرایەوە. مامۆستا هێمن بە دۆز و پەیلوایەکی هێمنانە و ئاشتەوایی و پاڵپشتی یاسایی بە بیانووی دانانی (سروە) دەراوێکی بۆ راگەیاندنی دەنگە شێعری و ئەدەبییەکان کردەوە کە بڵاڤۆکێکی فەرهەنگی-ئەدەبی رووت بوو . لوژیکی دۆخەکەش ئەمەیە ئەویست.بە کردنەوەی ئەم رایەڵە قەڵەمەکان هاتنە گۆ و دەنگەکان کەوتنە جریوە، بەواتا رەوتێکی ئەدەبی لە موکریانەوە هاتە ڤەشان، دەقگەلێکی رووتی فەرهەنگی-ئەدەبی لە حەوزەی فەرهەنگ و ئەدەبدا لە دایکبوون و دوایی دەنگی نۆژەن هەر لە سروەوە سەریانهەڵدا، کۆڕە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لەملاو لەولای رۆژهەڵاتەوە هاتنە دەسپێکرن و سەوزبوون، گۆڤاری ئاوێنەش بە پاڵپشتی دەوڵەتی و مەبەستی خۆییەوە هاتە گۆڕەپان، ئەویش بە پێچەوانەی ویستی هەندێ بە بۆنەی حزووری کاریزمای کاک «عەلی فەیلی» کاردانەوەی ئەرێنی خۆی چەسپاند، (ئاویەر)یش، بووبە رایەڵی هەندێ هەناسە و دەنگی ئەدەبیتر، بەرای من بەرگی سەرکەوتن بە

دەست پێنووس بەدەستانەوەبوو کە لە حەوزەی ئەدەبدا دەیانەویست نیازە بنەڕەتی-فەرهەنگی-نەتەوایەتی سەردەمی گەلەکەیان پێناسە بکەن و کاردانەوەی ئەرێنی لە سەر هزر و مێشکی کۆمەڵگەدا دابنێن و بە رووکردی (هێما و خوازە و درکەو مێتافۆڕ)، دەنگەکانیان دەربڕن. بە پەیلوای من ڕەنگە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هیچکات بە قەدەر ئەم سەروبەندە ڕێژەی ئەدەبی ئێمە«سیمبولیک» و «هێماخواز» نەبووبێ، ئەگەر ئەم دۆخە زەمەنییە بە«بزاڤی سیمبولیزمی ئەدەبی کوردی ڕۆژهەڵات» نێودێربکەین زۆر لە ڕێسای لۆژیکی ئەدەبی بە دوور نەبووگین. لە (٢)ی جۆزەردان (٧٦)، بە تێکڕا ڕۆژنامەگەری لە ئێراندا پێدەنێتە نێو فەزایەکی نوێوە، ڕۆژنامەکوردیەکان ئەم دۆخە دەقۆزنەوە، ئەگەرچی (٥) ساڵ پێشتر(١٣٧١) داوای ئیمتیاز و ئیجازەنامەی دەرچوونی زرێبار کرابوو و مانگی گوڵانی (١٣٧٦) واتە بەر لە هاتنەگەڕی دووی جۆزەردان لە لایەن بەڵێندەرانەوە، بەڵێنی بڵاوبوونەوەی وەردەگرێ، بەڵام لەو کەشووهەوا سیاسی-فەرهەنگییەدایە- فارس وتەنی کە دوایی دەبێتە «سوبحی کازب، ێبح کازب»- زرێبار بە لۆژیک و ڕێبازی عەقڵانی خۆی، وەک ئەوەڵین ئەزموونی ڕۆژنامەگەری لە بواری ئەدەب و روشنبیریی سەربەخۆ تا ڕادەیەک گوڕوتینێکی  بەخشیە ڕۆژنامەگەری ڕۆژهەڵات و پەیامێک بوێرانە و بزێوانە بۆ ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردەواری. ئەم قسە ڕەنگە تۆزی قورس بێ بەڵام واقعێک بوو باری ئەدەبی ناوخۆی کوردستان ئەویش ئەوە بوو، تا ڕادەیەک فەزاکە بۆ ڕۆژنامە نووسی سەر بەخۆ، سامی دەشکێت و دوابەدوا گۆڤار و حەوتوونامەو شیتیتر وەک (مەهاباد، ئاشتی و سیروان و ڕۆژهەڵات و ئاسۆ ...) و ...لەدایک دەبن. خوێندکارانی کورد لە زانکۆکاندا، چالاکی روژنامەوانی ئەنجام ئەدەن، لە زۆربەی شارەکانی ئێران خوێندکاران بزاڤێکی روژنامەنووسی دەست پێدەکەن، هەر زانکۆیەک بڵاڤۆکێکی تایبەت بە خۆی دەردەکات و بە چییەتی زوانی کوردی دەیرازێنێتەوە. و...؟! زێدەڕۆییە ئەگەر بڵێم ئەمە هەموو کاریگەرییە هی زرێبار بووە، نە بەڵکوو بە تێکڕا، بڵاوکراوە کوردیەکانی کوردستانی ئێران بە نییەتی خزمەت بە هزری نەتەوەیی و باری مەعریفی و ڕۆشنبیری کوردییەوە هاتوونەتە گۆڕەپان بە

شێوەیی ڕێژەیی توانیویانە رولێکی باشیان هەبێ لە هزراندن و نەهادینەکردنی باری ڕۆژنامەنووسی کوردی. ئەوە روانگەی منە و ئەبێ خوێنەریش لەم بوارەدا رای بدەن و باری رەوتەکە هەڵسەنگێنن و بۆ من بەڵگە روانگەی ئەوانە.

پ: کار و چالاکی و پلانی داهاتووتان بۆ باشتر کردنی گۆڤاری زرێبار چییە؟
و: ئەگەر بە شێوەی ئاسایی کارەکان ئاوەها کە لە مێشکماندایە بەرەو پێش بڕوات و تەنگەژەی ماڵی دەست و باڵمان نەبەسێ و کێشەکانمان لەم بوارەدا بە چەشنێک برەوێتەوە و دیترانیش بە بەهانەیەک بەرۆکمان نەگرن ئەم ڕەوتە بەردەوام ئەکەین بۆمان ڕوونە کە زرێبار بە ئاوەها بەرنامەو لۆژیکێتیی عەقڵانی-زانستی-شارەزاییەوە باشتر گاریگەری هەیە بۆ کاناڵیزەکردنی بەستێنی هزر و پەیلوا فرەچەشنەکان تا چنگاوەش بوون لە گەڵ هەندێ دیاردەی درۆشمئامێز و سواربوون و تێکەڵبوون لە گەڵ شەپۆلی هەستامێز و خنکێنەر ...

*ئامادە و سازدانی:
شەریف فەلاح
روژنامەی «کوردستانی نوێ»
ژ (٦/٢/ ٩٢ی کوچی
ڕێکەوتی٢٠١٣/٤/٢٤)ی زایینی

## زمان، ئەدەب، رۆژنامەگەری و ئەرکی هەنووکەیی

### لە گەڵ عادڵ محەمەدپوور

هەڤپەیڤین:

زیندوویاد موزەفەر یۆسفی



**پ: لەپرۆژەکانی تازەتان بۆمان بدوێن، ئێستا کە چیتان بەدەستەوەیە و لەسەرچی خەریکی کارکردنن؟**

**و: پاش چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی «سرودی خزان» شێوازناسی بێسارانی، لەسەر هەمان مێتۆدو رێباز، خەریکی توێژینەوەی لیریکای شاعێرانی بەرز وخاوەن شێوازی**

کوردیم، بەرایی ئەو پرۆژە ئامادەکراوە خەریکی بڕینی قۆناغەکانی تری ئەم پرۆژەمە. وەک ئاماژەکرا ئەمە زنجیرە باسێکی شێوازناسانەیە کە جێگای لە ڕەوتی شێعری کوردی ئێمەدا خاڵییە، نیازیشی  بە پرۆسەی زەمەن هەیە، بەڵام ئەو بیروکە لەزەینمدا هەیە و نازانم چەندە لەم کارەدا سەرکەوتوو دەبم. جگە لەم کارە لە زەمینەی وەرگێڕاندا سەربابەتی تێوری نوێ ئەدەبی و شیکاری دەقێ ئەدەبی، کتێبێکم ئامادەیە. کۆمەڵەوتارە ئەدەبی کۆمەڵایەتیەکانم کە لە ساڵەکانی رابردوودا چاپ و بڵاو کراوەتەوە، هەم بە زمانی کوردی و هەم بە زمانی فارسی، لە دوو نامیلکەدا، ئەویش ئامادەیە و چاوەڕێی هەلی ڕەخساوم کە چاپیان بکەم.

پ: چەندین ژمارە لە زرێبار تا ئێستا بڵاو بووەتەوە جێ و شوینی زرێبار لە رۆژنامەگەری کوردیدا چۆن دیاری دەکەن چەندە توانیویەتی لەم فەزایەدا بەردەوام بێ؟

و: زرێبار لە دۆخیکدا چاپ و بڵاو کرایەوە (پاییزی ٧٦) کە رۆژنامەگەری کوردی دارەدارەی بوو ئەویش نە لەقاوغێکی سەربەخۆدا، بەڵکوو لەژێر چەقی دەسەڵاتدا، هەربەم هۆیەوە، سەرجەمی رووناکبیران و پێنووس بە دەستان پێشوازیان لێوە کرد، ئێمە یان بە گۆڕترو ورەبەرزتر کرد.

زرێبار لە مانفێستی خۆیدا رایگەیاند کە سینگی کراوەیە و ئامادەی دەنگی تازەیە، بۆیەکانێ هەر زوویش بوو بە زایەڵەی دەنگی تازە لە تیۆری ئەدەبیدا. وەک دەزانن تیۆری ئاوانگاردی لە پرۆسەی شێعری نوێی«داکار» وەک بەیان نامە و چەکەرە لە زرێبارەوە بوو. نموونەی کارە تازەکان بڵاو کرایەوە. لەم دواییەدا کە پرۆژەی «شێعری پێوەر - جیاواز» هەر لە سەر هۆکاری زرێبار، خرایە بەرباس و توێژینەوە، هەر بە هۆی باری سەربەخۆییەوە، لە دوورەوڵات و هەندەران و میدیا کوردیەکان باسیان لە سەر شاشەی تلویزیون کرد و مێزگیردی بۆ گیرا. ئەمە بۆ ئەم گۆڤارە بەو هەموو تەنگەژەوە لە بواری رواڵەت و ڕەوتی بڵاوکردنەوەدا، دەسکەوتێکی مەزنە و مێژوویش ئەمە ناشارێتەوە.

**پ: بە گشتی فەزای چالاکی ئەدەبی و چاپی کتێب و گۆڤار لە کوردستانی ئێراندا چۆن دەبینین پاش ئەم چەندە ساڵە فەزاکە گۆڕاوە؟**

و: لەکۆمەڵگایەکدا، نووسەر و رووناکبیر و خاوەن هزر، لە دڵەڕاوێکی باری ژیان و ناندایە، یان نانووسێ، یان ئەگەر ئەنووسێ بە هۆی تەنگەژەی ماڵیەوە چەن سەد دانەی لە چاپ دەدات. ئەویش بە هۆی نەبوونی خوێنەر نیوەی دەگەڕێتەوە ئەمە لە ئاستی کتێب بەڵام لە بواری رۆژنامە گەریشدا، »شەلە لە مەلە کەمتر نییە« وێڕای قەیرانی ماڵی نەبوونی ساز و کار بۆ ئەم بزاڤە، باڵی دەسەڵاتە کە ئیرادەی خۆی بەسەر ئەم بزاڤەدا کێشاوە و هەموو جووڵەو چالاکیەک دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، رۆح لەوزەی فەرهەنگی رۆژنامەگەری سەربەخۆ دەچنێ و بڕشتی لێدەستێنێ. ئەوە تا تەنها بارودۆخ و سازوکار بۆ رۆژنامەگەری و چاپەمەنی بە شێوەی سانا نارەخسی و خوێنەریش بە چاوی دڵنیاییەوە نایشڕوانێتە ئەم بزاڤە، دەزانێ دیاردەیەکی کاتی و بەستراوە بە باری سیاسی هەنووکەییە. کاتێکیش ئەم نا لەبارییە لە روخساری فەرهەنگی ئێمەدا دەسڕێتەوە، کە تووی رۆژنامەگەری سەربەخۆ بچێنرێ و سازوکاری سانا و کەرەسەی هەرزان بۆ چاپەمەنیتروکتێب تەیار بکرێ.

**پ: زرێبار لە یەکەم ژمارەوە تا ئێستا ئایا هەرلەسەر مێتۆدێکی دیاریکراو چۆتە پێش یان بە پێی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا رەوتی خۆی گۆڕیوە و تووشی گۆرانکاری بووە؟**

و: ئەبێ قەبووڵی ئەوە بکەم لە فورمدا زرێبار بە هۆی ئاستەنگی و تەنگەژەی ماڵییەوە، نەیتوانیوە یەک بار و یەک فۆرم و یەک مێتۆد بێ، پەیتا پەیتا گۆڕانکاری و چەن رواڵەتە بەسەریدا زاڵبووە، بەڵام لە رێبازی هزری و رووناکبیری و مانیفێستی ئەدەبیدا، دەتوانم بڵێم خاوەن پلان و بەرنامە و رەوش بووە، دۆخی ساتی و هەنووکەیی قۆستووەتەوە، چاوی لە ئاییندە کردووە، دەنگی تازەی راگەیاندوە، چاویشی لە نەریتی کلاسێک وەک هەوێن و بنەماو مێژوو نەنووقاندوە، بە تێکرا پارێزەری ناسنامەی فەرهەنگی و رەوتی نوێخوازی بووە و هەیە.

پ: گۆڤارەکەتان ئێستا لە مەریوانەوە دێتە دەرێ، گرفتی تایبەتی ئەم گۆڤارە جیا لەگۆڤارەکانی تر چییە؟

و:  جگە لەو دیاردە سەلبیانە کە باسم کرد، بەوەی گۆڤارێکیش سەربەخۆیە و بە چاوکردن لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و شاهێدی کۆیلەتی کۆمەڵگەین لەبواری خوێندنەوەی رۆژنامەدا ئەبێ گرفتەکانی ئاسایی بن، بەڵام ئێستا کە ئەم پەیڤە ئەنجام ئەدەین، هۆکانی تریش لەم بزاڤەدا کاریگەرن:

١-کزبوونی رێژەی خوێنەری رۆژنامەو گۆڤار

٢-یارمەتی نەدان هەم لە لایەن بەرپرسانەوەو هەمیش خەڵک

٣- نەبوونی دەستەی نووسەران و بەرێوەبەری کارا

٤- نەبوونی ئاگایی پرۆپانگەندەیی

٥- دوور بووونی لە ناوەند و شارێکی گەورە و چاپخانەو...

٦- بێبەش بوون لە ئامێروکەرەسەی راگەیاندن.

پ: بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان چ پێشنیارێکتان هەیە؟

و: بۆ ئەوەی زرێبار نەمرێ، من ئامادەم هەم لەگەڵ ئەو کەسانەی کە وزەی رۆژنامەگەری حیرفەیی لە خۆیاندا شک دەبەن، لەسەری ئاخاڤتن بکەم و مادام مەرجەکانمان تەباو هەماهەنگ بێ، رێکەوتن بکەم بۆ ئەوەی ئەم زایەڵە نەخەوێ و بەردەوام بین لەسەر بە پێزکردنی باری رۆژنامەگەری کوردی.

*لە هەفتە نامەی سیروان،

ژمارە (٢٤٥) (١٩)ی رەزبەری (١٣٨٢) ک.ه چاپ و بڵاوکراوەتەوە

زمان، ئاخێزگەی هونەری شێعر*

## دیمانە لە گەڵ عادڵ محەمەدپوور

⊠

### ئامادە کردن و سازدانی:
### زیندوویاد موزەفەر یۆسفی

.............................................

ئاماژە: عادڵ محەمەدپوور بەرپرس و سەرنووسەری گۆڤاری زرێبار و مامۆستای زانکۆی پەیامی نووری مەریوان . هەڵبژاردەی بەرپرسی هەوەڵین خولی شۆرای شاری مەریوان. پتر لە ١٥ساڵە بێ وچان خەریکی چالاکی فەرهەنگییە و تا ئێستا وێڕای کاری رۆژنامەوانی چەندین وتاری لە تەوەری ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە و زمانەوانی و وەرگێڕان و ... نووسیوە و لە چاپەمەنیەکانی رۆژهەڵات و باشووردا بڵاوکراونەتەوە. کتێبێکی لە سەر شێوازناسی شێعرەکانی بێسارانی و کێشی شێعری کوردی نووسیوە و بە ئانالیتکای ڕەخنەییەوە شێوازناسی ئەو شاعێرەی دەرخستوە... لەم بارەوە هەڤپەیڤینێکمان لە گەڵیدا سازداوە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران.

پ: روانگەی ئێوە سەبارەت بە شێعر چییە؟

و: ... ئاخێزگەی هونەری شێعر، زمانە. بۆ ئەوەی کارەساتە هونەری و ئیستەتیکیەکان و وێنەخەیاڵیەکان و نامۆکردنەوە و مێتافۆڕ و ... لە بەستێنی زماندا دەقۆمێ... هەر شێعرێک بۆن و بەرامەیەکی تایبەتی خۆیی هەیە، لە هەرێمی ئەفراندندا، تەجروبەکان، وێنەکان توخمە زمانیەکان جیاوازن و هەرشاعێرێک

**شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، هەر ئەم خاڵە جیاکەرەوەی شاعێری داهێنەرە لە شاعێری لاساییکەر...**

**پ: دەربارەی ئەرک و ڕێسالەتی شێعر چی؟ بە گوێرەی هەلوومەرج و بارودۆخی ڕۆژ، شێعر چ ڕێسالەتێکی لە ئەستۆیە؟**
**و: یەکێک لە ئەرکە هەرەگەورەکانی شێعر، تازەکردنەوەی شتەکانی بە پێی هەل و مەرج و دۆخی هەنووکەیی... ئەگەر شێعرێک وێڕای پرەنسیپی ئێستاتیکی و تەکنیکی و جوانکارییەوە، نەیتوانی پەیام و مەبەستی خۆی بە وەرگر بگەیێنێت دەبێ لەو شێعرە گومان بکرێت، هەر دەقێکی شێعری پاژێکە لە زەینی گشتی جەماوەر و ناسنامەی نەتەوایەتی ئەو جەماوەرە.**

**پ: ئێوە وەک توێژەرێک، شێعری کوردستانی عێراق و ئێران چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**
**و: شێعر لە هەر کۆمەڵگایەکدا، پەیوەستە بە کەش و هەوای کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و رۆشنبیری و... ئەو کۆمەڵگایە ڕاستە کە کۆمەڵگەی کورد، لە نەستی جەماوەریدا ژانرەکانی یەکچوون و یەکسانە، بەڵام بە هۆی هەندێ پرەنسیپەوە، شێعری ناوچەکان لە ڕۆگەی هەست و نەستدا جیاوازە، بەڵام لە حەیسی ژێرخانی نەستیدا یەکسانە. کوردستانی ئەو دیو بە نسبەتی ئەوگۆڕانکارییەی کە چەندین ساڵە بە خۆیەوە دەیبینێ. شێعریش بۆن و بەرامەو چێژی ئازادی هەڵمژیوەو سیاسەتی ڕادیکاڵ و ئاوانگاردی بە خۆیەوە وەرگرتوە لەم ماوە زەمەنیەدا کە ئۆکسیژنی سەربەستی و ئازادی هەڵئەمژن، هەندێ چەمکی نوێی فیکری و رۆشنبیری و فەلسەفی و سیاسی هاتۆتە نێو دەقی شێعرەوە وەک: مافی مرۆڤ، ماڤی ژن، مافی هاووڵاتیبوون و ئازادی چاپەمەنی و کۆمەڵگای مەدەنی و... کە ئەمە لە ناخدا، لای بۆ شاعێری کورد بازکردوە کە ئاوڕ لە خۆی و دەورووبەرو جیهان و ... بداتەوە و خۆی و مرۆڤ بخوێنێتەوە. شێعری ئاوانگاردی کوردستانی عێراق، ئیدامەی ڕێچکە شێعری مودێرنی دەهەی نەوەدەکانەکە ئێستا بە شێوەی رادیکاڵتر**

هەندێکیان چالاکی دەنوێنن وەک: ئەنوەر مەسیفی، عەباس عەبدووڵلا، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵلا و بەختیار عەلی و... بەڵام بە نسبەتی کوردستانی ئێران، لەم چەن ساڵەی دواییەدا بە هۆی ئاوەڵابوونی دەرکەی هەندی دەراو وەک چەمکی سیاسی و فەرهەنگی و فیکری و تارادەیەک ئازادی چاپەمەنی ، شێعریش وەک هەر ژانرێکی تر، شان و باڵی ڕاوەشاندو هەندێ چالاکی لە ئەنجومەنەکان و بلاڤۆکان و کتێبەکاندا، نواندراوە کە لە ئاستی خۆیدا جێگای ڕەزامەندییە. بێ ئەوەی مەبەستم ئەوە بێ دژایەتی لە گەڵ نۆژەنی و شێعری ئاوانگارد بکەم، دەتوانم بڵێم: لەزۆر لایەنەوە، شێعری نوێی ئێمە تووشی قەیران و دابڕان بووە. دەڵێم قەیران مەبەستم ئەوەیە کاتێک جەوهەری و جوانی ناسی و ریتمی دەرەکی و ناوەکی، شێعری کوردی دەپسێ و دەپووکێتەوە. مەبەستم تێکشاندنی کێشی عەرووزی و جوانکاری کلاسیک نیە، بەڵکوو خسڵەتی جەوهەری مۆسیقایی زمانی کوردیە، کاتێک ناشیانە و لاساییکەر بە قەوڵی بڕێک بنەماشکێنی و واتاسڕینەوە دەکرێ، کاتێک شێعری بەرەو نوخبەگەرایی کامل و قەتیسمان لەنێو کلووپێک وگرووپێکی گچکدا دەڕوات، کاتێک هێڵی ئاسایی نێرەر و وەرگری پەیام و پێوەندی دەلالەتی لە دانوساندنی شێعرا بەدی دەپچڕێ، شێعری پێشکەوتوو و ئاوانگارد و پاش مودێرن، دەبێ بە شێعرێکی دابڕاو لە فەرهەنگی نەتەوەکەی، جەوهەری زمانەکەی، هەوێنە مۆسیقاکەی لێ زەوت دەکرێ، تەنیا هەناسەی دیترانی پێوە دیارە و دەستەیەکی گچکی خوێنەر ئەمێنێتەوە و دەقەکەی دەقە وەرگێڕاوەکەی و هەڤاڵە بن دەستەکانی. ئاوڕ لە تیۆرە وەرگێڕاوە بیانیەکان ئەدەنەوە کە هیچ پەیوەندییەکی جەوهەری لە نێوان شێعری ئێمە و نەستی فەرهەنگی ئەواندا بە دی ناکرێت.

چونکا نەستی کۆمەڵایەتی ئێمە و ئەوان قەت بە یەک ناخوات، بە رای من ئەم خاڵانەی کە ئاماژەم پێ دەدەم، لەو خاڵە نیگەتیڤەکانی شێعری نوێ و هاوچەرخی هەنووکەی ئێمەن ئەوانەش بریتین لە:

١- نەبوونی رێباز و شێواز بۆ پێناسە و فەلسەفەی شێعر.

٢- قۆرخکردنی نوێگەری و وەهمی تازەگەری لە لایەن دەستەیەکی گچکەوە.

٣- بێ توانستی لە دابەزاندنی خسڵەتە جەوهەرییەکانی زمانی کوردی و توخمە زمانییەکان.
٤- دابین کردنی دنیایەکی وەهمی پۆست مۆدێرنستانە و چاولێکەرانە بۆ خۆیان.
٥- دابڕان لە کاکڵەی جوانکاری و هەوێنی مۆسیقایی و پێکهاتەی زمانی کوردی.

پ: ڕەنگدانەوەی شێعر لە ژیاندا، تا چ ئاست و ڕادەیەک دەبینن؟
و: من لەگەڵ شێعردا، بە دوو چەشن ڕاهاتووم: یەکەم، لە ڕێگەی هەڵسەنگاندن و ڕانانکاری و مومارەسەی شێعرییەوە کە زۆرتر بە هۆی وتنەوەی ئەو وانانەی کە هەڵگری ئەم ژانرە ئەدەبیەن، لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا بە خوێنەران.
دووهەم، لە ڕێگای چێژ وەرگرتن بە مەبەستی دەربازبوون لە لەنگێزەی ژیانی فیزیایی و بەربەستە هەنووکیەکان، پەنا دەبەمە شێعر و نەستمی پێ دەبوژێنمەوە و هەستمی پێ قەڵەو دەکەم، بگرە بەم ڕووکردە نەهێڵم ڕۆحم نەخۆش بکەوێ، ئەو قسەی ئەدۆنیسمە زۆر پێخۆشە کە دەڵێ: شێعر ئێستاتێکای بوونە. هەرکات بمەوێ بە نەستی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەمدا بچمەوە، لە ڕابردوودا، لە ئێستادا، پەنا دەبەمە ژانری شێعر. چونکا دەزانم تەنیا قەڵاو تەلار و وێستگەی وشیاری کورد شێعرە، ڕەنگە ئەم وتە بۆ ئێستامان ڕاست بێ، بە هۆی هاتنەکایەی هەندێ چەمکی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنیتروە کوو: ڕۆژنامەگەی میدیا و ڕاگەیێنەرەکانی تر،... بەڵام بە هۆی بێ بەشی لەباقی ژانرەکانی تر، شێعری ئەو سامان، تەنیا پێوەڕ و ڕێنوێنیکەرو ڕادەی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و وشیاریمانە. بەم بۆنەوە، بۆ ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو و ئێستا - بابا تایەر بۆ ئورامنەکان، بێسارانی بۆ لیریکا، خانی بۆ تێهەڵکێشیی لیریکا و حەماسەت، مەحوی بۆ زمان شکێنی وتەحەدای واتا، مەولەوی بۆ خەیاڵبەندی، گۆران بۆ گۆرانکاری و شێرکۆ بۆ بیری نەتەوەیی و بەختیار عەلی بۆ هزری ئێستا و فەلسەفەی سەردەم - پەنا دەبەمە تێکستی شێعر و دەقە ئەدەبیەکان.

پ: بەڕای ئێوە، شێعری سەرکەوتوو چ شێعرێکە، بە لەونێ تر، شێعری بە پێز و ئاوانگارد دەبێ هەڵگری کام چەمک و عەناسوری شێعری ڕۆژ بێت؟

و: من زۆر جاران لەسەر دەق دواوم، چ دەقێکی کۆن و لە ڕادەبەدەر و چ دەقێکی ئەمرۆیی و بارەو ڕۆژ. بۆ خۆم حەزیان پێدەکەم، تەنانەت کاردانەوەی ئەو تۆی هەبێ بەسەر هەست و نەستمدا لەو باوەڕەشدام کە بە پێی ئەو گۆڕانکاریانەی کە هەموو رووبەرەکانی ژیانی ئێمەی داگرتووە، دەبێ شێعری کوردی ئاوانگاردی ئەوڕۆیشمان، هاوسەنگ لەگەڵ شێعری پێشکەوتووی جیهانیدا بێ بۆ چی؟ ئێمە چ بمانهەوێ و چ نەمانهەوێ تێکەڵ بە ورووژمی شەپۆلی جیهانی بووین، ئێمەش بەشێکین لە پێکهاتەی فەرهەنگی ئینسانی، ئەگەر بمانەوێ دەسەپاڵەی خۆمانمان هەبێ، ئەبێ خۆمان تازە بکەینەوە و ئەدەبەکەمان جارێکی کە بخوێنینەوە، کەلێن و بۆشاییەکانی پڕ بکەینەوە، بەڵام ئاگادار بین، هەم تەقلید و هەم نوێگەریی دووگورزی گەورەی لێوەشاندوین: تەقالیدی کۆن زەینییەتێکی موعتاد و جێگیر و سەلەفی پێشوەختی پێ بەخشیوین کە ئەگەر هەمان ڕێچکە بگرین زۆر مەترسی هێنەرە و لە کاروانی ئاوانگاردی ئێستا دوا دەکەوین. لە دووهەمین وەهمی تازەگەریش بە بێ تاقیکاری و بنەمای سایکۆلۆژی ریگاییێکەمان گرتۆتە بەر پێکهاتەی راستی و جەوهەرییەکانی خۆمان ون کردووە. کە ئەگەر لە قەزیەکە ڕانەمێنین، ئەوا ئەبین بە کوردی بێ بەش لە هەردووسەر. بەڕای من شێعری سەرکەوتوو شێعرێکە هەڵگری ئەم پرەنسیپانەبن:

١) هەبوونی ڕیتم واتە هارمۆنیا و پێکەوە گونجانی فۆرم و ناوەرۆک. (مەبەستم لە ڕیتم لێرانەدا کێشی عەرووزی نییە).

٢) بزاوتوویی و دینامیکییەت لە ڕەوتی شێعرەکەدا بە هۆی پێکهاتەی دژبەری وێنەکان و ناتەبایی و دوبارە بوونەوەی وێنەو ئێدیومەکان.

٣) واتا ناسی و ڕادەی وشیاری شێعرەکە، بە چەشنێک کە واتاکە پاش وەختی بێ و بە پێچەوانەی شێعری کۆن، کە لە واتادا زۆر کلێشەیی و پێشوەختی بووە.

**پ: به رای جەنابتان شیکاری و لیکۆڵینەوەیکی شێعری، بۆ لێکدان و راڤەی دەقێک، دەبی بە چ خاڵگەلێک فرەتر ئاماژە بدات، تا وەرگر باشتر و ساناتر بە دونیای هەنووکەیی ئەو شێعرە ئاشنا بکات؟**

**و: لەم بارەوە «ئیسپیتزێر» وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێ: «زمان تەنیا ئامرازێکە بۆ دەربڕینی لایەنی ناوەکی و هەناوی». بە چەشنێکی تر بڵێم، هەردەقێک وەک دایرەیەک وایە، کە لە ناوەندی ئەم دایرەدا، توخمێک و کاکڵەیەک هەیە کە هەموو دیاردە زمانیەکان بەرەوخۆی رادەکێشێ. لەم ڕەوشەدا، کاری ڕاڤەگەرو شیکاری دەق و پاشان گەڕانەوەیە لە ناوەندەوە بۆ دەرەوەی بازنەکە، ئەم خوێندنەوە بەواتای «ئیسپیتزێر» سەفەرەو دەبێ دووپات و چەن پات بکرێتەوە تا ڕەخنەگر بتوانێ، یەکەمین خاڵی ڕووناهی شێوازی زمانی لەو دەقەدا بدۆزێتەوە و سەرنجی بەرەو «ئاشنایی سڕینەوەی»ی زمانی کە تایبەتی دەقەکەیە رابکێشرێت.**

**تا ڕادەیەک بەسەر لایەنی توخمە زمانیەکان و تەنانەت پەیامی واتایی دەقەکە تێدەگات و لایەنە هزری فەلسەفیەکانی شی دەکاتەوە و خوێنەری ئاساییش بەم سەفەرە شیکارییە کە ڕەخنەگر دەیکات، باشتر لە فۆڕم و ناوەڕۆکی دەقەکە تێدەگات و تەنانەت چێژی هونەریشی لێ دەبات. لەم خوێندنەوە هونەرەیدا، ڕەخنەگر بە سەر دەقدا سێ قۆناخ تێپەڕ دەکات:**

**الف) خوێندنەوەی ڕووبەری دەنگەکان و مۆرفێمەکان و لێکدراوە ئیدیۆمیەکان.**

**ب) سەفەر بۆ ناوەند و خوێندنەوەی تۆڕی پەیوەندی نێوان دەنگ ئاماژەو واتا ئاماژە ( هێڵی دال - و مەدلول).**

**ج) پەی بردن بە هارمۆنیا و پێکەوە گونجانی بەش و پاژەکانی دەقەکە لەگەڵ هەیکەڵی گشتی دەقەکەدا.**

**پ: وەک دوایین پرسیار ئەکرێ سەبارەت بە شێعری هورامی و قوناغەکانی کە تا ئێستا بڕیونی و بنەماشکێنی بەسەرداهاتووە، بۆمان بڵێن؟**

و: لای من شێعری هورامی یەکەم وێستگە و ئاخێزگەی شێعری نەتەوەییە، ئەگەر بمانەوێ لە شێعری کوردی بە گشتی و شێعری هورامی بە تایبەت ئاوڕ بەینەوە، سەرەتا دەبێ هەر لە زمانە کۆنەکانی ئێرانەوە دەست پێ بکەین وئەویش زمان و تەرکیباتی بەر لە ئیسلام بۆ پشکنینی ئەو دەقە کۆنانە وەک، گاتاکان، یەشتەکان و درەختی ئاسووریک و... تا تووشی هەندێ توخمی زمانی دەبین، کە لەگەڵ هورامی ئەمڕۆدا تەبان. لە سەنسکریتدا بە ژمارە (یەک)ی فارسی دەوترێ (ekc) بە زمانی ئەوێستایش (aeva) کە هەمان (یوەی، yva) هورامیەو هەروەها لە زمانی مادیشدا هەمان (yva) یوایە، واتە هەمان ژمارە«یەک»ەیە. یان لە درەختی ئاسوریکدا هەندێ واژەو دەستە واژە هەن کە ئێستایش لە هورامیدا بەکار دەبرێن، مەبەستم لە ڕوونکردنەوەکە ئەوەیە کە ئەگەر بمانەوێ سەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی شێعری کوردی دەربخەین دەبێ هەر لە هورامیەوە دەس پێ بکەین. لە دەیەی ئەوەڵ یان دووەمی پاش ئیسلامیش، دەقە شێعری هورمزگانمان هەیە کەلە سیرواندا باسێکم لەم بارەوە ورووژاندو هەندێ وتار نووسراوە بە تەسەلی باسی لەسەر کراوە. ئەم دەقە هەڵگری هەندێ ڕاستی زمانەوانییە کە چاو نەکردن لەم ڕاستیانە دەبێتە هۆی زیانێکی نەبڕاوە بۆ شێعری کوردی. ئەویش هەڵگری جەوهەرێکی زمانەوانیە بۆ شێعری کوردی بەناو خێرایی دەنگ یان کرکە کە لە خسڵەتی شێعری هیجایی زمانە کۆنە ئێرانیەکانە، هورامی ئەم جەوهەرەی پاراستووە، مامۆستا گۆران، لەسەر ئەم خسڵەتە مۆسیقاییە بوو کە شوڕشێکی جوانکاریانەی ئەنجامدا، ئەو پێی وابوو کە زمانە کوردیەکان لەسەر قاوغی تەفعیلی عەرووزی ناگونجن و شاعێران دەبێ بگەرێنەوە بۆ دابی بێسارانی و مەولەوی و چاوکردنی تایبەتمەندی نەغمەیی هیجا.

شای شاییم مەڕیا، سوپای خەم جەم بێ
بەیداخ دەماخ شێوەی ماتەم بێ

لەم شێعرەدا ئەوەی بە پێکەوە گونجانی کێشی عەرووزی بکرێ چڕی دەنگەکان و خێرایی نەغمەی توخمەکان، تەبایی مۆسیقایی گەییوەتە لووتکەو ترۆپکی شێعرەوە. من پێم وایە جیا لەو خسڵەتی سەردەمی و شکاندنی ڕەگەزی یەکسانی هیجا لە شێعری هاوچەرخی هورامیدا، ئەم خسڵەتەدا جەوهەرییە مۆسیقا دەبینرێ. هەر ئەم تایبەتمەندیەش بووەتە گرێدەری شێعری ئەوسا و ئێستای هورامی.

*لە هەفتە نامەی سیروان
ژمارە: (٢٨١) ١٣ی
پووشپەڕی (١٣٨٣) ک.ه
چاپ و بڵاوکراوەتەوە

## هەڤپەیڤین لە گەڵ نووسەر و
## لێکۆڵەر کاک عادڵ محەمەدپوور*

سازدانی:
هاشم عەلی وەیسی
٢٠١٥/١٢/١٦
........................................

عادڵ محەمەد پوور نووسەری ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان کە تا ئێستا چەندان کتێب و بابەتی لێکۆڵینەوەیی لە سەر وێژە و مێژووی ئەدەبی کوردی (بە تایبەتی هەورامی) نووسیوە و بابەتی جۆراوجۆری بۆ سەر زوانی کوردی وەرگێڕاوەتەوە و بڵاو

کردۆتەوە، لەم پێوەندییەدا یەکێک لەو کەسانە بووە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دامەزراندنی گۆڤاری زرێبار و ورووژاندنی باس و بابەتی زانستی و زانستگایی، توانی بزوتن و جمشتێکی کولتووری لە نێو نووسەرانی ڕۆژهەڵات وەڕێ بخات و لە دەوری یەکیان گرد و کۆ بکاتەوە و ئەزموونی ڕۆشنبیری و نووسینی نووسەرانی جۆراوجۆر بۆ یەکتر بگوازێتەوە و بە یەکتریان بناسێنێت کە تا ئێستا هەشتا و هەشت ژمارەیان لێ بڵاو بۆتەوە.
لە پاش ئەو هەموو ساڵە لە ئەزموونی نووسین و کار و چالاکی کولتووری، ئێستاکەش لە کار و چالاکی خۆی هەر بەردەوامە و نەوەستاوە و لەم پێناوەشدا خەریکی ئامادە کردن و دەرکردنی ژمارەی تازەی زرێبارە و لە حاڵێکدا وەک خۆیان دەڵێن چەندان کتێبی ناتەواوی بە دەستەوەیە کە بە تەمای ئامادە کردن و خستنە بەردەستی نووسەر و ڕۆشنبیری کوردە، هەر لە پێوەندی بە کاری نووسین و ڕۆشنبیریان، گفتوگۆیەکمان لە گەڵ بەڕێزیان ساز داوە و سەبارەت بە چەند تەوەری دیاری کراو دواندومانە.

o کاک عادڵ سەرەتا لە سەر ئەوەی کە چۆن هاتنە ناو دنیای نووسین و ڕۆشنبیری کوردییەوە و لە ئەزموونی کاری ڕۆشنبیری خۆتان هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی کارەکانتان لە بوواری شێعر و لێکۆڵینەوەی شێعری و پەرژانە سەر راڤە و شرۆڤە کردنی ئەم بابەتە بوو؟ ئایا ئەمە حەز و خولیای ڕۆشنبیری خۆتان بوو؟ یان هەست بە کەمکاری و کەمتەرخەمی لەم بابەتە بوو کە پاڵنەرتان بوو کە بە شێوەی ئاگایانە زۆرتری تێهزرین و ڕامانی خۆتان بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکەن؟
• [لە دیمانەکانیتردا هەر ئەم پرسیارەم لێکراوە و وڵامم داوەتەوە بگرە وڵامەکەی یەکچەشن بن] بە عەرزتانی ڕابگەیەنم من پێش شۆڕشی گەلانی ئێران خوێندکاری زمان و ئەدەبیاتی فارسی بووم هاوکات لە گەڵ سەرکەوتنی شۆڕش بووم بە مامۆستای وانەی زمان و ئەدەبی فارسی. هەندێ هۆکاری سەرەکی هەن کە پاڵنەرێکی ئەکتیف بوون بۆ چوونە نێو دونیاری نووسین و باری ڕۆشنبیری

کوردییەوە: یەکەم، نیازی سەردەمی و هەست بە بۆشاییەک لەم بوارانەدا بە تایبەت لە حەوزەی زمان و ئەدبی هورامی.

دووەم، چێژ و خولیای تاکی و ناخەکی خۆم.

سێهەم، شارەزایی لە بواری زمان و ئەدەب و...

چوارەم، فەزا و ئەتمسفۆڕی لە باری فەرهەنگی و رۆشنبیری گلێرگەی ئەو دەمە. سەرەتاکانی شۆڕش(۵۸-۵۷) لە زێدەکەم(دزڵی) وانەی زمان و ئەدەبی فارسیم دەوتەوە ئەو هەلە لە بارەم قۆستەوە و شان بە شانی ڕاڤە و وتنەوەی وانە فارسییەکان، ڕێزوانی زوانی کوردیم دەوتەوە و قوتابییەکانم هان ئەدا کە بینووسنەوە، هەر ڕەگە هەرمان(فعل)ێکم بە فارسی گەردانە(سەرف) دەکرد بە هاوتا کوردییەکەش ئاماژەم دەکرد، بەم جۆرە یەکەم هەنگاوم بۆ پراکتیزە کردنی خولیاکانم هاوێشت.

دوەم هەنگاوم ئەوەبوو لە هەندێ بواردا دوخێکی نالەبار و ناسەقامگیر زاڵ بوو بە تایبەت بۆ چینی قوتابیان، بۆ ئەوەی خەریکی شتی لاوەکیتر نەبن و سەرقاڵ و هۆگری خوێندنەوەی کتێب بن، لە شاری مەریوان لەم لاو لەولا کتێبم کۆئەکردەوە و بەم شێوە کتێبخانەی قوتابخانەکەم چالاک کرد. ئەم دۆخە درێژخایەن نەبوو و دزڵی بومباران کرا و ئاوارە بووین و...بەڵام من بۆ خۆم هەستم بە نیاز دەکرد و ساڵەکان دەهەی (۷۰) بەردەوام بووم لە خوێندن، لەم ساڵانەدا فەوق لیسانس(مەستەر)م وەرگرت، ئەمە زۆرتر دەسەڵاتی زانستی و شارەزایی پێدام و هانیدام و توکمەتر بشکێمەوە بە مل باری فەنی زمان و ئەدەبی کوردیدا، لەو دەمەدا بە دەگمەن بابەتی کوردی بۆ تێزی مەستەر پەسەند دەکرا، رەنگە ئەوەڵ خوێندکار بووبێتم کە لە سەر داواکاری خۆم و پێداگری و پاڵپشتی مامۆستای ڕێنوینیکەر و ڕاوێژکار(راهنما و مشاور)، بەڕێزان (د. ئێبراهێمی و د. خوڕەمدڵ) بابەتەکەم کە لە سەر شێوازناسی و مێتۆدی ڕاڤەکاری زوانی، ئەدەبی و هزری دیوانەکەی مامۆستا بێسارانی، گەورە لیریکابێژی شێعری هورامی بوو، بە پلەی باڵا وەرگیرا. ئەو تێزە دوایی لە دووتۆی کتێبێکدا بە ناوی(سرود خزان) لە ساڵی (۸۱)ی کۆچی هەتاوی، چاپ و بڵاوکرایەوە.

لەو تێزەدا بە تەسەل لە وتاریی پێشەکیدا لە سەر زمانی هورامی شرۆڤەکاری زانستیم کردوە کە ئەمە بۆ ئەو دەمە هەنگاوێکی ئەکتیو بوو بۆ ناساندن، ورووژاندن و بە ئاکادێمی کردنی ئەم باسانە کە زۆر شاز و دەگمەن و غیابیان زۆر هەست پێکراو بوون. بەم شێوە ئەم ساڵانە بوون بە هەگبەی ئەزموونی رۆشنبیری و ئەدەبیم کە پاشان هەنگاوگەلێکی توکمەترم هەڵگرتوە.

o زرێبار بە ئەزموونێکی سەرکەوتووی رۆژنامەگەری کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەژمار دەکرێت و دەوری کاریگەری لە گۆڕینی دیسکۆرس و تێگەیشتن لە بزاوت و جووڵانەوە رۆشنبرییەکانی کورد بینیوە، سەرەتای ئەزموونی کاریتان لە گەڵ زرێبار چۆن دەستی پێکرد؟

• [پێشتریش چەند جار ئەم پرسیارەم لێ کراوە و بگرە وڵامەکەی یەکچەشن بن] دوا بەدوای چاندنی ئەو حەز و ئاوات و خولیانە کە سەرەتا ئاماژەم پێکردن، بەرە بەرە تەشکی بووژانەوەیان لە بواری رۆژنامەنووسی و نووسینی دەقی ئەدەبی و رۆشنبیریدا بە خۆوە گرت و پراکتیزە بوون. زرێباریش یەکێک لەو ئامانجانە بوو کە هاتە دی. وێڕای ئەم ویستە تاکییە زرێبار نیازێکی سەردەمیش بوو کە دەبوا سەر ئاوەزێکی یەکگرتووی ئەو دەمەی رۆشنبیرانی مەریوان لە دایک بوایێ و دوایی کە بە قەولی جەنابت بوو بە ئەزموونێکی سەربەخۆ و سەرکەوتووی رۆژنامەنووسی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و گڕ و تینێکی ئەوتۆی بەخشییە بزاوتن و جووڵانەوەی باری رۆشنبیری کوردی و ئێستاش بەگۆڕتر بەردەوامە. وەک پێش زەمینەکەی لە ساڵی (٦٩)ی ک.ه بۆ یەکەم جار وەک نیازێکی بنەڕەتی و هەستپێکراو (ئەنجومەنی ئەدەبی مەریوان) دامەزرا و منیش یەکێک بووم لە دەستەی دامەزرێنەری ئەو ئەنجومەنە. کە بزاوتە و ئەکتیو چالاکیمان بە رێوە ئەبرد. لە ساڵی (٧١)ی ک.ه کۆڕێکی (شێعر و چیرۆک)مان بەڕێوە برد کە لە رۆژهەڵاتدا دەنگی دایەوە. دوابەدوای ئەم چالاکیانەدا هەستمان بە هەبوونی گۆڤارێکی ئەدەبی-رۆشنبیری ئەکرد کە بڕیار درا بە دوا چوونی بۆ بکەین. من بۆ وەرگرتنی

مۆڵەتەکەی(مجوز) ئەو مەرجانەم لەخۆمدا شک ئەبرد و ئامادە بووم کە داواکاریی یاسایی و ئیداریی بۆ بکەم. ئەو کارەشم کرد بەڵام پاش چوار ساڵ تەنگوو چەڵەمەی ئیداری(رەنگەش بە هۆکاری سەربەخۆبوون؟! و...) جا مۆڵەتەکەی کەوت بواری جێبەجێکردنەوە کە تا ئێستا (٨٨)ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە.

o دەتوانین بڵێین زرێبار لە ئەزموونی کاری خۆیدا توانی ئاوڕ لە بەشێک لەو لایەنە رۆشنبیریی مەعریفیانە بداتەوە کە پێشتر بەو شێوازە ئاوڕی لێ نەدرابوویەوە و کاری لە سەر نەکرابوو، ئەم بیرۆکەیە چۆن لە رێچکەی کاری زرێبار رسکا و چۆن بوو ئاوردانەویەکی وەها شێلگیرانە و رژدتان دەست دایە؟

• هەروەها کە لە پێشدا ئاماژەم پێدا وەک پێویستێکی هەستپێکراو و هەبوونی هەندێ بۆشایی لە پانتایی رۆشنبیری - مەعریفیی و هزریی کە پێشتر بە بقەکاری و قۆرخکاری دەژمێررا، زرێبار لە دایک بوو و پێش لە زرێبار تەنیا (سروە، ئاوێنە و ئاویەر) لە چەتری ماڵی دەوڵەت دەرئەچوون، سەرە ڕای ئەمەش خزمەتێ باشیان بۆ بووژاندنەوە و ڕسکاندنی دەرفەتی فەرهەنگ-ئەدەبی کرد. ئەم بیرۆکە وایکرد کە زرێبار ئاوڕ لە بابەتگەلێک بداتەوە کە شاز، ناب و نایاب بن، بۆیە دەڵێم تا ڕادەیەک ئەو دۆخەی شڵەقاند. من لە سەروتاری یەکەم ژمارەیدا(پاییزی ٧٦)ی ک.ه نووسیبووم:

"زرێبار ئاکامی هەول و تەقەلای هەندێ لە وروژێرانی هزر و ئەندێشەی ناوچەیەکی کۆیلەیە کە دەیانەوێ جیاواز و بە دوور لە هەر چەشنە فێکرێک و ئایدیۆلۆژیایەک و باڵێکی سیاسی تایبەت بنووسن، بەڵام بەشەفافییەت و سەربەخۆ و لە ئەنجامدا، رێبوارانێک بن بۆ رێگای راستی و ئەندێشمەندانێک بۆ ئەفڕاندنی خۆد بەرهەمی و...".

ئەمێستاکەش هەر بڕوای بەو فەلسەفەیە هەیە و لە سەر عەقڵییەتی کۆیی لە هەر ژمارەیەکدا، بە پێی نیاز لێکۆڵینەوە و باسی لە سەر دەکرێ کە ئەولەویەت بە کام بابەتە کە تا ئێستا ئاوڕی لی نەدراوەتەوە و یان نیازێکی پێویست دەژمێردرێت تا

بکرێتە فایلی ژمارەی داهاتوو و بە خوێنەرانی و خامە بەدەستانیش ڕادەگەیەنین و ئەوانیش بە دڵنیایی و دەرفەتی زۆرەوە، وتار ئەنووسن و ڕەوانەی ئەکەن بۆ شۆرای نووسەران تا بخوێنرێتەوە و ڕادەی باری زانستی ئەو بەرهەمە تاوتۆ بکرێت و دەنگی چاپکردن یان نەکردنی لە سەر بدرێت.

o ئەزموونی رۆشنبیری کوردی لە مەودا و هەوارگەی جیاوازی زەمەنی بە پێشەنگایەتی کەسانی نووسەر و چالاکی بواری ئەدەبی کوردی توانیویەتی ئاوارِدانەوە و هەڵوێستە لە ڕەوت و ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی کوردی بکات و سەردەمانێک ئەم ئاوڕدانەوە لە بن دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان و نیمچە دەسەڵاتانێک بوو کە دەور و کاریگەریی خۆیان لەم بابەتەوە گێڕاوە و لە دووتوویی (زۆرتر شێعر) ئەم قۆناغە زەمەنییە جیاواز و پچڕ پچڕەی دەسەڵاتی کوردی دەرفەتێک بۆ گێڕڕنەوەی شوناسی کوردی بەم شێوازە بووە ئێستاکەش ئەو دەسەڵاتە بو نووسەر و روناکبیری رۆژهەڵاتی کوردستان(جیاواز لە ئەزموونی باشووری کوردستان) ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن کە بە شێوازی جیاواز لە ئارادایە و حەوتانە یان مانگانە دەر دەکرێت و خوێنەری کوردی لەم بابەتەوە پێ ئاگادار دەکرێتەوە ئەکرێت وەکوو کەسێکی رۆژنامەنووس و نووسەر کە لەم بابەتەوە چالاکی بەردەام و پەیگیرتان هەبووە شرۆڤە و شیکاری بکەیت و خوێندنەوەی ئەزموونی خۆتان لەم رووەوە بۆ خوێنەران باس بکەن؟

• بەڵێ زۆر ڕاستە لە مێژە کورد هەر ژانری شێعر بووە کە مەوداگەلێکی زەمەنیدا ئاوڕی لە شوناسی کورد داوەتەوە بە قەولی جەنابتیشت بە شێوەیەکی پچڕپچڕ. ئەوەش بۆ خۆی شرۆڤەکاریەکی جیاوازتری ئەوێ کە بۆ هەموو شتێک لە شێعردا چڕکراوەتەوە و تەنیا دەقێک بووە کە تا ڕادەیەک ئاوڕی لە چەمکگەلی هزری و مەعریفی کورد داوەتەوە. دیارە لە بنەوەڕا کورد خاوەنی دەسەڵاتێکی توکمەی سیاسی نەبووە و ئامێری راگەیاندنی نەبووە و تەنیا چێژی شاعێرانە بووە کە لەم دۆخە کۆڵراوەتەوە، ئەویش نە بە شێوەی شێلگیر و هەمەلایەنە، کورد مەجبوور بووە

که به شێوەی ئەدەبی"سەمبۆلیک" له دیاردەکان بقۆسێتەوه و تا مەبەستگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ ئاوەگۆز بکرێت، ئەم ناسەقامگیری و نا بەرانبەرییه له حەوزەی دەسەڵاتدا وایکردوه که هەموو شتێکمان تێکەڵ به ئەویتر بێت و نەتوانین شوناسێکی یەکدەست و دراسەکراو و تۆمارکراو بۆ کورد بنەخشێنین، بۆیه ناچار پەنامان بردۆته ژانری شێعر و هەموو شتێکمان لەو حەوزەدا دۆزیوەتەوه.سەرەڕای ئەمه کورد بۆ خۆی خاوەن ئەدەبێکی دوڵەمەندی زارەکییه(ادبیات شفاهی) که دەکرێت لەم بوارەدا به وردی بگەڕێت بۆ شوناسی راستەقینەی کوردی که به ڕای من کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوه .وەک ئاماژەتان پێدا بەشێک له گێڕانەوەی شوناسی کوردی له ئەستۆی شاعێراندا بووه کەچی زۆربەیان نەیانتوانیوه ئەم ئەرکه بەرێوه بەرن، تەنیا به دووی وردەکاری ئەدەبی و رازاندنەوەی دەقی شێعردا بوون(مەزموون گەرایی) و کەمتر خۆیان به قەرەی ورووژاندنی هزر(مفهوم گرایی) و نواندنی ژانەکانی گلێرگه و بەرجەسته کردنی زامەکانی جەماوەر داوه. هەن شاعێرانێکیش که هەوڵیان داوه ئاگایانه کاربکەن بۆ دەستەبەر کردنی شوناسی کوردی. نموونەی بەرزی نالی شارەزووریه که وەک شاعێرێک و بکەرێکی وریا و زیرەک(فاعل شناسا)، زانیویەتی لەم نێوەندەدا، چۆن کایەی زوانی بەکار بهێنێت و واقێعەکان بقۆسێتەوه و له ناو گەنجینەی فەرهەنگێکی هەژار و زوانیکی دیالێکتدا، سەری هەڵداو و درەوشایەوه، هەم دۆخی هێژمونی سیاسی و دەسەڵاتداری به بەبەکان ببەخشێ و هەمیش دیالێکتی سۆرانی ناوچەی سلێمانی ببوژێنێتەوه و بازنەکەی بەر بڵاوتر بکاتن و ئێستا بانگەشەی پێوەریی بوونی زوانی کوردی بکرێت.
کەچی ئەمێستاکه دۆخەکه گۆڕراوه ئیتر شێعر و ئەدەبی زارەکی فەلسەفەی زانستی-فەنی و کارکردی راستەقینەی خۆیان دۆزیوەتەوه و به شێوەیەکیتر ئاراسته دەکرێن. ئەمه روژنامه و رۆژنامه نووسەکانن که خەریکن به شێوەیەکی پیشەیی ئەم ئەرکه به ئەستۆ ئەگرن. وەک دەزانین که میدیای چاپەمەنی وەک کۆڵەکەی چوارەمی دیمۆکراسی ناسراوه و یەکێک له شاخێسەکانی بنەڕەتی گەشەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری هەر کۆمەڵگەیەک دەژمێررێت. وەک ئاماژەمان پێدا له

رابردووی مێژووی ڕۆشنبیری و ئەندێشەی کوردیدا بە هۆکارگەلێکی بەرچاوی سیاسی و گلێرگەیی ئەرکی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی لە ڕێی ئەدەبی زارەکی و دەقی شێعر هات ڤەشاندن و کایە فیکری و هزرییەکان بە ئەستۆی شێعر و شاعێرییەوە بووە: لە بابا یادگار(سەدەی دووی ک.م)، تا بێسارانی، فەقێ تەیران، ئەحمەدی خانی و سەیدی و خانا و مەولەوی و هێمن و هەژار و شێرکۆ و... ئەم دۆخە هەست پێدەکرێت. لە کوتاییەکانی سەدەی (١٩)ی ز (١٨٩٨)کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە سەردەستی (مێقداد مێدحەت بەدرخان)چاپکرا، ڕۆچنێک لە رووی سوننەتی نویساری(کتبی) و دیاردەی رۆشنبیری ئیمەدا کرایەوە و بە واتا مێژووی مودێرنی رۆژنامەنووسی کوردی دەستی پێکرد. ئەم رۆژنامە وێڕای پێداچوونەوە لە رووکردی فەرهەنگی عەشیرەیی و ئیلیاتیگەری رووکردی باری رۆشبیری لە زارەکییەوە بۆ رەوشی نووسین گۆڕی، ئەلفووبێی کوردی بێچمی سەردەمی و هەنووکەیی بە خۆوە گرت. لە سەروتاری یەکەم ژمارەدا جەخت لە سەر زانست و فێرکاری زوانی کوردی کرابوو و بەردەنگی کوردی بە هزراندن و هەوڵ بەم زمانە هەڵخڕاند بوو. پاشان چەندین رێکخراوە و ئەنجومەن و رۆژنامەیتری کوردی لە ترکیە و سوریە و عێراق شکڵیان گرت، ئەمانە هەمووی کاریگەری ئەرینی و پۆزەتیڤیان لە چاندنی هزری کوردی دانا. ئەم رووکردە بووە هۆی ئاشنایەتی لە مێژووی خۆیان و گەلانیتر و سەرەنجام بزووتنەوەی نەتەوەیی و گەڕاندنەوەی شوناسوو و چییەتی کوردی. دوابە دوای ئەم گۆڕانە حوزنی موکریانی چاپخانەی بۆ کوردستان هێنا، وتار و شێعری و دەقیتری ئەدەبی وەک وەرگێڕان و... پەرەی سەند و قوتابخانە کوردییەکان یەک لە دوای یەک کرانەوە، ئەمانە هەمووی بۆ کوردان «رێنسانس»ی فەرهەنگی و هزری بە ئەژمار دێ کە لە ژێر کاریگەری و کاردنەوەی رۆژنامە و رۆژنامەنووسیدا شکڵیان گرتوە. ئەم دیاردە لە زەمەنگەلێکی جیاوازتردا بۆ پارچەکانیتریچ رەنگیداوەتەوە، کە ئەمێستاکە نموودەکەی لە هەرێمی باشوور و رۆژهەلات و... بە شێوەیەکیتر ئەیبینین.

o زاراوەی هەوارمی لە باری نووسین و ئەزموونی شێعری کوردی چەندین قۆناغی مێژویی بڕیوە و لەم بابەتەوە گەلێک کتێبخانەی کوردی رازاندۆتەوە لە حاڵێکدا هێشتاش زۆرن ئەو دەسنووسانەی کە ساغ نەکراونەتەوە و خوێنەر و نووسەری کورد لێی بێ ئاگایە بە ڕای ئێوە ئەو لێکۆلینەوانەی کە لە بارەی ئەم ئەزموونە شێعری و رۆشنبیرییە کراوە تا چەندە شیاوی سرنج و هەڵویستە لە سەر کردنە و ئەگەریش پێتان وایە ئاوڕدانەوەیەکی شیاو لەم بابەتەوە نەدراوەتە و هۆکار و خەسارەکان بۆ چی دەگەڕێننەوە؟

• لە چاو مێژینەمەندی، دوڵەمەندی و بەرفراوانی پانتایی زوان و ئەدەبی هورامی ئەو کارانە کە کراوە هیچ کە هاوسەنگی ناکات دەتوانین بڵێین کە زۆر کەمن. هەندێک لەو نووسراونیشە بە شێوەی زانستی و رەوشی لێکۆڵینەوەی ئاکادێمی نەنووسراون، کە ئەمە دەگەڕێتەوە یەکەم بۆ کەمبوونی سەرچاوەی باوەڕپێکراو و دوەم بۆ بە سەلیقەیی کردنی بابەتەکان. لە ئەساسدا سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئەم مەبەستە کەمە، ئەبێ پشت بە واقێعی خودی ئەو زوانە ببەسترێت و ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەی لی ئاوەگۆز بکرێت. هەندێ لەو نووسینانەش کە نووسراون لە بری بەرچاوکردنی نەفسی بابەتەکە، بەرەو مەنهەجێکیتر ئاراستە کراوە، ئەمەش بە سەلیقەیی کردن و موتوربە کردنی بابەتەکەیە. ئەو میژوونووس و رۆژهەڵاتناس و هورامی ناسانەش زانیارییەکی عەینی و واقێعییان نەبوە، هاتوونەتە ناوچەیەک یان گوندێکی کوردەواری لە دوورەوە فتوای جۆراوجۆریان دەرکردوە و ئیتر نەچوونەتە نێو وردەکاری و باری تەوسیفی و واقیعی زوانەکە، دواییش بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ بەردەنگ و توێژەرانیتر کە هەر هەمان ئاویان لە دنگەکە کوتاوە. ئەمە زیانێکی زۆر مەزنی بە زوان و ئەدەبیاتی هورامی گەیاندوە. بۆ وێنە هەر لە مێژە باسی هورامی و گۆران تێکەڵاو کراوە و هورامی بە بەشێک لە زمان و ئەدەبیاتی گۆران دراوەتە قەڵەم و بووەتە «سوننەتێکی ئەدەبی»، لە بەر ئەوە مینۆرسکی و... وایان وتوە، ئەم روانگە هیچی لە گەڵ دیاردە واقێعییەکان و باری تەوسیفی -نە تەجویزی، زوان و ئەدەبی هورامی جۆر دەرنایەت، ئەوان تەجویز یان دیکتەیان کردوە، نوسخەیان پێچاوە.

ڕەنگە هیچ کات بیر ئا لەمە نەکرابێتەوە کە ئەو هۆزانەی کە بەناو «گۆران» ناسراون، وەک: شەبەک، لەکی، کەڵهوڕی، فەیلی، جافی، باجەڵان، زەنگەنە و... زوانی ئاخافتنیان جیاوازە لە هورامی و بەڵام بە هورامی شێعریان داناوە، کەچی هورامی لە بواری ئەدەب و شێوازدا بە گۆران دادەنێن، کەچی لە سەبک و سیاقی شێعرەکانیاندا دەرئەکەوێ کە هورامی زوانی دایکییان نەبووە و بەڵام لە سەر هێژمۆنی و کاریگەری بەرفراوانی  زوان و ئەدەبی هورامیدا بوون. بۆ بەڵگەش ئاماژە بە خاڵێکی شێوازناسانە بکەم کە لە شوێنێکدا دەسەڵاتیان بە مل زوانی هورامیدا نەبوە و نەیانتوانیوە توخمە زوانییەکانی هورامی بە تایبەت کارواژەکان بە باشی بقۆسنەوە، توخمی زوانییەکەی خۆیانیان بە کارهێناوە داناوە، ئەم دیاردە لە شێعرەکانی ئەم شاعێرانەدا دەبینرێت: وەک شێعرەکانی خان ئەڵماس خان و تەبرێزی کرندی و دەیان شاعێریتر... ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە زوان و ئەدەبی هورامی بۆ خۆی پرۆسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە و خاوەن هێژمۆنی بووە و وەک باقی ناوچەکانیتر لە مەودایەکی زەمەنیدا کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی /نورم، norm/ە زوانی و شیوازییەکانی ئەم پرۆسەوە، ئێستا کە ئەو دۆخە بۆ هێژمۆنی زوانی هورامی گۆڕدراوە، خۆ نایەن بەم زوانە شێعر بڵێنەوە، بە زوانی خۆیان شێعر دادەنێن، پێچەوانەی ئەم دیاردەش بەرچاوە، تا ئێستا شاعێرێکی ناوچەی هۆڕامان بەم شێوەگەلە شێعریان دانەناوە، ئەمەش جەخت لە هێژمۆنی هەمان سوننەتی - ئەدەبییەی هورامییە ئەکات کە لە رابردوودا زوانی ئەدەبی-دیوانی کوردان هەمووی بوە. بەڵام ئەوەمان لە بیرنەچێت لێرەدا من تووشی خۆویستی(خودشیفتگی) نەبووم، مەبەستی من لەم ئانالیزکردنە دژایەتی لە گەڵ ئەم پرۆسە ئاینییە و... نیە، بەڵکوو تەنیا وەبیرخستنەوەی باری «*ریتم، شێواز، فۆرم و ئەدبیاتی هورامی*»یە کە بە بۆچوونی من سەربەخۆیە و با ئاوێتەی باسگەلێکیتری لاوەکی نەکرێت با باسەکان و توخمەکان، مەنهەجیتر و زانستیر و ئاکادیمیتر بە کار ببەین و لە ئەمری واقێعی و ڕەوتی تەوسیفی و مێژووی عەینی زمانەکەمان دەرکەوێت.

لەم پێناوەدا پاش چەندین ساڵ هەڵسووکەوت لە گەڵ ئەو دیاردە، کتێبێکم بە ناوی (تەرح، جریان شناسی شعر کوردی هورامی از ابتداء تا کنون) بە زوانی فارسی نووسیوە. پێم وابووە شێعری کوردی هورامی لە نەفەسێکی بەردەوام و پرۆسەیەکی نەپساو و یەک چەشنی(١٤٠٠) ساڵە پێکهاتوە کە تا وەکوو ئەمێستاکە بە شێوەیەکی دیالێکتیکی(بزاوتوو) بەردەوامیی بە خۆیەوە گرتوە، ڕەنگە وەکوو هەر ڕەوتێکی ئەدەبی، بەرز و نەوی بە خۆیەوە بینی بێت، بەڵام لە هیچ سەردەمێکدا، نە پووکراوەتەوە و نە کۆتایی پێ هاتوە و ئێستاش لە دوو شێوازی کلاسیک و «ئەمڕۆ»دا بەردەوامە. من پێشتریش زوان و ئەدەبیاتی هورامیم ئاوا پۆلێنبەندی کردوە:

قۆناغی یەکەم: هوموزگان، یەکەم دەقی شێعری بڕگەیی هورامی (دەهەی دوەمی سەدەی یەکەمی کۆچی مانگی) سەرەتای هێرشی عەرەب بە کوردستان

قۆناغی دوەم: پرۆسەی شێعری بڕگەیی ئایینی یارسان و فەهلەویاتی ئورامەن ( نیوەی دوەمی سەدەی دوەم تا سەدەی یازدەی ک.م)

قۆناغی سێهەم: قوتابخانەی بێسارانی و وێنای داهێنان و ریتمی شێعری بڕگەی هورامی (١١ تا ١٢ ک.م)

قۆناغی چوارەم: سەیدی هورامی، جۆراوجۆری و بەردەوامی فۆڕم و ناوەڕۆکی شێعری هورامی ( ١٣ه ک.م)

قۆناغی پێنجەم: قوتابخانەی مەولەوی، وێنای هارمۆنیای فۆڕم و ناوەڕۆک لە شێعری بڕگەی هورامیدا(قرن ١٣ و ١٤ه ک.م)

قۆناغی شەشەم: پاش مەولەوی (شێعری شاعێرانی شوینکەوتووی مەولەوی سەدەی ١٤ و.. .)

قۆناغی حەوتەم: پرۆسەی نوێخوازی لە شێعر هورامیدا

o کاک عادڵ کتێبکتان لە ژێر ناوی شەبەنگی زوانی کوردی لە گاتاکانی زەردەشت بڵاو کراوەتەوە کەمێک لە بابەتی ئەزموونی کاریتان لە سەر ئەم مژارە بدوێن چۆن بوو ئاوا مژارێکی گرنگ و پڕبایەختان بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین هەڵبژارد؟

• ئەم پرسیارەش نزیکە بە پرسیاری پێشوو کە بە تەسەل باسم لە سەر کرد .کتێبی «شەبەنگ...» کۆمەڵە وتارێکی زمانەوانی- مێژووییە بە مێتۆدی شیکاری بە زوانی کوردی سۆرانی دو سێ ساڵ پێش لە کتێبی "تەرح.." نووسراوە کە باسم لە سەر کرد. من وەک وتم بەڕاستی بۆشایی ئەوتۆم ئەبینی لەم بارەوە، ئەم کتێبانە تا رادەیەک توانی ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە. ئەو دوو کتێبە واتە (شەبەنگ... و تەرح...) لە یەک ڕاستادا نووسراون، لە تەرحدا بە شێوەی مەنهەجیتر باسەکان لێکدراونەتەوە بە زوانی فارسی کە زۆرتر جێگای سرنجن بۆ چینی توێژکار و خوێندکار و ئەوانەی ئەیانەوێ لەم بەستێنەدا کار بکەن. لە تەرحدا من پلانێکم داڕشتوە بۆ ڕەوتی شێعری هورامی لە سەرەتاوە تا ئێستا کە هەر قۆناغێک ئەتوانێ سووژەیەک بێت بۆ نووسینی کتێبێکیتر، واتە رێگاکە کە جاران لێڵ و تەماوی بوو، ڕوونکراوەتەوە، ئەم ئەدەبە لە کوێوە دەست پێ دەکات؟ لە هەر قۆناغێکدا شاخێسەکان و نۆرمەکانی شاعێرانی خاوەن شێواز چین؟ بۆ نابێت پۆلێنبەندی شێوازی شێعری هورامی پشت بە شێعری فارسی و تەنانەت کوردی سۆرانی ببەستیت؟ جیاوازییەکان لەم بەستێنەدا چین؟ و...؟ لە تەرحدا و تا ڕادەیەک لە شەبەنگدا وڵامی ئەو پرسیارانە دراوەتەوە.

o بەو پێیەی کە خۆتان تا ئێستا چەندین کتێب و وتار و بابەتتان لە سەر ئەدەب و نووسینی هەورامی بڵاو کردۆتەوە پێتان وایە تا چەندە نووسەر و ڕووناکبیری کورد توانیویەتی هەڵویست و ئاوڕێکی شیاو لەم ئەزموونە ئەدەبیە دەوڵەمەندە بداتەوە؟ ئێستای ئەدەبی کوردی هەوارمی تا چەندە توانیویەتی خۆی لە گەڵ ئەزموونی ئەدەبی هاوچەرخ یەک بخات و لە ڕەوتی ئەدەبی هاوچەرخ پاش نەکەوێت؟

• لەم چەند ساڵەی دواییەدا هەوڵدراوە کە کاربکرێت بەڵام کارەکان زۆر کەمن و ڕەوشی نووسینی بابەتەکانیش جێگای سرنجن. ئێمە نیازمان بە نووسینی بابەتیانە و مەنهەجی هەیە کە بتوانێت بە باشی و زانستیانە زوان و ئەدەبی نەتەوەکەمان پێناسە بکات، دیکتە کردن و موتوربەکردن بە کەڵک بە ئەمڕۆژی کردنی ئەم ئەدەبە نایەت، دەبێ دەقی شێعر و ئەدەب خۆی ڕێگای مەنهەجی و سەردەمی بە خۆوە بگرێت. من پێم وانییە کە کەس مافی دەرخستنی ڕوانگەی خۆی نەبێ، بە پێچەوانە داکۆکی لە سەر ئەم گوزارە ئەکەم کە هەر کەسێک بۆی هەیە دەست ببا بۆ حەوزەی فرە چەشنەی ئەدەب و شێعر، بە ڕەوشتی زانستی - تەحقێقی لەم خوانە بەهرە ببات و یان پشک و داهێنانی خۆی بخاتە سەر خوانەکە. کێشەی من تەنیا بۆ نەبوون یان «هەژاری رەوش» و رەهاخوازی(موتڵەق گرایی) و بەرچاو نەگرتنی واقێعیەتی بابەتەکانە و... ئەرکی هەر ڕەخنەگرێکە کە ئاوڕ لەم دیاردە بداتەوە. ئەم وتان منەش لەم یاسا بەدەر نییە، ئەو مافەی بۆ ئەویتر پارێزراوە کە مادام شەقڵی پێوەر و ڕەوشی شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی زانستی و دۆزی نووسینی پێوە دیار نەبێ، ئەوا بە بێ لێبوردن و چاوپۆشی کردن بخرێتە ژێر تێخی ڕەخنە و لۆقەت گرتن، زۆریش خوشحاڵ ئەبم.

چەند دەهەیەکە شێعری یەک هەناسە و یەک چەشنی شێعری بڕگەیی کلاسیکی هورامی جێی بە بزاڤی شێعری هاوچەرخ و ئەمرۆژیانە داوە و وەک پڕۆسەی تازەگەری دەستپێکردوە. ئەم جووڵە ئەگەرچی دێر بەڵام هاتوەتە نێو گۆڕەپانی نوێخوازیی شێعری کوردییەوە. خاڵی بەرچاو لەم پڕۆسەدا کرانەوەی ئاسۆیەکە بۆ شاعێرانی لاو، کە خەریکن بە لەونێکیتر لە شێعری ئەمڕۆی هورامیدا گۆپکە دەکەن. مادام لە ماندوویەتی، خوێندنەوە و داهێنان و سلووکی هونەری و بەردەوامی نەهەراسرێن و بگەنە «خود دەوامی» بێگومان داهاتووی شێعری هاوچەرخی هورامی هی ئەوان بێ. وێڕای حوزووری چەند دەقی کارا و دەست پێکردنی ئەم ڕەوتە و هیوا بە دوارۆژ، کەچی هێشتا ساوایە و بە تەواوەتی جێگیر نەبوە بێگومان هەندێ خاڵی لاواز و بۆشایی بۆتیقایی(فەنی شێعر) و میکانیزمی داهێنان تێیدا دەبینرێت کە بە

هیوایین لە ئایندەیەکی نزیکدا بە لە دایکبوونی دەقانی باشتر ئەم بۆشاییە پڕ بکرێتەوە.

o بەو پێیەی سەردەمانێکی دور و درێژ هەوارمی زوانی شێعر و ئەدەب و هەروەها زوانی ئایینی بەشێکی زۆر لە نەتەوەکەمان (یارسان)ە پێگەی ئێستای زاراوەی هەورامی لە زوانی پێوەری کوردی چۆن دەبینین و هەڵدەسەنگێن، ئەم زاراوە تا چەندە توانیویەتی وەک زاراوەکانی دیکەی زوانی کوردی لە پێگەیاندنی ئەم زمانە رۆڵ و کاریگەری هەبێت و دەور بگێڕێت؟

• پێویستە بەر لەوەی وڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، وەک ڕاستیەک ئەمە بدرکێنم کە ئەو پێوەر گەلە کە لە حەوزەی زوانەوانیدا هەیە ئیجازە نادات کە بۆ هورامی دەستە واژەی زاراوە بە کاربهێنم بۆیە پشت بە بەکارهێنانی لێکدرواەی تەوسیفی «زوانی کوردی هورامی» دەبەستم، کە زانستیترە. زوانی کوردی سورانی، کوردی هورامی، کوردی کەڵوڕی، کوردی بادینانی و... کێشەی ئێمە ئەوە نییە کە خۆمان خەریک بکەین بەم باسە لاوەکیانەوە کە چە دەستەواژەیەک بەکار بهێنین بۆ ئەم بابەتە. زوان پڕۆسەیەکی سڵۆک، ئەفڕینەر، بەرفراوان و فرە مەدلوولی، بەڵام رێژەییە و کە دایم لە تازەبوونەوە دایە و بە هیچ داوێکی داسەپێنەر نابەسرێتەوە تا پۆلێنبەندیی ئایدیۆلۆژیکی و... بۆ بکەین، ئەم زوان بۆ ئەو زوان جیاوازییەکیان هەیە و کارکردێک. ئێستا کورد دەبێ تەرکیزی لە سەر دۆڵەمەندکردنی زوانی نەتەوەیی بێت، زوانی نەتەوەیی تەنیا هورامی، سۆرانی، بادینانی، کەڵوڕی و... نییە. زوانی کوردی خێزانە، وەک خێزانی هەموو زمانە زیندوەکانی جیهان، کە شێوەکان ئەندامی ئەم خێزانەن. بەڵام جیاوازییان هەیە کە ئەمەش زۆر ئاساییە، ئەم تێرمە جیاوازانە نابنە هۆکاری ترازانی رۆحی نەتەوایەتی و کورد یەک نەتەوەیی کە چەند زوان و یەک نەتەوەی زۆرمان لە دنیای فرەرەنگە و فرەدەنگەی ئێستادا، ئەم فرە زوانەش هیچی لەگەڵ یەک نەتەوە بوون دژبەر نییە. زوانی کوردی هورامیش ئەندامێکی کارا و رۆڵبەخش بووە لە ساغکردنەوەو و دەستەبەرکردنی چییەتی

نەتەوەی کورد، دەبێ نەخشی هەبێت. باوەکوو لە باسەسەرەکییەکانی زمانەوانی وەکوو: گرامێر(سەرف و نەحو)، فۆنۆلۆژی و دەنگ ناسی و مۆرفۆلۆژی و کارکردە بنەماییەکانی زوانەوانیدا لە گەڵ ئەوانیدیدا جیاوازە. بۆیە من لە سەر ئەم بابەتە داکۆکیم کردوە و ئەیکەم:

کە لە بەستێنەی زانستی زواندا، تێئۆری و مێتۆدۆلۆژی وامان بۆ جیاکردنەوەی «زوان، زاراوە، بن زاراوە و سەرزاراوە و ...» نییە و لە تێزی هیچ زمانەوانێکدا نەم بینیوە کە زوانی بە زاراوە، نیمچە زاراوە و چارەکە زاراوە و...دابەش کردرابێت. مادام ڕەهەندی «زانستی زوان»، کە بە ڕووکردی واقێع ناسی و پرەنسیپەکانی سایکۆلۆژیانەی(تەوسیف و بەرچاوگرتنی توخمەکان) هاتە شرۆڤاندن، ئیتر تەجویز و نواندنی نوسخەی جۆراوجۆر کاریگەری نابێت بۆ دابەزاندنی ئاستی زوان. زوان هەر زوانە بەرز و نەوی بۆ نییە، ئەم پۆلێن کردنە تەنیا لە حەوزەی سیاسەت و چێژی دەسەڵاتدا دەبینرێت، نابێت لە ورووژاندنی ئەم باسە بنەڕەتیانەدا ترسمان هەبێت، ئەمە تەنیا وا لە ڕاستای دۆڵەمەند کردنی زوانی کوردیدا.

ئێستا بەرێزگیان بەو پێشینەوە کە خۆت لە سەرەتای پرسیارەکەتدا ئاراستەت کردوە، ئیتر کەی شیاوە، هورامی تا نرخی زاراوە دایبەزێنیت. پرۆسەی بە«ئیستانداردکردن»یش لە کوردیدا بە تەواوەتی سەقامگیر نەبووە و بە پێی خسڵەتی بزاوتوویی و ئەفڕاندنییێتی، سەرووەمڕ لە «بزاڤ» و «بەردەوامی»دایە و سەقامگیریشی بەستراوە بە داهاتووی کوردەوە. بە پێی هەندێ هۆکاری زوانی، ئەگەر دەڵێن کوردی سۆرانی زوانی پێوەرە، دووبارە لە گەڵ ڕۆحی چۆنییەتی ناوزەدکردنی زواندا هیچ دژبەر نییە. بۆیە من باوەڕم بە هەبوونی زوانێکی پێوەندی بۆ کورد هەیە کە نیازێکی هەنووکەیی و یەکجار پێویستە بۆ پێوەندییە دەرەکییەکان. لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا ئەوەش بڵێم کە بەر چاو نەگرتنی ئەندامی خێزانی زوانی کوردی و پرەنسیپەکانی زانستی زوان یانی تەریک کردنی شێوەکانیتر، واتە: «ئیفلیج کردن و نەزۆکماننەوەی زوانی نەتەوایەتی».

هورامی بڕبڕەی پشتی زوانی نەتەوەییە، تۆ بتەوێ مێژووی ئەدەبیاتی نەوەی داهاتوو بنووسێت بە پێچەوانەی مێژووی ئەدەبی عەلائەدین سەجادی و د. مارف خەزنەدار و باقی کتێبە مێژوویەکانیتر کە ئاخێزگەی ئەدەب و شێعری کوردی بە بابا تایەر لە سەدەی چواری کۆچی دەبەستنەوە، دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ دەقە شێعری «هورمزگان» لە دەهەی دوەمی کۆچی و «ماریفەتوو پیرشالیاری» و بهلول ماهی (نیوەی دومی کۆچی) و بابا سەرهەنگ دەودانی و... کە لە کتێبی تەرحدا بە تەسەل باسیان لە سەر کراوە، یانێ بەم شێوە کە دەقی بەرچاو و کونکرێت ئەمە ئەسەلمێنێ، چوار سەدە ئیمە دەکەوینە پێش فارسەکان لە دەقی شێعردا. دەی ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ پێگەیاندنی ئەو زمانە نەتەوەییە کە جەنابت ئاماژەی پێئەدەیت. بە ئەوەش بزانین هەیکەلی زوانی یەکگرتوومان بە گشتمانەوە، بە هەیبەت و قورس و رەنگینتر ئەنوێنێ. ئەمە عەینی شارستانییەت، مەدەنیخوازی، دێمۆکراسی زوانە و رێزنانە لە هەرێمی کەرامەتی ئەویتر.

o کاک عادڵ وەرگێڕان هەمیشە دەروازەیەک بووە بۆ ناساندنی شوناسی مرۆیی و لایەن و ڕەهەند جیاوازەکانی بیرکردنەوە و تێڕامانی گەل و نەتەوە جیاوازەکان بە یەکتری و لەم بابەتە هەوڵێکی چڕ و پڕ لە نێو کوردا دەستی پێکردوە و ئێستاکە هەر لەم پێوەندییەدا لە باشووری کوردستان چەندین ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە کار و چالاکی بەردەوامیان هەیە و تا چەندە ئاگاداری ئەم هەوڵ و چالاکییانە لە بواری بوواژندنەوە زوانی کوردین و بە تایبەتی ئەوەی کە جەنابتان ماوەیەکی دوور و درێژە بەرپرسی گۆڤارێکی وەک زرێبارن و لەم پێوەندییەش دا زرێبار دەستی رەنگین بووە، رۆڵی وەرگێڕان لە ئەزموونی گەلان و بە تایبەتی ئێستای گەلی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

- بە گشتی پرۆسەی وەرگێڕان رولێکی کارای هەیە بۆ ناسین و ناساندنی نەتەوەکان و وڵاتان بە یەکدی، لە مەودای مێژووی وەرگێڕاندا چەندین چەمکیش لە لێکدانەوەی باری چۆنێتی وەرگێڕاندا ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە کە جیاوازی ئەوتۆیان

پێکەوە هەیە و ڕۆڵی جیاوازیشیان گێڕاوە. وەک مێژووی وەرگێڕان لە دیدی کلاسیکییەکان، پیکهاتەخوازەکان یان بنەماشکێنەکان و...کە هەر کامیان دیدێکی تایبەتیان بۆ دەقی وەرگێڕان هەبووە و ئێستاش بە ڕەهەندێکیتردا دەچێت. لە پێناسەی کلاسیکیی وەرگێڕاندا هاتوە:

«وەرگێڕانی باش وەرگێڕانێکە کە وەرگێڕ بتوانێ نورمەکانی «شێواز»ی زوانی «سەرچاوە» بۆ زوانی «مەبەست «دابەزێنێ و بە دروستی واتاکان جێبەجێ بکاتن. لە ڕوانگەی «بنەما شکێنی»دا، خوێنەر پێویست ناکات بۆ خوێندنەوەی دەق «ڕەمزگەردانی و ڕەمزگوشایی» بکاتن تا بگاتە «زێهن»ی دانەر، بەڵکوو وێڕای چێژ وەرگرتن لە پڕۆسەی خوێندنەوەی دەقەکە، دەنیشێتە جیگەی خودی«دانەر». لەم ڕوانگەدا، «وەرگێڕ» یەکێکە لە خوێنەرانی ئەو دەقەی وەریگێڕاوەتەوە. جیاوازی «وەرگێڕ» لە گەڵ خوێنەرانیتر ئەوەیە، کە چێژی خوێندنەوەکەی(هەمان وەرگێڕاندن) لە مەقام و جێگای دانەردا، لە قاڵبی «زمان»ێکی جیاواز(زوانی مەبەست) قەرار ئەدات. کە نازانم لە وەرگێڕانی ئێمەدا تا چە ڕادە وەرگێڕانەیان ئەوەدندە بەرز و وزەبەخشە کە وەرگێڕ بگاتە ئاستی داهێنان و داهێنەری و کۆمەڵایەتی و ...ئوروپاییەکان هەر لە مێژە سەرقاڵی کاری وەرگێڕان بوون کە لە چاو نەتەوەکانیتر مێژوویەکی درێژخایەنیان هەیە.

مێژووی سەرهەڵدانی وەرگێڕان لە نێوان زوانەکانی سەنسکریت، پالەوی، عەرەبی، یۆنانی و فارسی نوێ بۆ سەدەکانی(٢) و... دەگەڕێتەوە. وەرگێڕان لە سەنسکریت و پالەوی بە عەرەبی، کلیلە و دمنە لە پالەوی بە زوانی عەرەبی و پاشان بە فارسی وەرگێڕدرایەوە و... وەرگێڕان بە عەرەبی لە سەردەمی ئومەوییەکاندا سەریگرتوە. بە شێوەی مۆدێرن لە ئێراندا وەرگێڕان بۆ سەردەمی قاجار و مەشرووتە و چاخی چاکسازی و بێداری(تجدد) دەگەڕێتەوە کە هەندێ دەق بۆ یەکەم جار لە زوانە ئوروپاییەکانەوە بۆ زوانی فارسی وەرگێڕدراونەتەوە. سەرەتا لە سەدەی سێزدەی ک.م عەباس میرزا بۆ چاکسازی لە سیستەمی سەربازی و لەشکری بە شێوەی ئوروپاییەکان و پێکهێنانی ئەرتەشێکی مۆدێرن، بەرێوەبەرایەتیەکی وەرگێڕانی دانا بۆ

وەرگەڕاندنی دەقە ئیدارییەکانی پێوەندیدار لە زوانەکانیترەوە بۆ زوانی فارسی. بە دانانی مەدرەسەی (دارالفنون، ١٢٦٨ ک.م/١٨٥١م) و نیازی خوێندکاران بە دەقە زانستی- پیشەییەکان وەرگێڕان بۆ زوانی فارسی پەرەی سەند. کتێبی «حاجی بابا» لە نووسینی «جیمز موریە» لە لایەن «میرزا حبیب ایٚفهانی (١٢٧٦ ک) وەرگێڕدرایەوە کە لەو دەمەدا ناوبانگییەکی باشی دەرکرد و کاریگەریی ئەرێنی لە سەر باری رۆشنبیری نەتەوایەتی ئێران دانا. هەر لەم سەردەمەدا تا سەرکەوتنی شۆڕشی مەشرووتە و سەردەمی رەزاخانی و پالەوی و ...لە هەموو بوارەکاندا وەک پێویستییەکی سەردەمیانە، وەرگێڕان لە ئێراندا گەشەی بەرچاوی بە خۆوە گرتوە و ئێستاش بەردەوامە. ئەڵبەت پێشتر بۆ بانگەشەی ئایینی و مەزهەبی هەوڵدرا بوو کە دەقە فارسییەکان بۆ زمانەکانیتر وەربگێڕدرێت.
ژانری وەرگێڕان لە مێژووی کورددا زۆر ساوایە و تەمەنی کورتە، کە هۆکاری ئەمە بووە کە چلۆن کورد دێر دەستی پێکردوە دیارە وەک باقی ژانرەکانیتر دەگەڕێتەوە بۆ باری سیاسی، کۆمەڵایەتی لە رابردوو و نەبوونی پێوەندی لە گەڵ دنیا و بێبەش لە داموودەزگای وەرگێڕان و... ئەلفووبێی ئێمە بە شێوەیەکی تا رادەیەک ئەمڕۆژی لە رۆژنامەی کوردستانەوە دەستی پێکرد، لە رابردووی دووردا نووسەران و رۆشنبیرانی کورد نەیانتوانیوە کۆچبەری وڵاتان ببن و لە زێدی خۆیان قەتیس ماونەتەوە. ئێمە لە رابردووی دووردا هیچ دەقێکمان نییە کە بە زوانی کوردی وەرگێرابێتەوە. لە سەدەی حەڤدە و هەژدەی زایینیدا خانای قوبادی (١٦٧٢-١٧٥٤)ئەم تێرمەی تێپەڕاند و "خەسرەو و شیرین"ی نێزامی گەنجەیی شاعێری بەرزی سەدەی شەشەمی ک.م ئەدەبی فارسی کە ئەویش بە رەچەڵەک کورد بووە و دایکی ناوی "رەییسەی کورد" بووە، ئەم دەقەی بە زوانی کوردی هورامی وەرگەڕاندەوە کە ئەمە دەتوانێ ئەوەڵین وەرگێڕی دەق بۆ زوانی کوردی ناو ببەین. لە سەدەکانی نۆزدەی زایینی، بۆ بانگەشەی ئایینی و مەزهەبی هەندێ دەق لە زوانەکانیتر(عربی و فارسی) بە ئەلفووبێی عەرەبی بۆ زوانی کوردی وەرگێڕراونەتەوە. وەک مەولوودنامە، عەقیدە نامە و مێعراجنامە. قەشە مەسیحییەکان لە ناوچەی حەکاری و... چەند دەقێکی ئایینیان

به کوردی وەرگێڕاوەتەوە... ناوەندی توێژینەوەی کوردی لە روسیە کتێبێکی سێ بەرگی لە بارەی کوردانەوە نووسی کە هەم بە زوانی ئاڵمانی وەرگێڕدرایەوە و هەمیش فەرهەنگۆکێکی بە زوانی کوردی-رووسی بۆ نووسی... لە سەدەی بیستی زایینی بەملاوە چەندین دەق بۆ زوانی کوردی وەرگێڕدراون کە جێگای سرنجن. لە قۆناغەکانی پێشوو و هەنووکەش گۆڤارەکان توانیویانە لەم بوارەدا دەور پۆزەتیڤ بگێڕن و ئێستاش بە پێی هەل و مەرجی گونجاو ئەم هەوڵە بەرەو پێش دەڕوات و جیگای زۆر خوشحاڵییە. وەرگیڕان وەک ئاماژەتان پێداوە دەروازەیەکە بۆ ناسین و ناساندنی ئەویتر، کە ئەم ڕووکردە بۆ ئێمەی کورد زۆر پێویستە و ئەم هەوڵانەش لە ناخدا جێگای ڕێزن بەڵام هێشتا زۆرمان ماوە کە بگەینە ئاستی ئیدەئالی خۆمان.

o لە نێو گەل و نەتەوەکانی دنیا دا شاعێران و گەورە پیاوانی بوواری ئەدەب و ڕۆشنبیری توانیویانە سەر بە ماڵی گەل و نەتەوەکانی تردا بکەن و لە باری ئێستاتیکی و جوانی ناسی خەیاڵ و هزری یەکتر دەوڵەمەند و ئاسۆی ڕۆانینیان بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی تێکەڵ بە یەکتر بکەن و ئەمەش بە وەرگێڕان و گواستنەوەی لایەنی رۆشنبیری و دنیابینی ئەو شاعێر و نووسەرانە بۆ زمانەکانی دیکە هاتۆتە گۆڕێ، پێتان وایە ئێمەی کورد لە ناساندنی گەورە شاعێرانی خۆمان وەک مەولەوی تاوگۆزی، خانای قوبادی، بێسارانی، نالی، مەحوی، جگەر خوێن، ئەحمەدی خانی و ... چیمان کردوە؟ یان بە ڕاستی هەر هەوڵ و کۆششێک لەم بوارەدا لە ئارا بووە؟ ئەگەریش بووە تا چەندە شێلگیرانە و سەرکەوتوو بووە؟

• ئەمە نیازی بە پێوەندییەکی دو لایەنە و دیالێکتیکی هەیە لە گەڵ گەلانیتردا. ئەم پێوەندییەش ژانری وەرگێڕان ئەنجامی ئەدات. هەر وەها کە ئاماژەم پێدا لەم بوارەدا ئێمە ڕێگای نەبرِیومان زۆر ماوە کە ئەبێ تاقی بکەینەوە تا بتوانی کەسایەتیەکانی نوخبەی ئەدەبی و هزری و رۆشنبیریمان بە گەلانیتر بناسێنین.

o کاک عادڵ لە ئێستای پرۆژەی کاری و رۆشنبیریتان چیتان لە بەردەست دایە و ئەگەر بشێت پێمان خۆشە لەم بابەتەش باس بکەن؟

• ویڕای سەرقاڵ بوون بە گۆڤاری زرێبار و تەرکیز لەم پێناوەدا، من چەند کتێبم بە ناتەواوی ماونەتەوە، کێشەکان بە تایبەت لە بواری تەندروستیدا، ڕێگرن، نازانم لە داهاتوودا چۆن ئاراستە دەکرێن.

o لە کۆتایی دا من پرسیارێکم نەماوە و ئەگەر ئێوە قسەیەک یان شتێک کە پێتان وایە شیاوی ئاماژە پێکرد و سرنجدان بوو بەڵام لە پرسیارەکان دا ڕەنگ و دەنگی نەبوو دەتوانن باسی بکەن و سرنجی بخەنە سەر.

• بە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک

*ئەم دیمانە

لە گۆڤاری ڕامان

(ژ ٢٢٣)

چاپ و بڵاوکراوەتەوە

# ب) بەشی فارسی

# با دکتر قطب الدین صادقی

## نویسندة، کارگردان تأتر و استاد دانشگاه

**مصاحبه کننده:**

**عادل محمدپور**

.......................................



....................................

**❏جناب دکتر صادقی شما به عنوان یکی از سرمایه های فرهنگی هنری کرد مطرح و شناخته شده اید، در این باره چه دیدگاهی دارید؟**

**■ من این را بیشتر یك تعارف می دانم. من سرمایه نیستم بلکه آدمی هستم که یك کمی تجربه کسب کرده ام، یك کم درس خوانده ام و یك کمی هم کار کرده ام و الان هم دارم تلاش می کنم که نگذارم عمرم مفت تلف بشود تا آن جا که در توانم**

باشد برای کارتولیدی در توانش می گیرم. این محبت شما را درك می کنم با دید مهر به من نگاه می کنید و امیدوارم لیاقت این جمله ی شما را داشته باشم.

❑ آیا می توان ادعا کرد که نوعی نمایش با هویت کُردی وجود دارد یا می توان به وجود آورد؟

■ما جنبه های نمایشی یا آیین ها و مراسمی داشته ایم در طول تاریخ بخصوص از دوره ی کشاورزی و نشانه هایی هم مال شیوه ی دامداری داریم در طول تاریخ هر وقت برای شیوه های معیشتی مان دچار مشکلی بوده ایم برای نزدیکی به ایزدان و یا مهارکردن خشم نیروهای برتر طبیعت برخی روش ها و شیوه ها ابداع کرده ایم که همیشه کارساز بوده اند، بین ما و طبیعت و جامعه و ارتباط برقرار کرده اند. این ها شیوه های نمایشی دارند ولی تئاتر نیستند. تئاتر به مفهوم مدرنش یك شیوه ی تولید خودآگاه است که درآن عده ای هنرمند، عده ای که تخصصشان همین است سعی می کنند دست به تولید بزنند، تولیدشان بر اساس نوآوری است. براساس نیازهای فکری و عاطفی و نیازهای روان جامعه است و این ها نقطه نظرهایی دارند. در مورد مسائل و بخصوص در این هنر برخلاف هنر سنتی ویژگی بسیار جذابی دارد هنرمند با ابداعاتش و با خلق آثارش از ابتدا قصد دارد در ساختار فکری جامعه حضور پیدا کند یك وجه انتقادی دارد یك وجه سازندگی دارد و کژی ها و کاستی ها را نشان می دهد و آرمان ها و امیدها راهم تا آن جا که بتواند گوش زد می کند و این عملکرد در هنر سنتی ما نبوده، هنر سنتی بر اساس تکرار و تحکیم مبانی یکی بودن فرد یا جمع بوده است.

درمانی که هنر نو بی هیچ تردید هدف خود را این طور تعریف می کند که وحدت ظاهری فرد بشکند تا از نو به یك تعریف دوباره برسد و این تعریف دوباره در جهت بهینه سازی این روابط و در جهت تعالی شرایط اجتماعی، اخلاقی و فکری و معنوی است.

**❑ چه گام هایی در راستای توسعه و ترقی نمایش کُردی برداشته اید؟**

**■ نمایش پدیده ای است که با جامعه ی شهری سروکار دارد تا تمام این آیین ها که عرض کردم، همه مال شیوه های معیشتی روستایی و دامداری است، می تواند مال زندگی و فرهنگ روستایی باشد. در فرهنگ شهری که از مهمترین ویژگی هایش نهادهای تعریف شده ی اقتصاد، سیاست و دیگر جنبه های زندگی مدرن مثل ساختارهای نوین مثل احزاب و غیره و غیره این جا یکی از مباحث بسیار اساسی دمکراسی است برای این که جمع باید به تفاهم برسد و بتوانند باهم دیگر حرف بزنند و انتقادها را بروز بدهند. فرهنگ تئاتر در دامن چنین ساختارهای اجتماعی و در دل چنین فرهنگ اجتماعی رشد می کند یعنی تا دمکراسی نباشد امکان ندارد فرهنگ تئاتر به وجود بیاید و زندگی شهری ما به معنی مدرن آن بیشتر از صد یا صدوپنجاه سال است. الآن قدرت تصمیم گیری مبحث سیاسی، اقتصادی و فرهنگی ما صد، صد و پنجاه سال است در شهرهای بزرگ صورت می گیرد و قبل از این درچارچوب زندگی فئودالی بود، این یك مفهوم جدید است و با شیوه ی زیست اجتماعی جدید، معنا پیدا کرده است می بینیم هرقدر زندگی اجتماعی ما گسترده تر می شود، هرقدر نهادهای مدرن درآن بیشتر پا می گیرند ضرورتاً تئاتر به عنوان یك دستگاه فکری به عنوان یك دستگاه تولید هنرو اندیشه و معنویت بشر خود را نشان می دهد و این به نظر من روز به روز بیشتر ضرورت خودرا نمایان می کند و باید بکوشیم پای به پای این وسعت گرفتن زندگانی شهری این نوع تئاتر هم گسترداده بشود. خوشبختانه اکنون در همه ی شهرها مجتمع های فرهنگی داریم. گروه ها بودجه های مخصوص کلاس های مربوط به این کار دارند، وجود جشنواره ها هم نشان از گسترش روزافزون این هنر دارد و تلاشی است که هنرمندان وقشر فرهنگ ساز انجام می دهند و یقیناً با قوام بیشتر که این نهادها تلاش کنند برای یافتن مفهوم واقعی فرهنگ نمایش، که اگر منطبق باشد بر شرایط اجتماعی ما، بیشتر خود را نشان می دهد. تلاش های زیادی صورت گرفته است و این تلاش ها هم در یك حد مثبت نبوده اند، کورمال کورمال بوده است. تلاش در اوایل تقلیدی بوده است. الان مدتی**

است فکر می کنم است بخصوص از ۲۰،۲۵سال پیش این شکل اصیل تر و فرهنگی تری پیداکرده و در آینده هم من تردید ندارم که به تعاریف دقیق تر و یك عمل منظم تر و به سامان تری دست پیدا کنیم.

❑ با توضیحات جنابعالی باید هنر «درام» در ایران هنر نوپایی باشد.

■ کاملاً برای این که اساساً زمانی که ما به طرف تئاتر دیالوگی نوع غربی اش رفتیم، در دوره ی ناصری بود همه اش ۱۵۰-۱۶۰ سال است و دقیقاً با این ایده رفتیم که از ساختار جامعه انتقاد کنیم، یعنی ما با عملکرد اجتماعی، انتقادی تئاتر را شروع کردیم تمام شکل های سنتی و کهن مثل تعزیه، مثل روحوضی، مثل عروسکی وجود داشتند. ولی دارای چنین صراحت دارای چنین تعریف شفافیتی نبودند. به همین دلیل هم آن ها نتوانستند به نیازهای روزانه ما پاسخ بدهند و اهل فکر، اندیشه، هنر به دنبال شکلی رفتند که بتوانند این مهم را بهتر به جا بیاورد و به همین دلیل ما به طرف تئاتر و دیالوگی نوع فرهنگی رفتیم که اساس آن بر عدم تفاهم است؛ دو نیرو، دوشخص، یا دو قشری که بالاخره ماحصل ستیزه و درگیری آن ها نتیجه ای است که راه گشای زندگانی فکر و سیاست مردم است.

❑ در سفری که به کردستان عراق داشتید از شهرهای سلیمانیه و اربیل و... دیدن کردید وضعیت هنر مردم را در آن جا چگونه ارزیابی می کنید؟

■ به نظر من آن جا به یك هویت دقیق تری دست پیدا کرده است. از نظر فرهنگی به رغم همه ی مشکلاتی که دارند بسیار غنی اند، مجموعاً ۸۵ مجله و روزنامه که به نظر من توفیق بسیار بزرگی است که تیراژ آن ها بالاست، کتاب بسیار زیاد چاپ می کنند، خیلی مطالعه می کنند و در چارچوب این زندگی فرهنگی بخصوص چون سینمایی هم وجود ندارد، البته تلویزیون دارند، ماهواره دارند، از این امکانات برخوردارند؛ ولی تولید شخصی اشان تولید خاص خودشان از نظر هنر نمایشی منحصر است به تئاتر، من چند تئاتر تجاری دیدم، تئاتر دانشجوئی دیدم، تئاتر هنری دیدم و همه ی این ها با استقبال خوب مردم رو به رو می شود، کیفیتشان

خوب است، خوب بازی می کنند. هر چند که از نظر امکانات فنی؛ پروژکتور، نور و صدا و این ها در مضیقه هستند  و نویسنده های خوبی دارند، تلاش کرده اند، مسایل اجتماعی شان را با روح فرهنگی جامعه خودشان خوب پیوند بدهند و ارتباطشان با تاتر دنیا بد نیست،کم است، اما درست است.

❑ غیر از هنر نمایش سایر شعبه های هنری و ادبی دیگر چطور؟

■ عرض کردم از نظر شعر و رمان نویسی و پژوهش، کارشان خوب است. اخیراً هم یکی دوتا نهاد فرهنگی و انتشاراتی مثل «سەردەم» و... این ها درست کرده اند که به تمام مباحث «نقد جدید» می پردازند. من بسیار در شگفت و خوشحال شدم که دیدم آنها با آخرین مسایلی که «فلسفة و نقدمدرن» دارد؛ اشراف دارند از «دریدا» از «میشل فوکو» از «بارت» از «باختین» ترجمه و تالیف دارند، منتقد دارند و مترجم دارند و خیلی خوب است. تلاش کرده اند، نقد جدید را هم وارد فضای فرهنگی فکری خودشان بکنند و به این نیاز اساسی که رفتن به سوی «مدرنیتة» با این وجه انتقادی است خیلی خوب جواب داده اند.

❑ اگر ممکن است ارزیابی ای از شرایط فرهنگی اجتماعی سیاسی آن جا داشته باشید.

■ مشکلات سیاسی آنها، دارد حل می شود. آن تناقضاتی که وجود دارد، دارند، حل می کنند. مشکلات اقتصادی زیاد است. زمانی که ما آن جا بودیم در روزها ساعت بیشتر برق نداشتند و اگر کمك های غذا در برابر نفت سازمان ملل نبود؛ شاید نمی توانستند، به نیازهای نخستین بیولوژیك خودشان جواب بدهند. اما به رغم همه ی این ها کمك های مردمی شان برای دست یابی به جامعه ای دارای هویت، دارای روح آزادگی و جامعه ای که کوشش می کنند بر پاهای خود بایستند. من متوجه شدم خیلی خوب دارند به آن می رسند، خیلی خوب مشکلات را تحمل می کنند و این به نظر من جای تقدیر و سپاسگزاری است که این ملت می تواند با مشکلات پنجه در

پنجه بیفکند و در حد توان آن را بر طرف کند و برای دست یابی به آرمان هایش مشکلات را با جان بخرد.

❑ خاستگاه و منشأ پیدایش هنر نمایش چیست؟ آیا انسان کُرد با توجه به داشتن پتانسیل های فرهنگی و زبانی که آن ها نیز حضورش را در هستی تثبیت می کنند، نمی تواند دارای خاستگاهی برای پیدایش نمایش داشته باشد؟

■ دو منشأ برای  پیدایش وجود دارد؛ که یکی مسأله ی خود روایت کردن است. برای این که در هر بار که شما روایت می کنید، به دنیا یك معنا می بخشید. منشأ روایتی هم از آن لحظه است، که انسان برای کشتن ترس شبها به دور آتش حلقه می زد، پشت به تاریکی می کرد و برای سرگرم شدن، داستان شکار روز یا حوادثی روزانه را تعریف می کرد، دلبسته ی این تخیل بودن تنها به خاطر کشتن ترس نیست، بلکه به خاطر ارتباط با یکدیگر هم هست؛ یکی این است که روح حماسی درآن است، روح روایی درآن است، و یکی هم منشأ آیینی دارد. منشأ آیینی، به این معنا است که مراسم و آیین هایی به وجود آورده است، تا بین خودش و ایزدان مثبت ارتباطی به وجود بیاورد و احتمالاً از شر ایزدان بد هم در امان باشد و برای این که کار مهم ترین چیزی که پیدا کرد، خود مسأله قربانی است، مسأله ی فدیه است و مسأله ی نمادهایی که به کار می رود و نشانه هایی که به هرحال به کار می برد، برای این تقرب یا این دوری جستن. تقرب به درگاه ایزدان خوب و دوری جستن از نیروهای شر و دست یافتن به این روح قدسی جهان، این دو منشأ دردو زاویه امتداد پیدا کرده اند تا به امروز؛ یکی تئاتری که ناظر بر مسائل اجتماعی است و یکی تئاتری که ناظر بر معنویت و درواقع متافیزیك است هرکدام هنوز نشانه هایش وجود دارد و همان طور که در ابتدا گفتم ما برای هردو چیزهایی داشته ایم، چیزهایی به وجود آورده ایم و شکل هایی آفریدیم که این ها تئاتر نیست جنبه های نمایشی دارد، آئین ها و مراسم هایی است که هدفشان خلق تئاتر خودآگاه روز نیست، تکراری است که از طریق این تکرار و آیین ها و مراسم بین افراد یك جامعه و بین جامعه و

طبیعت بین فرد و طبیعت یك تفاهم به وجود آورده اند و هدف تحکیم مبانی اعتقادی و تقویت ناخودآگاه جمعی است. در حالی که که من فکر می کنم هنر مدرن یکی از بزرگترین اهداف اش تقویت عنصر خودآگاه انسان است و اگر بتوانیم چنین تئاتری بیاوریم دراین راستا باید حرکت کنیم و این آئین های گذشته هم اگر بتوانیم به عنوان مصالح دستمایه ها و نوشته ها و شکل هایی که می تواند راه گشای ما به سوی تئاتر باشد بتوانیم آن ها را به کار بگیریم و در نتیجه صاحب تئاتری که هم در جهت تحکیم ناخودآگاه قومی ما باشد و هم در جهت به دست آوردن آگاهی های روز و آگاهی های جدید و خودآگاه.

❑ با توجه به این که درتمام زمینه های اجتماعی، فرهنگی و سیاسی ما دچار بحران هستیم، حالا ممکن است، ما راه گذر را بلد نباشیم به نظر جنابعالی راه گذر از این بحران چیست؟

■ اساساً نه تنها ما بلکه تمام جهان سوم، مهم ترین مسأله ای که داریم، جنگ «سنت و مدرنیتة» است از یك طرف عمیقاً درطیر شکل های تفکری، شکل های زیستی، شکلهای اقتصادی، شکل های اجتماعی و سنتی هستیم از طرفی دیگر با تمام وجود درحال پرتاب شدن به سوی جهانی بسیار مدرن هستیم که شیوه ای ارتباطی شیوه ای اقتصادی و فرهنگی و فلسفی نوینی را مطرح می کند. ما باید از قافله ی تمدن عقب نمانیم و این خردگرایی که اساس این زندگی و تفکر مدرن است، دست پیدا کنیم و البته تنها خردگرایی نیست. به عنوان شیوه های زندگی مدرنیته، یکی دیگر تکنولوژی است، تکنولوژی اتمی که ما داریم فقط استفاده از ابزار تکنولوژی مدرن می کنیم. مثل ماهواره و تلفن و هواپیما و کامپیوتر و این ها ولی یك چیز دیگر در مدرنیته وجود دارد آن هم انتقاد است. از روح مدرنیته و نکته ی سومی که در این مدرنیته وجود دارد که ما باید به آن برسیم به وجود آوردن ساختارها و تشکیلات نوین است که زندگی اجتماعی نوین می طلبد. مثلاً همین نهادهای فرهنگی، احزاب، تشکلات و انجمن ها و از این قبیل...

این ها است آن چیزهایی که باید به آن بپردازیم و من فکر می کنم که حالا در چارچوب هنر تئاتر اگر ما بخواهیم دقیق تر به این بحث بپردازیم من می گویم برای این که سردرگم نشوید از بهترین راه حل های ما رسیدن به تئاتر ملی است؛ رسیدن به تئاتری که دارای رنگ و بوی خودمان باشد؛ به نیازهایمان از نظر فکر و اجتماعی پاسخ بدهد و ما را از دنیا قطع نکند، خود شیفته مان نکند و وجه انتقادی از این فرهنگ راداشته باشیم، کورکورانه همه چیز را نپذیریم و دست به انتخاب بزنیم. آن چه را که سره است و درست است انتخاب کنیم و آنچه را مذموم و مطرود است؛ کنار زده شود و روح فرهنگ را پویا کنیم و این فرهنگ را به جهان مدرن هماهنگ بسازیم.

❑ این هنر مدرنی که جنابعالی از آن بحث می کنید، آیا اساساً هنر ما، این پتانسیل را در خودش دارد؟

■ بله من گفتم هنر ملی؛ نگفتم هنر مدرن. این هنر ملی، باید مجهز شود به شیوه ها و تفکرهای مدرن. من فکر می کنم، این پتانسیل در همه ی ما هست . قبل از هر چیز در ما باید به عنوان انسان وجود داشته باشد. من نمی توانم تمام پیشرفت های امروز را انکار بکنم. من الان دیگر نمی توانم سوار کجاوه بشوم و با قاطر سفر کنم. چون نمی توانم این کار را بکنم، چون دیگر نمی توانم از تلفن استفاده نکنم، در نتیجه بایدتفکر نوین را هم بپذیرم ولی بسیاری از چیزها هم هست که با روح من عجین است. از طبیعت من و از شرایط اکولوژی من سرچشمه گرفته است این را هم باید حفظ کنیم این نکات مثبتی که انرژی زا است این نکات مثبتی که ایهام بخش است و آن ها را پشتوانه ی روی کرد این جهان قلمداد کنیم، تا سردرگم نمانیم که هویت و فکر و تاریخ ما را حفظ کنیم و به تمام نیازهای مان پاسخ بدهیم و از تفکر ابزار مدرنیته استفاده کنیم و این به دست نمی آید مگر این که با روح انتقادی به هر چیزی نگاه کنیم. کورکورانه چیزی را ردکنیم، چیزی را قبول کنیم، فقط ما را یك بعدی و خودشیفته بار می آورد و به گمراهی می کشاند.

❑ وارد حوزه مطبوعات کردستان می شویم، آیا شناختی از این حوزه دارید، و از مرز بین  مطبوعات دولتی و غیرمستقل، آیا شناختی دارید یا نه؟

■ امیدوارم داشته باشیم. برای این که چندی از این مجلات را خوانده ام و دیده ام بالاخره هر نشریه ای فرق نمی کند ممکن است، دولتی باشد، ولی درست کار بکند من هر چیزی را که دولتی باشد، منفور نمی دانم. ممکن است، مستقل باشد؛ ولی به اهداف مردمی و دمکراتیك پای بند نباشد. خوب است شکل گرا نباشیم و همچنین عملکرد را ببینیم، تحلیل محتوایی بکنیم صفت ممتاز مطبوعات در ارائه ی اطلاعات دقیق است. جابه جایی اخبار صحیح است که در جهت تنویر افکار عمومی، هرکسی این را انجام بدهد من او را درست تر می دانم. البته هیچ مجله ای را پیدا نمی کنم، امروز مطلق مستقل باشد، مطلق وابسته باشد، من نسبت را می پذیرم و شرافت حرفه ای را، هرکدام این ها را بیشتر داشته باشند، به نظر من درخور اعتنا هستند.

❑ از ین که در این مصاحبه صبر به خرج دادید از شما متشکریم.

■ من هم برای شما آرزوی موفقیت می کنم.

نووسەر:

الف) خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسی گۆڤاری زرێبار
ب) مەستەری زمان و ئەدەبیاتی فارسی
ج) مامۆسای خانەنشین
د) ئەم بەرهەمانیە چاپ کراون یا ئامادەی چاپن:
١- سرود خزان، تحلیل انتقادی- سبک شناسی اشعار بیسارانی، فارسی، ١٣٨١ه.ش
٢- شەبەنگی زوانی کوردی هورامی لە گاساکان تا...، کوردی سۆرانی، میژوویی-زمانەوانی، سلیمانیە چاپخانە بابان، ٢٠٠٨ م
٣- تێڕوانینێکی نوێ بو هێرمنۆتیک و راڤەی ئەدەبی، وەرگێڕان لە فارسی بو کوردی سۆرانی، ناشر مؤسسه چاپ و نشر سلێمانی، ٢٠٠٩ م
٤- سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شێعری کوردیدا، راڤەکاری تێئۆریکی شێعری کوردی، ناشر احسان، ١٣٨٨ ه.ش
٥- تاریخ مطبوعات کردی و بازشناسی ساختاری آن‌ها (بیبلوگرافی نشریات کردی)-فارسی
٦- طرح؛ جریان شناسی شعر کوردی هورامی از آغاز تا کنون(فارسی)
٧- کولتووری هورامان
٨- دیمانە، لە گەڵ شاعیران، نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، ئەوین، ١٣٩٦
٩- چاپ وبڵاوکردنەوەی چەندین وتار بە کوردی سۆرانی، هورامی و فارسی لە گۆڤارەکانی ئەم دیو و ئەو دیو
١٠- بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆنگرە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بۆ ناردنی ڕەخنە و ڕوانگەتان:
ئیمێڵ: adel.mohammadpur@gmail.com
مۆبایل/تلگرام: ٠٠٩٨٩١٨٨٧٤٩٩٢٩